ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٣٩ ▌ پێنجشەممە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٩٧ _ ٦ی دیسامبری ٢٠١٨

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


**ڕێکخراوی نۆروێژیی «هاوپێوەندیی لەگەڵ کوردستان»:**



## مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات وای کرد سەرنجەکان زیاتر لەسەر خەباتی کورد لە ئێران کۆ ببێتەوە

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان:**

# شووڕای ئەمنییەت پێویستە بڕیاری جیدی لەسەر بەرنامە مووشەکییەکانی ئێران بدا



جارێکی دیکەش شووڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر پرسی قەیرانخوڵقێنییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کۆبۆوە. ئەمجارەیان بریتانیا و فەرانسە پرسی تاقیکردنەوە مووشەکییەکانی ئێرانیان بردە شووڕای ئەمنییەت و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بە توندی پشتیوانیی لەو داوایە کردووە.

ئەگەرچی تا ئێستا سەبارەت بە نێوئاخنی باس و بابەتەکانی ئەم دانیشتنە زانیارییەک ئاشکرا نەکراوە، بەڵام ڕۆژنامەی وال‌ستریت ژورناڵ نووسیویەتی کە نیکی هیلی لەم دانیشتنەدا باسی لە مەترسیداربوونی ئەم تاقیکارییە کردووە و گوتوویەتی: دوور لە چاوەڕوانی نەبوو کە ئێران کارێکی لەم شێوەیە بکا. ناوبراو گوتویەتی کۆمەڵگەی جیهانی نابێ لە ئاست پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامی بێدەنگ بێت و دەبێ ئەم پێشێلکارییانەی تاران یەکدەنگ و هاوهەڵوێست مەحکووم بکرێ و دژکردەوەی شیاوی بەرامبەر بگیرێتە بەر.

مایک پەمپێئۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکاش ڕایگەیاندووە ئێران زۆر بەئاشکرا بڕیارنامەکانی شووڕای ئەمنییەتی پێشێل کردووە. ئەو دەڵێ ئێران دوای ڕێککەوتنی ئەتومیش نەگەڕاوە بۆ نێو کۆمەڵگەی جیهانی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەموو ئەو سامان و پارەیەی دوای ڕێککەوتنەکە خرایەوە بەردەستی، هەمووی بەسەر ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان و هەروەها گرووپە تێرۆریستییەکاندا دابەش کرد.

هاتنەوە بەرباسی ئێران لە کۆبوونەوەی شووڕای ئەمنییەتدا دوای ئەوە هات کە کۆماری ئیسلامیی ئێران مووشەکێکی بالستیکی دوورهاوێژ بە توانای هەڵگرتنی کڵاوەی ئەتومیی تاقی کردەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە سێ مانگ لەوە پێش کرایە ئامانجی پەلاماری مووشەکیی کۆماری ئیسلامی، دەڵێ کە شووڕای ئەمنییەت دەبێ بەربەستی جیدی لەبەردەم دەستدرێژییە ئەتومییەکانی ئێران دابنێ.

سەروتار

## کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئەرکی هەنووکەییمان

**کەماڵ کەریمی**

چل ساڵ خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی و لە پێناو گەیشتن بە ئاوات و ئامانجە حاشالێکراوەکانی نەتەوەی زوڵملێکراوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تۆمارێکی مێژوویی پڕ شانازیی بۆ خەڵکی کوردستان و حیزبە شۆڕشگێڕەکانی ئەو بەشە لە کوردستان نەخشاندووە. لە ماوەی چوار دەیەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان لە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سیاسەتی سەرکوتکارانەی کۆماری ئیسلامیدا کە بۆ بە چۆکداهێنانی ئەم گەلە بەشخوراوە داڕێژرابوو، بە پشتیوانیی خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان لە سەنگەری بەرگری لە بەرامبەر پەلامارە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیمدا سەربەرزانە خۆڕاگرییان کرد و نەیانهێشت بیرە چەپەڵەکانی ئەم ڕێژیمە کۆنەپەرستە بەسەر کوردستاندا بسەپێندرێ. هەر بۆیە ئێستاش دەبینین لە هەر بوارێکدا چالاکانی کورد سەریان لەنێو سەراندا دیارە و پێشمەرگە سیمبولی خۆڕاگری و چالاکانی مەدەنی نوێنگەی تێکۆشان بۆ گشتگیرکردنی خەبات، بوونەتە دووانەی دیاری مەیدانی خەباتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

ئەگەرچی خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە پێویستیی بە یەکگرتوویی و هاوئاهەنگیی بەرنامە بۆداڕێژراوی حیزبەکان هەبووە، هەلومەرجی سیاسی و گۆڕانکارییەکان ئەوە دەخوازێ کە زیاتر بیر لە بابەتە بکرێتەوە و هەنگاوی جیدی بۆ ئەو مەبەستە هەڵێنرێتەوە. ئێستا خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ و لە گەیشتن بە دەسکەوتەکانی نزیک بووەتەوە. درێژە و ئاکامی ئەم دەورە لە خەباتی شێلگیرانەی خەڵک و حیزبە پێشڕەوەکانیان بووەتە هۆی دروستبوونی وەزعی نالەباری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، کە لە هەموو بوارێکدا تووشی شکان هاتووە و بە کەڵەکەبوونی قەیرانە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە سەری، و بێ هیوابوونیان لە دیتنەوەی ڕێگەچارەسەرێک بۆ خۆ دەربازکردن لە ژێر باری گرانی ئەو قەیرانانەدا لێ ...

ل٣

## بەشداریی یەکیەتیی لاوان لە کۆنگرەی دووهەمی لاوانی HDP لە باکووری کوردستان



## ئەمنێستی ئینترناشناڵ:
## ئێران لە درێژەپێدانی جینایەتی دژی مرۆڤایەتی بەردەوامە




**مافی مرۆڤ پێوەرێکی گرنگ لە جیهانی ئەمڕۆدا**
**(٢)**



**کۆماری ئیسلامیی ئێران و گەندەڵیی ڕێکخراو**
**(٣)**



**«یەکگرتوویی» لە هەموو بەستێنەکاندا**
**(٤)**



**ویستی ژنان و هێز و تواناییان لە مافخوازیدا**
**(٥)**



**کورد و ناسیۆنالیزم**
**وتووێژ لەگەڵ د. کامڕان ئەمین ئاوە**
**(٨-٩)**



**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان:**

## پێویستە شووڕای ئەمنییەت بەربەستی جیدی دابنێ بۆ تاقیکارییە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی



کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ «کوردستان» پێی لەسەر ئەوە داگرت کە کۆمەڵگەی جیهانی و شووڕای ئەمنییەت دەبێ بەربەستی جیدی بۆ سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی دابنێن. بەڕێزیان هەروەها گوتی کە فشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران و سزا ئابوورییەکانی سەر ئەم ڕێژیمە بۆ خەڵکی ئێران دەتوانێ هەڕەشە و لە هەمان کاتیشدا دەرفەت بێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بە ئاماژە بە خستنەبەرباسی تاقیکاریی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی لە کۆبوونەوەی شووڕای ئەمنییەتدا پێشوازیی لەو هەوڵەی ئەمریکا، فەرانسە و بریتانیا دەکا و دەڵێ مەسەلە هەر پێشێلکردنی بڕیارنامەی ٢٢٣١ی شووڕای ئەمنییەت نییە لەلایەن ئێرانەوە، بەڵکوو مەسەلەی ئەمنییەت و سەقامگیرییە لە هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و تەنانەت جیهانیش کە لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەڕەشەی لێدەکرێ و مەترسیی لەسەرە.

کاک مستەفا مەلوودی هەر لەو پێوەندییەدا ئەمەی بیرهێناوەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران کەمتر لە سێ مانگ پێش ئێستا هێرشی مووشەکیی کردە سەر «قەڵای دێموکرات»، بنکەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لەو پەلامارەدا ١٦ کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات شەهید بوون و پتر لە ٤٠ کەسیش بریندار بوون. بۆیە بۆ بەرگرتن بە هەڕەشە و مەترسییەکانی کۆماری ئیسلامی و دەستێوەردانەکانی ئەم ڕێژیمە قەیرانخوڵقێنە، کۆمەڵگەی جیهانی و بەڕوونی شووڕای ئەمنیەت دەبێ سنوورێک بۆ سنووربەزاندن و دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی دابنێن.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەڵێ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڕەشەی هیچ وڵاتێکی لەسەر نییە هەتا بیەوێ چەکی کۆمەڵکوژی لە چەشنی مووشەکی بالستیکی هەڵگری کڵاوەی ئەتومیی لەبەردەستدا بێ، بەڵکوو ئەوە خودی ڕێژیمە کە بە سیاسەت و ڕەفتارەکانی هەڕەشە و مەترسیی بۆ سەر زۆربەی وڵاتانی دراوسێی دوور و نیزیکی خۆی درووست کردووە. وە ئەگەر لە ئێستاشدا ئەمریکا فشار و سزای ئابووریی خستووەتە سەر ئێران، وەک بۆ خۆیان دەڵێن مەبەستیان گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم و هێنانەوەی بۆ سەر مێزی دانوستانە؛ هەر بۆیە بەرنامە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی دەبێ زیاتر لەوەندەی تا ئێستا کراوە گرینگیی پێبدرێ و بەربەستی جیدی لەبەردەم سەرەڕۆییەکانی ڕێژیمدا دابندرێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ گەڕی نوێی سزاکانی ئەمریکا دژی ئێران و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕەفتاری ڕێژیم دەڵێ لەگەڵ ئەوەی هێشتا ماوەیەکی زۆر بەسەر سەپاندنەوەی سزا ئابوورییەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران تێ نەپەڕیوە و چەند وڵاتێکیش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران لە سزادان مەعاف کراون _کە ئەوە دەتوانێ دەرەتانێک بۆ ڕێژیم دروست بکا_ بەڵام هەر لەو ماوە کەمەشدا کاریگەریی سزاکان لەسەر ئێران دەرکەوتووە.

کاک مستەفا مەلوودی دەڵێ کاربەدەستانی ڕێژیمیش حاشا لەشوێنەواری بەرهەست و پڕدیاری گەمارۆکان ناکەن؛ بەجۆرێک کە نۆبەخت، جێگری سەرکۆمار و بەرپرسی ڕێکخراوی بودجە و پلاندانانی کۆماری ئیسلامی دەڵێ لەو کاتەوە کە سزاکان خراونەتەوە سەر ئێران یەک لە سێی داهاتی نەوتی ئەم وڵاتە کەمی کردووە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەدا گوتی: لەبەر ئەوەی ئابووریی ئێران بەستراوە بە داهاتی نەوتە، بۆیە شێلگێریی ئەمریکا لەسەر سزا ئابووری و بانکییەکانی ئێران کاریگەریی زۆری لە تێکتەپینی زیاتری ئابووریی ئەم وڵاتە دەبێ و بەم هۆیەوە بێگومان خەڵکیش دەکەونە تەنگانەوە، بەڵام تاوانباری ئەم بارودۆخە تەنیا نیزامی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە لە سۆنگەی سیاسەت و ڕەفتارە ئیدۆلۆژیک و پڕ زیانەکانی، ئەمنیەتی ناوچە و جیهانی خستووەتە مەترسییەوە. بەڕێزیان لە درێژەدا دەڵێ دۆخی ئابووریی خراپی ئێستا و بەردەوامیی ئەم ڕەوتە وا دەکا نارەزایەتییەکانی خەڵک پەرە بستێنن و فشارێکی زیاتر بەرەورووی ڕێژیم بکرێتەوە و ئەوەش دەتوانێ دەرفەت بۆ زۆر گۆڕانکاری بخولقێنێ.

# مافی مرۆڤ

## پێوەرێکی گرنگ لە جیهانی ئەمڕۆدا

**( بەبۆنەی ٧٠ ساڵەی پەسندکردنی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤەوە)**



قادر وریا




**بەرایی:**

چەمکی «مافەکانی مرۆڤ» کە لە زمانی کوردیدا بۆ هاسانیی دەربڕین زیاتر بە «مافی مرۆڤ» ناو دەبرێ، لە ژیانی مرۆڤی ڕۆژگاری ئەمڕۆ و لە شارستانییەت و کولتوور و لایەنە جۆراوجۆرەکانی دیکەی کۆمەڵگە و وڵاتانی دنیای ئێستادا، بووە بە خاوەنی جێگە و پێگەیەکی گرنگ.

دیارە کە باس لەو چەمکە دەکرێ مەبەست ئەو بەشە لە مافە تاکەکەسی و بەکۆمەڵەکانییەتی کە لە چوارچێوەی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ یا لە بەر ڕووناکایی ئەو بەیاننامەیە لە توێی پەیماننامە و ڕێککەوتننامە جیهانییەکاندا پەسند کراون و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دانیان پێدا نراوە. ئەم چەمکە هەم لە ڕووی تیۆر و لایەنی فیکری و نەزەرییەوە، هەم لە مەیدانی پڕاکتیک و پەیڕەوکردنی لە ژیانی ڕۆژانەدا، لک و پۆی زۆری لێ بووەتەوە و بووە بە خاوەنی ڕەهەندی جۆراوجۆر. مێژووەکەی، سەرچاوە شارستانی و فەلسەفییەکانی، دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی داڕێژەر و پەسندکەر و پارێزەریان، جێگە و پێگەی ئەو مافانە لە یاسای وڵاتان و ڕوانین و هەڵسوکەوتی سیستەمە سیاسییە جیاوازەکان و کولتوور و ئایینە جۆراوجۆرەکان، بەرامبەریان، هێزێک و گوشارێک کە پەرەپێدەران و داکۆکیکارانی ئەم مافانە، پێکیان هێناوە و هتد، هەر یەکێکیان دەتوانن هەوێنی دەیان باس و توێژینەوە و لەسەر نووسینی دوور و درێژ بن.

> حەق وایە ئێمەش وەک نەتەوە و وەک هێزی سیاسی ستاتووسی خۆمان لە پێگەی هەمیشەیی داواکاری مافی مرۆڤ، بگوازینەوە بۆ «هەم داواکار، هەم پارێزەر» ی مافەکانی مرۆڤ و هەر وا کە دژی پێشێلکردنی مافی خەڵکەکەمان لەلایەن ڕێژیمە دژ بە کوردەکانین، لە بنەماڵە و لەنێو کۆمەڵدا، ماف و ئازادییەکانی تاک و پێکهاتە جیاوازەکان بەرەسمی بناسین و بیانپارێزین

**کورد و مافی مرۆڤ:**

بۆ ئێمەی کورد چ وەک نەتەوە و چ لە ئاستی تاکەکەسیدا، بە تایبەتی بۆ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و هەروەها بۆ هەموو ئەو کەسانەش کە کاری سیاسی، میدیایی و چالاکیی مەدەنی بە ئامانجی خزمەتی نەتەوە و کۆمەڵی کوردستان دەکەن، تێگەیشتن لە گرنگیی ڕۆڵ و جێگەی مافی مرۆڤ لە پێوەندیی نێودەوڵەتی و پێوەندیی مرۆڤەکانی دنیای ئەمڕۆدا، زۆر پێویستە. دەتوانم بڵێم سەرەڕای هەموو دژایەتی و بەرهەڵستبوونەوەیەک کە بەرامبەر پێشڕەوی و جێگیربوون و کارپێکردنی ئەو مافانە لە دنیادا هەیە، هەتا دێ پتر دەبنە پێوەرێکی جیهانداگر بۆ دیاریکردن و داڕشتنەوەی: سنووری نێوان تاکەکان لەگەڵ یەکتر؛ پێوەندیی تاکەکان لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتی خۆیان و؛ پێوەندیی نێوان دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتان لە گەڵ دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا.

نیزیکبوونەوە لە ١٠ی دیسەمبری ٢٠١٨، حەفتایەمین ساڵڕۆژی پەسندکرانی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ (١٩٤٨) کە دیارە ئەم ڕۆژە وەک «ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ»یش ناودێر کراوە، بە دەرفەت دەزانم بۆ ئەوەی لە سەر هۆ و ئامانجەکانی ئێمەی کورد لە گرنگیدان بە مافەکانی مرۆڤ هەڵوێستەیەک بکەم:

**یەکەم، بۆ ئەوەی مافە ئینسانییەکانی خۆمان بناسین و داوایان بکەین**

ئێمەی کورد ئەگەر کێشەی داگیرکراوی و دابەشکراویی نیشتمان و بندەستی نەتەوەییشمان نەبا و خاوەنی کوردستانێکی سەربەخۆی یەکگرتوو و کیانێکی کوردیی تایبەت بە خۆشمان باین، دیسان وەک تاکێکی هاوشانی مرۆڤەکانی کۆمەڵ و وڵاتانی دیکە، ئەرکمان بوو بزانین وەک مرۆڤێک، چ کۆمەڵە ئازادی و مافێکی لە ئاستی دنیادا دانپێدانراومان هەیە تا هەم خۆمان وەک تاک داواکاری بین، هەم کیان و دەسەڵاتەکەی خۆمان لە دانپێدانان و دابینکردنیان، ئەرکدار و بەرپرسیار بێت. بە داخەوە لە درێژایی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا، وێڕای مانەوەی واقیعی داگیرکراوی و دابەشکراویی کوردستان و بەردەوامیی بندەستی نەتەوەیی و لێکەوتەکانی دژ بە کەرامەتی مرۆڤ، وەک زۆربەی تاکەکانی پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بە سەر خاکی خۆیاندا لکاندوە، لە بەشی هەرە زۆری ماف و ئازادییە بە فەرمی ناسراوەکانی مرۆڤ، بێبەشین.

بەرەو ژوورچوونی زانیاری و قووڵبوونەوەی ناسیاویمان لە پێوەندی لە گەڵ مافەکانی خۆماندا، هاندەرمان دەبێ بۆ داواکردنیان و بەرگری لێ کردنیان ئەو کاتەی پێشێل دەکرێن. ڕاستە ئەو سیستەم و دەسەڵاتە سیاسییانەی لە ناوچەی ئێمە لە سەر کارن _ لێرەدا زیاتر مەبەستم چوار وڵاتی ئێران، عێراق، تورکیە و سووریەیە_ سیستەمێکی دێموکراتیک و خووگرتوو بە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ نین، تا بە پێودانگی «مافەکانی مرۆڤ» ڕەفتار بکەن، بەڵام ئەوەش هەر ڕاستە کە شەڕ لە گەڵ سیستەمە دیکتاتۆر و دژە ئینسانییەکان لە شەڕگەی مافی مرۆڤدا، بۆ داواکارانی ئەو مافانە، ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی نێودەوڵەتی، بەدەستهێنانی «ڕەوایی» و جۆرێک سەرکەوتن و، بۆ پێشێلکەرانیشیان، هەمیشە بەدناوی و ڕسوایی و زۆر جاریش تێچووی سیاسی بە دواوە هەیە.

ئەزموون پێمان دەڵێ، هەوڵدان بۆ ویست و داخوازە جۆراوجۆرەکانی تاک و کۆمەڵ، کاتێک شوناس و ڕوخسارێکی مرۆڤپارێزانە وەردەگرن و بەپێی سروشتەکەی خۆیان دەچنە قالبێکی مەدەنییەوە، بە حوکمی ڕەوایی جیهانیی ئەو مافانە و پشتیوانیی ویژدانی گشتی لە خودی مافەکان و داکۆکیکەرانیان، هەم خەڵک بەبەراورد لە گەڵ شێوە و جۆرەکانی دیکەی خەبات و داوای سیاسی باشتر پێشوازییان لێ دەکەن، هەم بەرەورووبوونەوەی دەسەڵاتدارانیش لە گەڵی، دژوارتر دەبێ.

**دووهەم، بۆ ئەوەی لە بنەماڵە و کۆمەڵی خۆماندا، ڕێزیان لێ بگرین و ڕەچاویان بکەین**

بە درێژایی ٧٠ ساڵی ڕابردوو، نەتەوەی کورد و هێزە سیاسییەکانی، لە خانەی بێبەشی لە مافی دیاریکردنی چارەنووس و لە ڕیزی قوربانییەکانی داگیرکاری و بندەستیی نەتەوەیی و کردەوە و ڕەفتاری دڕندانە و سەرکوتکەرانەدا بوون. لە ڕاستیدا حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و ڕووناکبیر و تێکۆشەری کورد بە تایبەتی و نەتەوەکە بە گشتی، بەردەوام بۆخۆیان لە پێگەی داواکاری مافی مرۆڤدا بوون. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی دۆخێک کە ئەو نەتەوەیە و تێکۆشەرانی تێیدابوون، شتێکی ئاساییە. لە زۆربەی ئەو ماوە دوور و درێژەدا، بە داخەوە کەم وا هەبووە هەلێکی وا بۆ کورد بڕەخسێ کە لە بەشێکی نیشتمانەکەی بەسەر چارەنووسی خۆیدا زاڵ بێ و بۆ خۆی، خۆی بەڕێوە بەرێ. ئەگەر ئەم جۆرە هەلانەش هەڵ کەوتوون، تاکی کورد لە لایەک بە هۆی مێژووی پڕ لە قوربانیدانی هێزە سیاسییەکانی و، لە لایەکی دیکەوە بە هۆی ئەو هەمووە بیرەوەرییە ناخۆشەی لە دەسەڵاتدارێتیی ڕێژیمە داگیرکەر و زۆردارەکان هەیبووە، بە دڵفرەوانی لە کردەوە و هەڵسوکەوتی «ناتەبا لەگەڵ ڕێوشوێنەکانی مافی مرۆڤ»ی هێزە سیاسییەکانی خۆی ڕوانیوە و چاوپۆشیی لێکردوون. دیارە دەکرێ هۆکاری دیکەش بۆ ئەم چاوپۆشی و بێدەنگییە هەبێ.

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی هێزە سیاسییەکانی کورد لانیکەم لە بەرنامە و ئەدەبیاتی خۆیاندا، لەمێژ ساڵە داواکار و لایەنگری مافی مرۆڤن و، بە زۆریش هەم لە داوا سیاسییەکانیاندا هەقانییەت هەبووە و ڕەواییەکی شۆڕشگێڕانەی سەرچاوەگرتوو لە مێژووی پڕقوربانیدانی خۆیشیان لە گەڵدا بووە، بەڵام بەرزنەبوونەی دەنگی نارەزایەتیی کۆمەڵگە بەرامبەر کردەوەکانیان، هەمووی بۆ پەرێزخاوێنیی ئەو هێزانە لە بواری مافی مرۆڤدا ناگەڕێتەوە. بوونی ئەو هێزانە لە بەرەی ئازادیخوازی و بەرهەڵستکاری دیکتاتۆریدا، هەروەها جێکەوتوونەبوونی «مافی مرۆڤ» لە فکر و ڕوانینی تاکی کورد لە دەیەکانی پێشوودا، یارمەتیی بە شاراوە مانەوە و دەنگنەدانەوەی کەمترخەمی و پێشێلکاریی هێزە سیاسییە کوردەکان لە بواری مافی مرۆڤدا کردووە. بەڵام لە سەردەمی ئێستادا، هەم کۆمەڵگەی جیهانی و چاو و گوێ هەستیارەکانی دنیا ئامادە نین وەک جاران سەبارەت بە بەدناویی هێندێک لە ڕێژیمەکان، چاوپۆشی لە پێشێلکاریی هێزی سیاسی و دەسەڵاتی کوردی لە بواری ماف و ئازادییەکانی خەڵکدا بکەن، هەم وشیاری و هەستیاریی خەڵکی و تاکەکانیش لە ئاست ماف و ئازادییەکانی خۆیان بەرەوژوور چووە. ئەنجامی ئەو کەم بایەخدان و پێشێلکارییانە لە لایەک دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە و دابڕانی بەرەبەرەی خەڵک لەو هێز یا هێزانەی کە هەتا ئێستا بە چاوی ڕزگاریدەری خۆیان لێیان ڕوانیون، هەم کاریگەریی نەرێنیی، لە سەر ڕوانینی بیروڕای گشتیی دنیای ئازاد و پێشکەوتوو و دۆستانی پرسی کورد بەرامبەر هێزە سیاسییە کوردەکان دەبێ. ئەو ڕێژیمە دژ بە کوردانەش کە کارنامەیەکی ڕەشیان لە پێخوستکردنی نەک هەر مافە بنەڕەتییەکان بەڵکوو سەرەتاییترین مافەکانیشدا هەیە، بیانوویان بۆ پاساودانی تاوانەکانی خۆیان و هێنانە ژێرپرسیاری پرسی ڕەوای ئەو نەتەوەیە لە سۆنگەی هەڵەی ئەم بوارەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان، دەکەوێتە دەست.

> لە ئێستادا سەرەڕای هەموو دژایەتی و بەرهەڵستبوونەوەیەک کە بەرامبەر پێشڕەوی و جێگیربوون و کارپێکردنی مافەکانی مرۆڤ لە دنیادا هەیە، هەتا دێ ئەوان پتر دەبنە پێوەرێکی جیهانداگر بۆ دیاریکردن و داڕشتنەوەی سنووری نێوان تاکەکان لەگەڵ یەکتر؛ پێوەندیی تاکەکان لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتی خۆیان و؛ پێوەندیی نێوان دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتان لە گەڵ دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا

**پوختەی مەبەست**

لە٧٠ ساڵەی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا، حەق وایە وەک نەتەوە، وەک هێزی سیاسی و دەسەڵاتی کوردی و وەک تاکێکی کورد، ستاتووسی خۆمان لە پێگەی هەمیشەیی داواکاری مافی مرۆڤ، بگوازینەوە بۆ «هەم داواکار، هەم پارێزەر»ی مافەکانی مرۆڤ. خۆمان ئەرکدار بکەین هەر وا کە دژی زەوتکردن و پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکەکەمان و تاکەکانی کۆمەڵ لەلایەن داگیرکەران و ڕێژیمە دژ بە کوردەکان و تاقمە ڕەش و دژە ئینسانییەکانی وەک داعشین و بە دژیان دەوەستینەوە، لە بنەماڵە و لەنێو کۆمەڵدا، ماف و ئازادییەکانی تاک و پێکهاتە جیاوازەکان بەڕەسمی بناسین و بیانپارێزین، لە نێو حیزب و ڕێکخراو و لە ناوچەی ژێردەسەڵاتماندا، دابینکەر و پەرەپێدەری ئەو مافانە بین و، نامۆیی و جیاوازیی خۆمان لە گەڵ ڕێژیمە داگیرکەر و شۆڤێنییەکان و دەسەڵاتە دیکتاتۆر و دژە ئینسانییەکان، بە جێگیرکردنی ئەو بایەخ و پێوەر و ڕوخسارە مرۆییانە نیشان بدەین کە دنیای ئێمە لە هی ئەوان جیا دەکاتەوە.

# کۆماری ئیسلامیی ئێران و گەندەڵیی ڕێکخراو



عومەر باڵەکی



گەندەڵی (فساد) بە لادانی مەعنەوی یا ئەخلاقی لە پرەنسیپە باوەکانی کۆمەڵگە دەگوترێ. گەندەڵی بە کرداری جۆراوجۆری وەک بەرتیلدان و بەرتیلوەرگرتن، دەستبردن بۆ ئەموال و سامانی دەوڵەتی و گشتی بە قازانجی تاکەکەسی، دەگوترێ بە واتایەکی دیکە گەندەڵی جۆرێک لە سەرپێچی و تاوانکارییە، کە بە هۆی کەسێک کە بەرپرسایەتی و هێزی هەیە بۆ وەدەستهێنانی قازانجی تاکەکەسیی خۆی لە ئەموالی گشتی، دەیکا؛ بەو مانایە کەلکوەرگرتنی ئیزن پێنەدراو لە وزە و سامانی گشتیی کۆمەڵگە بۆ قازانجی تایبەت و تاکەکەسی.

کاتێک گەندەڵی لە وڵاتێکدا دەبێتە فەرهەنگ و دەسوێ، ئیدی هیچ کەس وا بیر ناکاتەوە کە کارەکەی هەڵەیە و تەنانەت گەلێک جاران تاوانە، چونکە لە لایەک دەبینێ کە هەموو کەس بەو شێوەیە ڕەفتار دەکا و لە لایەکی دیکەوە ئەگەر ئەویش وا ڕەفتار نەکا کاری بۆ ناچێتە پێش و لە کاروان بەجێ دەمێنێ و، ئەو فەرهەنگە ساختار و بنچینەی کۆمەڵگەی تێک دەڕووخێنێ.

کاتێک دیاردەی گەندەڵی لە وڵاتێکدا بوو بە فەرهەنگ و تان و پۆی خۆی لە تەواوی لایەنەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بڵاو کردەوە ئەو وڵاتە هەرچەند لە بواری سامانی مادییەوە دەوڵەمەند بێ، خەڵکەکەی هەر هەژار و بێدەرەتانە. ئێرانی ژێر دەستی کۆماری ئیسلامی بەپێی هەموو پێوانەکانی جیهانی یەکێک لەو وڵاتانەیە کە گەندەڵی تێیدا بووەتە فەرهەنگ.

لە ڕوانگەی ڕێکخراوی شەفافییەتی نێونەتەوەییەوە، کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕادەی گەندەڵترین وڵاتانی جیهان دایە. ئەو ڕێکخراوەیە هەموو ساڵێ دوای لێکۆڵینەوە بە شێوەی خۆی لە بەڕێوەچوونی گەندەڵی لە نێو وڵاتەکاندا ڕاپۆرتێک دەداتە دەرێ و زۆربەی کات لەو ڕاپۆرتانەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران پلەی نیزیک بە کۆتایی جەدوەلەکەی لە نێو وڵاتاندا پێ دەبڕێ، بەو مانایە هەروەکی گوترا ئێران لە ڕیزی پێشەوەی وڵاتانی گەندەڵکارە لە جیهاندا.

لەنێوان ساڵەکانی ١٣٥٦ و ١٣٥٧ی هەتاوی خەڵکی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی ڕژانە سەر شەقام و بەپێی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی نووسەران و توێژەران یەکێک لە هۆکارە هەرە گرینگەکان کە خەڵکی هێنابووە سەر شەقام، دەربڕینی نارەزایەتی لە گەندەڵی بوو کە لە دامودەزگای سیستمی پاشایەتیدا ڕەگی داکوتابوو و خەڵکی ئێران بە هومێدی ژیانێکی باشتر و بنەبڕکردنی گەندەڵی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی بەڕێوەبەری وڵاتدا بە کردەوە هاتنە مەیدان. خەڵک دوای ڕووخاندنی سیستمی پاشایەتی چاویان بڕیبووە سیستمی نوێی دەسەڵاتداری کە خۆی بە ناوی کۆماری ئیسلامی پێناسە دەکرد و، شوعارەکانی لە بازنەی دادپەروەریی ئیسلامیدا دەخولانەوە. بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی خەڵک لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا، نەک گەندەڵی بنەبڕ نەکرا، بەڵکوو نیزامی ئیداریی گەندەڵتر بوو و، ئەخلاق و بایەخەکانی کۆمەڵگە بە پانەوە زیانی پێ گەیشت و بوو بە هۆکاری سەرەکی کە هەژاری و نادادپەروەری لە کۆمەڵگەدا پەرە بستێنێ. لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا ئەو گەندەڵییە سیستماتیکە؛ درۆ و بوختان و ملهوڕیی ئیداریی کردۆتە فەرهەنگ و، زیانی قەرەبوو ەکراوی بە بەرژەوەندیی گشتی گەیاندووە. بە واتایەکی دیکە لە سیستمی گەندەڵی کۆماری ئیسلامیدا بەرژەوەندی خەڵک بەپێی چوونەسەرێی تەمەنی ئەو ڕێژیمە زیاتر و زیاتر بۆتە قوربانیی چاوچنۆکی تاقمی دەسەڵاتدار.

گەندەڵیی هەزار میلیاردی لە ڕێکخراوی خانەنشینکراوان، ڕانتخۆریی ٦٥٠ میلیۆن یۆرۆیی کۆمپانیای «سپید استوار» لە بانکی ناوەندی، وەرگرتنی بەرتیلی ٣٠ تا ٩٠ میلیۆن تمەنیی ١٧٠ نوێنەری خولی هەشتەمی مەجلیس لە محەممەدڕەزا ڕەحیمی، جێگری مەحموود ئەحمەدینژاد؛ گەندەڵیی ٨ هەزار میلیارد تمەنی لە سندووقی پاشەکەوتی فەرهەنگییان، گەندەڵیی ٩٤ هەزار میلیارد تمەنیی «پدیدە شاندیز»، گەندەڵیی ٣ هەزار میلیارد تمەنیی بانکی سادرات و ونبوونی ١٧ پەروەندەی پێوەندیدار بە گەندەڵی و لادان لە دەوڵەتی ئەحمەدینژاد تەنیا دڵۆپێکن لە دەریای گەندەڵییە سیستماتیکەکان لە کۆماری ئیسلامیدا.

خۆش ئەوەیە دەزگای قەزاییش کە دەبێ لە گەندەڵییەکان بپرسێتەوە خۆی چ وەک دەزگایەکی سەرەکیی بەڕیوەبەری وڵات و چ وەک بەرپرسانی سەرووی، بەشێکی لێکدانەبڕاو لە گەندەڵیی سیستماتیکی نێو نیزامن.

یان بۆ نموونە هیچ ناوەندێکی دەسەڵاتدار ئیزنی ئەوەی نییە کە لەسەر داهات و سامانی ڕێبەری حکوومەت و کەسانی سەر بە بەیتی جەنابیان بپرسێتەوە و بزانێ چەندە سروەت و سامانیان هەیە و لە کوێ هاتووە؟

زۆرینەی بیرمەندانی ئەو بوارە لە سەر ئەو باوەڕەن کە گەندەڵی، کردارێکی سیاسییە و بۆ بنەبڕکردنی، پێویستی بە ئیرادەیەکی سیاسی هەیە. هەربۆیە لە ئێراندا گەندەڵی بەو شێوە بەربەرینە پەرەی ئەستاندووە چونکە ئیرادەی سیاسی نییە و دەسەڵات خۆی لە پەرەپێدانی گەندەڵی لەنێو دامودەزگای ئیداریدا، ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە و هەیە. لە سەردەمی ئێستادا گەندەڵیی ئیداری تەنیا لە (ژێرمێزی و سەرمێزی) دا کورت نابێتەوە بەڵکوو گەندەڵی وا لە تان و پۆی هێندێک لە دامودەزگای ئیداری کۆماری ئیسلامی هاڵاوە کە بۆتە بەشێک لە شوناس و پێناسەی ئەو ئیدارەیە. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە هیچ پێویست ناکا بە دوای ئامار و داتادا بگەڕێین، بەڵکوو بە چاو لێکردنێک و یا بە گوێگرتنێک لە لێدوانەکان و نووسینەکانی بەرپرسانی پلە باڵای ئەو سیستمە، بەئاسانی ڕاستی و درووستی ئەو بابەتەمان بۆ دەردەکەوێ. بۆ نموونە «ئەحمەد تەوەکولی»، نوێنەری پێشووی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و یەک لە کاندیداکانی ڕکەبەری ئەحمەدینژاد و ڕووحانی بۆ سەرۆککۆماری، لە لێداونێکدا دەڵێ: «حکوومەتی کۆماری ئیسلامی گەیشتۆتە قۆناغی گەندەڵیی سیستماتیک». هەروەها لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ساڵی ١٣٩٦ هەر چوار بەربژێرەکە، کەوا سەڵاحییەتیان لە لایەن شووڕای نیگەهبانەوە پەسند کرابوو (حەسەن ڕوحانی، ئیسحاق جەهانگیری، محەممەد قالیباف و ئیبراهیم رەئیسی)، بەڕوونی یەکتریان بە گەندەڵکاری تاوانبار دەکرد و، ئەو ڕەوتە هەر درێژەی هەبووە چونکە لە پێشووشدا دوای هەڵبژاردنی هەر دەورەیەکی سەرکۆماری نەک گەندەڵی کەم نەبۆتەوە، بەڵکوو ڕێژەکەی چۆتە سەرێ و دوای تەواوبوونی هەر دەورەیەکی سەرکۆماری کۆمەڵێک لە کەسە نیزیکەکانی سەرکۆمار بە تاوانی گەندەڵکاری خراونەتە زیندان، کە دیارە ئەمە بەمانای هەوڵ و خەباتی سیستم بەدژی گەندڵی نییە و زیاتر لە پاکانە حسێبی جیناحیدا ئەو کەسانە وەک مۆرەی سووتاو دەکرێنە قوربانی. کە ئەحمەد تەوەکولی دەڵێ گەندەڵی لە ئێران سیستماتیکە، ئەوە بەم مانایەیە کە لە دوای هاتنە سەر کاری سیستمی کۆماری ئیسلامی گەندەڵی لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە، لە نێو دامودەزگای حکوومەتداریدا بەڕێکخراو کراوە و بە هیچ جۆر ناتوانرێ گەندەڵی لە نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی جیا بکرێتەوە، چونکە بە ڕۆژانە لە ڕاییکردنی کارەکاندا دەبیندرێ کە بۆ ڕاپەڕاندنی کارێک، کەسی بەرپرس یا بە تەماحی ماڵی دنیا و یا بە تەماحی چوونە سەری پلەوپایە ڕێگەی گەندەڵکاری دەگرێتە پێش و لەو نێوەدا کەم وا هەیە حەق بە حەقدار بگا و، زیاتر مەیدان بۆ کەسانی هەلپەرست و قازانج ویست دەڕەخسێ. لەم نێوەدا خەڵکی کەم داهات و بێدەسەڵات هەم لە بواری مەعنەوی و هەم لە بواری مادییەوە تێکشکاوتر و هەژارتر دەبن و یا ناچار دەبن؛ بۆ ڕاییکردنی کارەکانیان مل ڕاکێشن بۆ زۆر کار کە لە ئاستی کەسایەتیی مرۆڤەکاندا نەبێ کە ئەوەش دەبێتە هۆی پەرەپێدانی گەندەڵی زیاتر و تەسلیم بوونی کۆمەڵگە لە بەرامبەر ویست و داواکانی دەسەڵاتداران.

هەروەکی گوترا لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا گەندەڵی بە چەشنێک بۆتە فەرهەنگ کە لە هەموو بوارەکانی وەک: گەندەڵیی سیاسی، گەندەڵی لە ساختاری دینی، گەندەڵی و قەیرانی جینسی، گەندەڵی لە ساختاری پیشەسازیی نەوت، گەندەڵی لە شووڕای شار و گوندەکان، گەندەڵی لە شارەوانییەکان و... هتد دەبیندرێ، کە هەموو ئەو بابەتانە و دەیانی دیکەی لەو چەشنە وەک ئاڵقەی زنجیر پێکەوە بەستراوەن و، ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییان گەیاندۆتە ڕیزی پێشەوەی وڵاتانی گەندەڵکار لە دنیادا.

بڵاوبوونەوە و پەرەئەستاندنی گەندەڵی ڕێکخراوەیی لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا وای کردووە کە سیاسەتەکانی دەوڵەت لە دژایەتی دابن لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتیی گەلانی ئێران، بە جۆرێک کە زۆر جاران دەوڵەت عاجزە لە بەرەو پێشبردنی گەلاڵەیەک ئەگەر بەڕواڵەتیش بووبێ کارێک بێ بۆ کەم کردنەوەی گەندەڵی لە دامودەزگای ئیداریی دەوڵەتدا. بۆیە لە ئاکامدا دەبینین کە خەڵک باوەڕی بە دامودەزگای دەوڵەتی لە دەست داوە و، دڵسۆزی و سووربوون لە سەر بەڕێوەبردنی ئەرک و فەرمان جێگەی خۆی داوە بە بێتەفاوەتی و تەمبەڵی و گەندەڵکاری، چونکە لە کۆماری ئیسلامیدا شتێک بە ناوی قانوون و قانوون پارێزی بۆ دەسەڵاتداران و بەڕێوەبەرانی نیزامدا مانای نییە. یەکێک لە لایەنەکانی حاکمییەتی قانوون ئەوەیە کە تاک و دامودەزگای دەسەڵاتدار لە بەرامبەر قانووندا یەکسان و وڵامدەر بن.

لە وڵاتانی دێموکراتیکدا دوو ناوەندی ئەسڵی لە وڵاتدا حاکمییەتی قانوون دەستەبەر دەکەن و دەتوانن دامودەزگای دیکەی دەوڵەت بکێشنە نێو بازنەی لێپرسینەوە. یەکیان دەزگای قانووندانانی ئەو وڵاتە واتا پارلمانە و ئەوی دیکەیان دەزگای دادوەریی ئەم وڵاتەیە. بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، هەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنییەوە هەتا ئێستا، ئەگەر چاو لە پێرستی گەندەڵکاران بکەین دەبینین زیاتر لە پەنجا لە سەدی گەندەڵکاران یا ئەندامی مەجلیس بوون و یان کاربەدەست بوون و سەریان بە دامودەزگای دادوەرییەوە بەند بووە. هەر بۆیە ڕێکخراوی گەلاڵەی جیهانی بۆ دادپەروەری لە ڕاپۆرتی خۆیدا ئێرانی لە نێوان ١١٨ وڵاتی جیهان لە پلەی ٨٠دا داناوە.

بۆیە باسی گەندەڵی ئیداری_ئابووری لە کۆماری ئیسلامی تەنیا بۆ پرۆپاگەندەی لایەنەکانی بەشداری دەسەڵاتە قەت خەڵکی ئێران لەو باوەڕەدا نین و نابن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بتوانێ و بیەوێ ئەو دیاردەیە چارەسەر بکا بە تایبەت ئەوەیکە مافیایەکی گەورەی ئابووری و رانت خۆری لە ناو دەسەڵات پێک هاتووە کە مانەوەی خۆی گرێ داوە بە دیاردەی گەندەڵی کە هەڵبەت لە سەرووی هەموویانەوە بەیتی ڕێبەری و خودی خامنەیی ڕێبەرایەتی ئەو مافیایە دەکا.

لە کۆتاییدا وڵاتێک کە هێز و دەسەڵات لە تاکە کەسێکدا خولاسە ببێتەوە و ئەو کەسە لە سەرەوەی قانوون بێ، زۆر سروشتییە ئەو وڵاتە بە جێگەی سەروەری قانوون، گەندەڵی تێیدا دەبێتە فەرهەنگ و دەسەڵاتداران دەوڵەمەندتر دەبن و بێدەسەڵاتان و بێدەرەتانەکانیش هەژارتر.

دریژەی سەروتار:

## کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئەرکی هەنووکەییمان

وەدەرکەوتوە. ڕێژیمێک کە لە چل ساڵی ڕابردوودا نە تەنیا هیچ هەنگاوێکی بۆ وڵامدانەوە بە ویست و داخوازە ڕەواکانی کورد نەداوەتەوە بەڵکوو بەردەوام لە هەوڵی کوشتن و تیرۆر و سەرکوتدا بوە، ئیستا لە دەورانێکدا تەمەنی پڕ لە شوورەیی خۆی درێژە پێدەدا کە نەک هەر فشارێکی نێودەوڵەتیی زۆر گەورەی لەسەرە بەڵکوو لە نێوخۆی وڵاتیش بە هۆی سیاسەتی دژی گەلییانە و گوێنەدان بە داواکارییەکانی خەڵک و خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتییەکانیان بەرامبەر بە ژیانی خەڵکی ئێران و جیلەکانی داهاتوو، کەوتووەتە بەر ڕق و بێزاریی گشتی و هەر ڕۆژەی لە گۆشەیەکی وڵات ڕووبەڕووی خۆپیشاندان و گردبوونەوەی نارەزایەتیدەربڕینی چین و توێژە جیاجیاکانی ئەو خەڵکە وەزاڵەهاتووە دەبێتەوە. بەمجۆرە هیوا و چاوەڕوانییەکی زۆر بەدی دەکرێ کە دەرفەتێکی سیاسی وەها بێتە پێشەوە کە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بتوانن بەرهەمی خەباتەکەیان بچننەوە و بە ئاوات و ئامانجە لە مێژینەکانیان بگەن. ئامانجێک کە بە هەزاران قوربانییان بۆ داوە بەڵام هەرگیز ئەمە نەبووەتە هۆی کشانەوە و سەربەردانەوەیان لە بەرامبەر ڕێژیمێکدا کە لە ساڵانی دەسەڵاتداریدا بە هەموو شێوەیەک هەوڵی کپکردنی دەنگی ئەوانی داوە و بە سەرکوت و زەبروزەنگ ویستوویەتی حەز و خولیاکانیان لەبار بەرێ. لێرەدا پێویستە لەبەر چاومان بێ کە لەم ماوە دوورودرێژەی خەباتدا ئەگەر شانازییەکانی کورد لەو بەشەدا ئەوەندە هەن کە ناخۆشییەکانی لە بیر بکەین و برینە خۆکردەکانی پێ لە بیر بەرینەوە، بێگومان هەڵە و کەموکووڕییەکانیش جێی هەڵوێستەن و ناکرێ لە بیر بکرێن. بەشێک لەم کێشە و کەموکووڕیانە دەگەڕێتەوە سەر جۆری پێوەندیی حیزبە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و نەبوونی تێگەیشتن و ڕێککەوتنێکی وەها کە لە ئاست پێویستییەکانی ڕێبەریکردن و بەرەو پێشبردنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستاندا بێ. هەر بۆیە پێش هەموان ئەرکی حیزبەکان و شارەزایانی لێکۆڵینەوە لە قۆناغە مێژووییەکانی کوردە کە بەرپرسانە و بە مەبەستی تێگەیشتن لە چۆنیەتی و هۆکاری دەسپێک و دروستبوونیان قسەی لێبکەن و بۆ پێشگرتن لە دووبارەبوونەوەی لەو چەشنەیان ئاکامگیری بکەن و بەرنامەی بۆ دابڕێژن. ئەمەش دەبێ پێشتر لە لایەن حیزبەکانی کوردستانەوە کە ئەرکی ڕێبەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانیان لەسەر شانە، بکرێتە پرۆژەیەک بۆ باس لێکردن، کە نە تەنیا زیان بە ئیعتباری بزووتنەوە نەگەیەنێ بەڵکوو لە ئاکامدا بەرهەمەکەی ببێتە ڕێککەوتنێک بۆ بەرپرسکردنی هەموو لایەنەکان بەرامبەر بە داهاتوو. ئەم داواکاری و چاوەڕوانییە کە کۆمەڵە پرسیارێکی لەنێو تێکۆشەران و خەمخۆرانی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستاندا دروست کردووە، پێویستی بە وڵامدانەوەیەکە کە تەنیا حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لێی بەرپرسیارن. ئیستا کە سەرەڕای زۆر هەلومەرجی نەخوازراو بە خۆشییەوە بەشێک لەم حیزب و لایەنە سیاسییانە ئاستی پێوەندییەکانیان گەیاندووەتە هاوکاریی ڕاستەوخۆ لە چوارچێوەی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران» دەبێ وەک ئەرکێک بڕواننە ئەو بابەتە گرینگە و هەوڵ بدەن لە مەیدانێکی بەرینتردا و لە نێوخۆیاندا و لە پێوەندی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەش، خەمێک لەم پرسە بخۆن و بە تێگەیشتنێکی سەردەمیانە لە خوێندنەوەیان لە بارودۆخی ئێستای ناوچە و ئێران و کوردستان، هەوڵی دیاریکردنی ستراتێژیی هاوبەشی خەباتی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەن و بە نووسینەوەی بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێک کە هەموویان وەک یەک لە بەرامبەریدا خۆ بە بەرپرس بزانن، خەڵکی کوردستان لە سەرکەوتنی خەباتەکەیان و داهاتوویەکی ڕوون بۆ کوردستان دڵنیا بکەنەوە. ئەمە دەبێ وەک ئەرک هەنووکەییمان و دڵنیابوون لە چارەنووسی نەتەوەکەمان چاو لێبکرێ و بە هەموو لایەک هەوڵ بدەین کە کێشە و گرفتەکانی دەیەکانی ڕابردوو کە زۆرجار زیانی زۆری بە بزووتنەوەکەمان گەیاند و ڕێژیمیش کەڵکی لە بەشێک لەم ناکۆکییانە وەرگرت، دووبارە نەبنەوە و نەبنە هۆی سەرقاڵکردنی حیزبەکان و نائومێدکردنی خەڵک. خەڵکی کوردستان ئیستا پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ لە خەباتی نەتەوەییان و پێویستە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە پلاندانان بۆ خەباتی هاوبەشیان یارمەتیدەری یەکدەنگی و یەکڕیزییان بن.

# "یەکگرتوویی" لە هەموو بەستێنەکاندا



سمایل شەرەفی

وەگەڕخستنەوەی سەرلەنوێی گەمارۆکان بۆ سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و دۆخی ناسەقامگیری نێوخۆی ئێران کە پێدەچێ کۆمەڵێک ڕووداوی چاوەڕوانکراو و هێندێک جاریش چاوەڕواننەکراوی لێ بکەوێتەوە، خەڵکی ئەم وڵاتەی تووشی جۆرێک لە قەلەقی و دڵەڕاوکێ کردووە. هەڵبەت بەپێی ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەم چل ساڵەی نێوخۆی ئێران و ئەو سیاسەتانەی لەم چوار دەیەدا لە لایەن دەوڵەتان و کۆمەڵگەی جیهانییەوە خراوەتە سەر ئێران کە زیاتر ئاکامەکەیان بۆتە خولانەوە لەنێو بازنەیەکی پڕ لە سات و سەودای بەرژەوەندییەکان و بێهیوایی خەڵک، ئەم قەڵەق بوونە پێدەچێ شتێکی سروشتی بێ، بەڵام ئەمەی ئێستایان لە جۆرێکی دیکەیە.

ئێران لە ڕووی نێوخۆییەوە لە بارودۆخێکی تا ڕادەیەک جیاوازتر لە ڕابردوو دایە، بەتایبەت ئەوەندەی پێوەندیی بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە هەبێ، فشارەکان لەچاو ڕابردوو قابیلی بەراوردکردن نین. نارەزایەتییەکانی خەڵک بەکردەوە چووەتە قۆناغێکی دیکەوە و خەڵک کەمترین متمانەی بە نیزام و چاکبوونی دۆخەکە نەماوە و لە هەمووی گرینگتر لە نەبوونی ڕێبەر و ئاڵترناتیڤ و بێ بەرنامەیی بۆ داهاتووی ئێران پرنیگەرانن. کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران کە بریتی بێت لە تەیف و لایەن و گرووپە جۆراوجۆرەکانی دەرەوەی بازنەی بەیتی ڕێبەری و باڵی بناژۆخواز چیدیکە وەک جاران باوەڕیان بە شانسی هەستانەوەی ڕەوتی ڕیفۆرمخواز نەماوە و وەک خۆیان باسی لێوە دەکەن گەندەڵی سەرتاپای پەیکەرەی سیاسی و ئابووریی ئەم ڕێژیمەی تەنیوە.

ئەوەیکە لە داهاتوودا چ دەکرێ و چ دەبێ بکرێ پێوەندی بە دوو ڕەهەندی نێوخۆیی و دەرەکییەوە هەیە. بە ڕواڵەت دیارە کە بە شێوەی ڕەسمی فشارە دەرەکییەکان بۆ سەر ڕێژیم، مانای تێکەوپێچانی ئەم ڕێژیمەی لێ ناکەوێتەوە. هەرچەند بەشێک لە کاربەدەستانی کۆشکی سپی لەم ماوەیەدا جارجار باسیان لەوە کردووە کە ئامانجی گەمارۆکان "سەقەتکردن"ی ڕێژیمە. بەڵام لانیکەم لە شێوەی بەرخوردی ژووری پێوەندییەکانی کۆشکی سپی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، ئەو بەرداشتە ناکرێ کە ئامانجەکە ڕووخانی ڕێژیم بێت. بۆیە لە سەر ئاستی نێوخۆییە کە زیاتر هیوا بە گۆڕانکاری قووڵ و بنەڕەتی لە ئێران لە ئارا دایە و قسەی لە سەر دەکرێ.

ئەگەر لەم پێوەندییەدا جارێ واز لە ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری ئێرانی بهێنین کە چ بەرنامەیەکی بۆ داهاتووی ئەم وڵاتە هەیە و چۆن دەتوانێ ئیستعدادی بەئاڵترناتیڤ بوونی هەبێ و متمانەی کۆمەڵگە بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، پێویستە بە کورتی قسەیەک لە سەر ئەرکی حیزبەکانی کوردستان بکەین. بارودۆخی کوردستان ئەم ڕۆژانە زۆر زیاتر لەوەی حیزبەکان بیری لێ دەکەنەوە ئاڵۆز و ناسەقامگیرە. ئەگەر لەسەر ئاستی ئێراندا تا ئێستا خەڵک بۆ گۆڕانکارییەکان و ڕێبەریکردنی ئەم گۆڕانکاریانە هیچ ئاڵترناتیڤێکی دیار و گشتگیر نابینێ و جارێ بۆی پەیدا نەبووە، دۆخەکە بە نیسبەت کوردستانەوە زۆر جیاوازە. حیزبەکانی کوردستان سەرەڕای هەموو کەموکووڕی و ڕەخنەیەک کە لە سەریانە، ئێستایش جێی هیوا و هومێدی خەڵکی کوردستانن. ئەمە تەنیا ئیدیعا نییە، هەڵوێستی گشتیی خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانانی ئەمساڵدا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە.

ئەوەیکە لەم شەڕایەتەدا حیزبەکان دەبێ چ بکەن، باسێکی ئەساسی و بنەڕەتییە کە وەزیفەی حیزبەکانە دەرووەستانە هەنگاوی بۆ بنێن. ئەوان پێویستە کارێک بکەن کە خەڵکی کوردستان لێیان چاوەڕوان دەکا. ڕۆژانە خەڵک کە قسە لە دۆخی ئێستا و داهاتووی ئێران و کوردستان دەکەن، پێش هەموو شتێک ڕووی دەمیان لە حیزبەکانە. خەڵک چاوەڕوانییەکی سەیروسەمەرەیان لە حیزبەکان نییە، تەنیا داوایان ئەوەیە کە پێکەوە بن و بە یەکگرتوویی بیر لە ئایەندەی خاک و خەڵکی خۆیان بکەنەوە.

بۆیە لە دۆخی ئێستادا حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەرکە لەسەر شانیان کە زیاتر لە دەوری یەکتر کۆببنەوە و قسە لە چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێشهاتەکان بکەن. بەداخەوە لەم ماوەیەدا کە خەڵک چاوەڕوانیی ئەوەی هەیە کە حیزبەکان زیاتر چاویان بە یەکتر بکەوێ و زیاتر لە سەر کارە هاوبەشەکانی داهاتوویان لەگەڵ یەکتری کۆ ببنەوە، جۆرێک لە کەمتەرخەمی و گوێنەدان باڵی بەسەر پێوەندییەکانیاندا کێشاوە. ئەم خەمساردییە ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر بیرکردنەوەی نوخبەی سیاسی لە نێوخۆی وڵات داناوە و تووشی دڵەڕاوکێی کردوون.

بەشێک لەو قەلەقی و دڵەڕاوکێیەی کە لەم هەلومەرجەدا بە سەر بیرکردنەوەی خەڵکی خاوەن ڕا و تەنانەت خەڵکی کوردستان بەگشتی زاڵە، دەکرێ پێوەندیی ڕاستەوخۆی بەم کەمتەرخەمییەی حیزبەکان و بێ بەرنامەییان بۆ چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێشهاتە سیاسییەکان هەبێ کە ئەمەیان لەم هەلومەرجەدا قابیلی قبووڵ نییە.

***

ئێمەی کورد لە هەموو ئاست و گۆڕەپان و دەرفەت و زەمەنێکدا پێش ئەوەی قسە لە هەر شتێک بکەین کە پێوەندی بە داهاتوو و، وەزن و قورسایی میللەتەکەمان لە پرسە چارەنووسسازەکاندا هەبێ، پێویستە لە سەر پرەنسیپێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بەناوی "یەکگرتوویی" ساغ بینەوە. هەرچەند قسەکردن لە "یەکگرتوویی" یان "یەکڕیزی" و "پێکەوەبوون" لەنێو ئێمەی کورد و هێزە سیاسییەکانی ئەم میللەتەدا بە جۆرێک لەوس و ماندووکەرە، بەڵام دیسانیش تا ئێستا گەورەترین کەمایەسیمانە و لەمەوبەولایش سەرەکیترین زەروورەتمان هەر پرسی "یەکگرتوویی" و یەکبوون و پێکەوەبوونە.

ئەوەی لەم پێوەندییەدا دەبێ بکرێ و پێداگری لە سەری پێویستە ئەوەیە کە ئەم پرسە بۆ ئێمەی کورد بە گشتی و بەتایبەت بۆ ئێمەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە باسەکەمان زیاتر بۆ ئەوێیە، وەک "پرەنسیپ"ێکی ئەخلاقی_نەتەوەیی سەیری بکرێ. بە واتایەکی دیکە هەر تاکێکی کورد لە هەر چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، مەدەنی و جەماوەریدا کە هەیە، هەوڵدان بۆ نەهادینەکردنی ئەم زەروورەتە لە خانەوادە و کۆمەڵگە و بەگشتی لە هەر چوارچێوەیەکی سازمانیدا بۆ خۆی بکاتە ئەرکێکی ئەخلاقی. بە جۆرێک کە تاکڕەوی، ناتەبایی و نەحەوانەوە وەک ئەمرێکی "بێئەرزش" و دوور لە بەها بۆ ئینسانی کورد، پێناسە بکرێ.

بێگومان گەیشتن بەم قەناعەتە ئینسانی_ جەماوەرییە کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە پرۆسەی نەتەوەسازییەوە هەیە هەروا بە ئاسانی درووست نابێ، هەر وەک چۆن بەداخەوە تا ئێستا سەرەڕای ئەو هەمووە شکست و لێکترازان و خولانەوە لە نێو بازنەدا، ئێمە هەروا نەتەوەیەکی ناتەبا و نایەکگرتوو و بێ دەسکەوتین (کە وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت ماوینەتەوە). خۆ هەموویشمان دەزانین کە ئەم پرسە پێش ئەوەی بابەتێکی سیاسی بێت، بابەتێکی کۆمەڵایەتییە کە پێویستی بە سیستەمێکی تۆکمەی پەروەردەیی هەیە و، لەوەی ڕوونتر هەموومان دەزانین کە کورد بە هۆی نەبوونی دەوڵەت و سیستەمی دامەزراوەییەوە، خاوەنی پەروەردەیەکی ڕێکخراوی نەتەوەیی نییە!

بۆیە لێرەوە بە ناچاری دیسان دەبێ ڕوو بکەینە حیزبەکان وەک قەوارەگەلێکی سیاسی کە نوێنەرایەتیی بزاڤی سیاسیی دەکەن و دەتوانن کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە هەبێ، دەبێ ڕوو بکەینە کۆمەڵگەی مەدەنی کە بەجۆرێک لەم ساڵانەی دواییدا توانیویەتی متمانەی کۆمەڵگەی کوردستان بە دەست بهێنێ و، هەر دەبێ ڕوو بکرێتە ئێلیت و نوخبەکانی خۆمان لە هەموو بوارەکانی فەرهەنگی، ئەدەبی، پەروەردەیی، سیاسی، مەدەنی و... کە بۆ جێخستن و بەدامەزراوەییکردنی ئەم زەروورەتە لە نێو میللەتەکەماندا خۆیان بە ئەرکدار بزانن.

قسەکردن لە یەکگرتوویی و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو، پێش هەموو شتێک پێویستی بە تێگەیشتن لە "بەرژەوەندیی گشتی"ی ئەم کۆمەڵگەیە هەیە، وەک میللەتێک. ئەگەر ئێمەی کورد لە هەموو ئاست و مەیدان و قەوارەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریدا بەرژەوەندییە هاوبەشەکانمان بزانین و لە بەرژەوەندیی گشتیی خۆمان تێبگەین، گومانی تێدا نییە کە ناتوانین یەکگرتوو نەبین. تێگەیشتن لە بەرژەوەندیی گشتی و هەوڵدان بۆ وەدیهێنان و پاراستنیەتی، کە دەتوانێ بەرژەوەندییە تاکەکەسی و گرووهییەکانی کۆمەڵگە گەرەنتی بکا. بە واتایەکی دیکە ئەوە وەزن و قورسایی کورد و کوردستانە کە لە داهاتوودا دیاری دەکا چ حیزبێک و چ کەسێک و چ ئیدەیەک دەتوانێ ئیدیعای باشترین و بەهێزبوونی خۆی بکا. کەوابوو سەرەتا دەبێ بە هەموومانەوە هەوڵی وەدستهێنانی ئەو جێگە و پێگە گشتییەی خاک و خەڵکی خۆمان وەک "نەتەوە" و "نیشتمان" بدەین جا ئەوسایە جێگەوپێگەی تایبەتی خۆمان چ بە تاک چ بە ڕێکخراو مانای ئەرزشیی خۆی پەیدا دەکا.

***

زۆرجار بۆ تێگەیشتن لە گرینگیی چەمک و لە هەمان کاتدا پرسی "چارەنووسی هاوبەش" ئاماژە بەو گەشتییە دەکرێ کە کۆمەڵە خەڵکێکی تێدا جێی گرتووە و لە قووڵایی زەریایەکی پڕ لە شەپۆل و نائارامیدا ڕێ دەکا. لەوانەیە ئامانجی سەفەری هەرکام لەم کەشتی نشینانە جیاواز بێت و هەرکامە بەشێکیان بەم کەرەسەوە هەبێ کە خەریکە بە مەسیرێکی هاوبەشدا دەیانبا، بەڵام پرسە گرینگەکە لێرە دایە کە تا گەیشتن بە قەراغەکان، هەرکام لەم ڕێبوارانە لە بەرامبەر هەر ڕووداوێکدا هاوچارەنووسن. بۆیە بە تێگەیشتن لەم چارەنووسە هاوبەشە هەوڵ دەدەن بەرامبەر بە هەر دۆخێک "یەکگرتوو" و هاوکار بن.

دیسان قسە لە یەکگرتوویی و پێکەوەبوونە، بەڵام ئەمجارەیان لە دەلاقەی تێڕوانین بۆ پرسێک بە ناوی "چارەنووسی هاوبەش". ئێمە نەتەوەی کورد وەک چۆن تا ئێستا هیچ هێڵێکی سووری نەتەوەییمان لە سۆنگەی تێڕوانینمان بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی و هاوبەشەوە نییە، بەداخەوە زۆر کەم سەرنجی ئەوەمان داوە کە لە هەر حاڵەتێکدا کە سەیری بکەین وەک ئەکتەرەکانی گۆڕەپانی چالاکیی نەتەوەیی و نیشتمانی چ وەک تاک و چ وەک حیزب و ڕێکخراوی سیاسی چارەنووسی هاوبەشمان هەیە.

ئێستا کە ئەگەری گۆڕانکارییەکان لە دەلاقەی پرسی نەتەوەیی خۆمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەبەستی باسەکەمانە، پێویستە ئەو ڕوانگەیە بە ڕەسمی بناسین کە هەموومان لە حیزبەکانەوە بگرە تا یەک بە یەکی چالاکانی بوارە جیاجیاکانی نێوخۆی وڵات کە ئەم ڕۆژانە بە کۆمەڵگەی مەدەنی ناوی دەرکردووە، بەرامبەر بە چارەنووسی خەڵکی کوردستان بەرپرسیارین. قبووڵکردنی ئەم ڕوانگەیە دەمانگەیەنێتە ئەو ڕێڕەوەی کە هەموو پێکەوە لە سەر ئەساسی یەکگرتووییەکی نیشتمانی لە مەسیرێک داین کە دەبێ قبووڵی ئەو حەقیقەتە بکەین کە چ تیایدا بە مەقسەد بگەین چ نەگەین، چارەنووسی هاوبەشمان هەیە. لێرەدایە کە بە قبووڵکردنی ئەم هاوچارەنووسییە ناچار بە دیتنەوەی خاڵە هاوبەشەکان دەبین و لە پرۆسەیەکی کاریی هاوبەشدا دەرک بە تێگەیشتنێکی هاوبەش لە بەرژەوەندییەکانمان دەکەین کە ڕاست بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگەن.

کەوابوو ئەوە دەرککردن بە چارەنووسی هاوبەشمانە کە تەماحێکی تێکەڵ بە وشیاریی گشتیمان تێدا چێ دەکا کە بۆ گەیشتن بەو بەرژەوەندییە هاوبەشانەی کە دەتوانین هەموومان وەک نەتەوە هەست بە براوەیی و سەربەرزی بکەین کە ئەمەیان ڕاست ئەو "سەرەوەری"یە نەتەوەییەیە کە لە پەنا "سەربەستی"ی نیشمان و "بە دەوڵەتبوون"ی خاک و خەڵکەکەماندا پێناسەی تایبەت هەڵ دەگرێ. هەستکردن بە سەروەریی نیشتمانی بازنەی بیرکردنەوە و خۆتەرخانکردنمان بۆ گەیشتن بە "ڕزگاری" هێندە هەراو و بەرفراوان دەکاتەوە کە چیدیکە خۆمان بە بیرکردنەوە و هەوڵدان بۆ وردە تەماحەکان (بەرژەوەندیی تاکەکەسی، حیزبی و ڕێکخراوەیی) سەرقاڵ ناکەین. چونکی هەر وەک لە بەشی دووهەمی باسەکەدا ئاماژەمان پێدا؛ لە سایەی بەرژەوەندییە هاوبەشە گشتی و نەتەوەییەکانمان دەتوانین بێ ئەوەی هەڵپەهەڵپی زۆری بۆ بکەین بە ڕەواییەکی زیاترەوە وەک مافی هەموو کەسێکە، بیر لە وردە بەرژەوەندییە تاکەکەسی و حیزبی و گرووپییەکانیشمان بکەینەوە.

***

پێوەندیی بزووتنەوەی کورد و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لەگەڵ بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمە دەسەڵاتدارەکانی زەوتکەری مافەکانی خەڵکی کوردستان، مێژوویەکی تایبەت بە خۆی هەیە. پێوەندییەک کە زۆر ئاسانتر و پڕ سەر ئێشەتر نەبووە لە پرسی هەوڵدانی بزووتنەوەی کورد لەگەڵ ڕێژیمەکان بەمەبەستی چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد. چونکە لەم مەیدانەشدا ڕاستە ڕوخسارەکان و شێوە دەربڕینەکان فەرقیان هەبووە، بەڵام ئەقڵییەتی زاڵ بەسەر بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی نیزامی حاکمدا هەر هەمان ئەقڵییەتی سیستەمی حاکم بووە لە تاران یان پایتەختی وڵاتانی دیکەی وەک تورکیە، عێراق و سووریە.

ئێستا کە ئێمە باس لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین لانیکەم لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا، ئەوەی حیزبەکانی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ وتوویژ و دانووستان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری بە چەپ و ڕاست و میللیگەرا و مەزهەبییەوە کردوویانە و تا ئێستا بە ئاکامێکی دڵخواز نەگەیشتوون، هۆکارەکەی زۆر جیاواز نییە لەو سیاسەتەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران حاشای لە بوونی نەتەوەیەک بەناوی کورد و پرسێک بەناوی مافی نەتەوەکانەوە دەکات. واتە کێشەکە زۆر لەوە جەوهەریترە کە ئێمەی کورد پێمان وابێ ئەقڵییەتی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی فەرقی لەگەڵ نیزامی سیاسی لە تاراندا هەیە. لە ئەساسدا تێفکرینی تەواوییەتخوازی و لە سەرەوە چاولێکردن لە پرسی نەتەوەکان و یەک لەوان کورد، بەسەر ئەقڵییەتی سیاسیی هەردوو بەرەدا ڕاست وەک یەکە. ئێمەش وەک کورد و حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات بە درووستی ئەم واقعیەتە دەرک دەکەین و ئەم قەناعەتەش شتێکی تازە نییە. لانیکەم حیزبی دێموکرات چ لە ئەزموونی هاوپەیمانی لەگەڵ ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران و چ لە دانیشتنە بەردەوامەکانمان لەگەڵ بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە هەموو تەیفەکانییەوە کە لەم پێوەندییەشدا قوربانیی قورسمان داوە، چ لە قۆناغی ئێستادا کە بەخۆشییەوە لەگەڵ حیزبەکانی دیکە لەم مەیدانەشدا لە کاری هاوبەشدا هەین، بە تەواوی دەرک بەوە دەکەین کە تێفکرینێکی مەزنیخوازی و بەکەم دیتنی ئەویتر بەسەر تێفکرینی بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا زاڵە. هەمووشمان ئەوە باش دەزانین کە لە ئێرانی داهاتوودا _ئەگەر فەرزەکە لەسەر ئەوەبێت کە نیزامی کۆماری ئیسلامی نامێنێ_ هەر ئەم ئۆپۆزیسیۆنەی ئێستایە کە لە دروستکردنەوەیدا ڕۆڵ دەگێڕێ و دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ! لە هەمووی گرینگتر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کە نوێنەرایەتیی بزووتنەوەی کورد لە کوردستاندا دەکەن، زۆربەیان و بەتایبەت لایەنە سەرەکییەکانیان تا ئێستاش قسە لە دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی ئێراندا دەکەن. پرسیارەکە ئەوەیە کە دەبێ چ بکرێ کە کورد لە ئێرانی داهاتوودا بتوانێ بە مافەکانی بگا و دیسان سەری بێکڵاو نەمێنێتەوە؟!

حیزبە سیاسییەکانی کوردستان کە ئێستا بۆ نوێنەرایەتیی پرسی کورد و کارکردن بۆ پرسی دانیشتن و وتوویژ لەگەڵ بەرەی ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی وڵات ئەرکی سەرەکییان لەسەر شانە، پێش لە هەموو شتێک دەبێ و پێویستە بە یەکگرتوویی و پێکەوە، بە ساغبوونەوە لەسەر پلاتفۆرمێکی هاوبەش کە بریتی بێت لە ڕوانینی کورد بۆ ئێرانی داهاتوو و هەروەها چۆنییەتی ئیدارەی ئەم وڵاتە و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان، بۆ ئەم ئەرکە هەنگاو هەڵێننەوە. بە واتایەکی دیکە نەک بە تاک و تەرا، بەڵکوو بە یەکگرتوویی و بە هەیئەتی هاوبەش نوێنەرایەتیی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بکەن و لەسەر ئەساسی بەڕەسمی ناسینی نەتەوەی کورد و بەرحەقبوونی داخوازییە نەتەوایەتییەکانی ئەم میللەتە لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان بکەونە وتوویژەوە.

لەم پێوەندییەدا حیزبەکان بۆ ئەوەی پشتیان بە خەڵکی کوردستان و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە قایم بێت و بە پشتیوانەیەکی قورسەوە لە دانیشتنەکانیاندا لەگەڵ لایەنی بەرامبەر داکۆکی لە کورد و کوردستان بکەن، پێویستە لەسەر هەر شتێک کە ساغ دەبنەوە و دەیکەنە پلاتفۆرم، لەگەڵ خەڵکی کوردستان ڕاشکاو بن و خۆیان لە بۆچوون و تێبینی و ڕەخنەی خەڵکی خاوەن نەزەر، بێ نیاز نەزانن.

کەوابوو لە پێوەندی لەگەڵ ئێرانی داهاتوو و چۆنیەتی دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان و هەروەها ناچارکردنی ئەوانەی خۆیان بە دەسەڵاتدار و بنیاتنەرەوەی ئەم وڵاتە دەزانن بۆ بەڕەسمی ناسینی میللەتی کورد و داخوازییەکانی، ئەوەی دەتوانێ ڕۆڵی یەکلاکەرەوە ببینێت دیسان هەر یەکگرتوویی و پێکەوە بوونی خەڵکی کوردستان و حیزبەکانە.

***

ڕۆڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە پشتیوانیکردنی بزووتنەوەی مافخوازانەی خۆیان کە حیزب و لایەنە سیاسییەکان ڕێبەرایەتیی دەکەن، هێندە بەرز و بەرچاوە کە شەهید دوکتور قاسملووی ڕێبەر وەک یەکێک لە سێ هۆکاری سەرکەوتنی دوارۆژ باسی لێوە دەکا. دوکتور قاسملوو کە باس لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئایەندەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی دەکات، هاوکات لە گەڵ ئاماژەدان بە ڕۆڵی بەرچاوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و خوێندنەوە و هەڵوێستی درووست، پێی وایە "مادام ئەم بزووتنەوە پشتیوانیی هەراوی خەڵکی کوردستانی لەگەڵە، سەرکەوتنی مسۆگەرە".

بۆیە لە ئێستای دۆخی خەباتی سیاسیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ڕۆڵی خەڵک لە ڕەفتاری ڕۆژانەیان بەرامبەر بە سیاسەتەکانی دەسەڵاتی زاڵ بەسەر کوردستانەوە بگرە تا پشتیوانییان لە هێزە سیاسییەکان، جێی بایەخ و هەڵوێستە لەسەر کردنە.

ئەگەر ٢٠ ساڵ پێش ئێستا خەڵک لە سۆنگەی داکۆکیکردن لە مافەکانیان زیاتر چاویان لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و حیزبە سیاسییەکان بوو، ئێستا و لە ماوەی ئەم دە بۆ پازدە ساڵەی ڕابردوودا بە تەواوەتی دۆخەکە گۆڕانێکی جەوهەری بەخۆوە بینیوە. خەڵک ئێستا ڕاستەوخۆ مەیدانداری دەکا و ڕۆژانە داکۆکی لە ماف و ئازادییەکانی خۆی دەکا و لە ڕێکخستنێ جەماوەریی بەربەریندا دژ بە کردەوە و سیاسەت و پیلانەکانی دوژمن، ڕەفتار دەکا. لەم پێوەندییەدا کۆمەڵگەی مەدەنی و گوتار و ڕوانینی ئەمرۆژیانەی بەشێک لە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە و هەیە.

بەرزبوونەوەی ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتری ئاستی وشیاریی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە خاوەنی پاشخانێکی دەوڵەمەندی سیاسی_نەتەوەیی وەک کۆماری کوردستان، سیمبولسازیی نەتەوەیی وەک ئاڵای کوردستان خەباتی پێشمەرگانەی پڕ لە سەرورەییە، توانیویەتی جۆرێک لە هەمگەرایی کۆمەڵایەتی چێ بکا کە پێویستە لە ڕوانگەی نەتەوەسازییەوە هەوڵی تەقوییەتکردنی بدرێ. پشتیوانیکردن لە کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێزگرتن لە چالاکانی نێوخۆی وڵات و پشت بەستن بە هێزی کۆمەڵانی خەڵک و هەروەها ڕەنگدانەوەیان لە ڕوانین و سیاسەتی حیزبە سیاسییەکاندا دەتوانێ ڕێگایەک بێ بۆ ئەم بەهێزکردنە. بەڵام دیسانیش ئەوەی دەتوانێ مانا بە هێزی جەماوەر ببەخشێ و خەڵک بتوانێ ڕۆڵی خۆی لە بازنەی پرسە گەورەکەدا بگێڕێ، هەمدیسان یەکڕیزی و پێکەوەبوونە.

بە سەرنجدان بەو جووڵە جەماوەرییانەی کە لە ماوەی لانیکەم دە ساڵی ڕابردوودا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەوەی جۆراوجۆرەوە ڕوویانداوە، لە گەڵ ئەوەیکە گۆڕانێکی هەستپێکراوی دیار لە ڕەفتاری خەڵک بە نیبسەت مەیل بە یەکگرتوویی و پێکەوەبوون خۆی نیشان داوە، بەڵام دیسانیش کۆمەڵێک کەمایەسی دەبیندرێ کە پێت وایە ئەم یەکگرتوویی و یەکڕیزییە وەک ئەمرێکی پێویست و ژیاری بۆ خەڵک نەبۆتە باوەڕ. بۆیە لەم پێوەندییەدا کۆمەڵگەی مەدەنی ئەرکدارە بەوەیکە زیاتر لە هەمیشە خۆی بە ڕۆچوونە نێو توێیەکانی کۆمەڵگەوە خەریک بکا و...



# ویستی ژنان و هێز و توانایان لە مافخوازیدا



شەونم هەمزەیی



٢٥ی نۆڤامبر، ٨ی مارس و چەند بۆنەیەکی دیکە هەموو بیانوو و دەرفەتێکی باشن بۆ تاوتوێی پرسی ژنان و هەڵسەنگاندنی خەباتی یەکسانیخوازیی ئەوان. "کوردستان"یش ئەم بۆنەیەی بە هەل زانیوە هەتا بە هێنانەبەر باسی، پرسی مافەکانی ژنان لە کوردستان و ئێران و، بە دواندنی چەند کەسێکی هەڵسووڕ لە نێوخۆی کوردستان لەو پێوەندییەدا، وێنایەک لە ماف و ژیانی ژنانی کورد بە دەستەوە بدا.

**باس ئەوەیە کە هەموو ساڵێ لەو بۆنەیەدا باس لە توندوتیژییەکانی دژی ژنان دەکرێ، بەڵام روون نییە ئەو کارانەی کراون بەمەبەستی گۆڕینی ئەم ڕەفتارە، کە ڕیشەی لە نەریت و کولتوور و پەروەردەی وڵاتێکدا داکوتاوە، چین؟ هەروەها ئەو ڕەوت و پرۆسێسانەی بۆ گۆڕینی ئەم دۆخە لە ئارادان لە ڕووی چەندی و چۆنییەوە چەندە تەواوە؟**

**خاتوو هەنار مەیسەمی**، شاعیر و چالاکی بواری مافەکانی ژنان لە نەغەدە لەو پێوەندییەدا دەڵێ بەهۆی ئەوەی لە وڵاتانی دیکەش توندوتیژی دژی ژن هەبووە و ئێستاش هەیە، دەتوانین بڵێین ئەو ڕەفتار و نۆرمە تەنیا پەیوەندی بە ئایینەوە نییە. بەڵام ئەگەر ئێمە بۆ مێژووی کوردەواری و نەتەوەیی خۆمان بگەڕێینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە ئایین و هاوسێیەتی عەرەبەکان لەسەر توندوتیژی و پێشێلکردنی مافی ژن لە کوردەواریدا تەواو کاریگەری هەبووە و بە داخەوە بۆتە نەریتی کوردەواریی خۆشمان. بێگومان هەتا کولتوور نەگۆڕدرێ یاساکانیش هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نایە، بەڵام هەر یاسا و جێخستنی یاساش خۆی یارمەتیدەرە بۆ گۆڕینی نۆرمە فەرهەنگی و کولتوورییەکان.

**خاتوو هەڵاڵە ب**، شاعیر و نووسەر لە شاری سنەش لە وڵامدا دەڵێ بە گشتی لە ئێران و بە تایبەت لە ڕۆژهەڵات نەریت و کولتوور و ئایین ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە ئاڕاستەپێدان بە جۆری ڕوانگە و پەروەردە و لە ڕەفتاری گشتیی لە بەرامبەر کچان و ژناندا. بێ گومان کارگەلێک کراوە بۆ گۆڕینی داب و نەریتە هەڵەکان بەڵام نەیتوانیوە ژن لەو بیرۆکە دین تەوەرە و پیاوسالارییە کە هەم لە لایەن خۆیەوە هەم لە لایەن پیاوە وە بەسەریدا سەپاوە دەرباز بکا. ژن هێشتا بە چاوی عەیبە و گوناهەوە دەڕوانێتە جەستەی خۆی و مافەکانی خۆی. ژن بوون لە وڵاتی کوردەواریدا عەیب و ئەستەمە. لە ڕوانگەی منەوە تا ئێستا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە پەروەردەدا کە بووبێتە هۆی ئاشتی و ئاسوودەیی و ئاریکاری لە نێوان دوو ڕەگەزدا نابیندرێ و ڕەنگە تەنیا جۆری بەربەستەکان گۆڕدرابێتن، ئەگینا توندوتیژییەکان و ڕوانگە جنسیەتییەکان بەرامبەر بە ژن تۆختریش بوونەتەوە.

**خاتوو تەوار ئەبووبەکری**، نووسەر و شاعیر لە مەهاباد میوانێکی دیکەی ئەم باسەیە کە پێی وایە، ئێمە دەبێ لە پێشدا باس لەوە بکەین کە ئایا بە ڕاست ئەوە چەندە لە داب و نەریتی ئێمەدا هەن و یا سەرچاوە دەگرن؟ ئایا ئەوەش خۆی وەک زۆر شتی تر مێژووی بۆ دانەڕێژراوە؟ ئێمە دەزانین کە کورد لە درێژایی مێژوودا، ژنانی شان بە شانی پیاوان هەستاون و لە بەش بەشی ژیاندا تێکۆشانیان بووە جا چ لە بنەماڵەدا چ ئابووری و هەتا بگرە سیاسی، بەڵام ئەوەی کە وەک توندوتیژیی دژی ژنان باسی دەکەین دەتوانین بڵێین دوای هاتنی دینی ئیسلام مێعیارەکان، سنوور و هەتا بگرە قیمەت کە بە مارەیی و زۆر شتی تر تەعریف کرا، بۆ ژنان بوونە بەربەست و کۆسپ، کە ئەمە زیاتر لە جیهانی عەڕەبەوە سەرچاوە دەگرێ نەک کوردەواری. بەڵام ئەگەر لێرەدا باس لە دارشتنی بەرنامە و کارکردن لە سەر زەینییەتی ژنان کە کۆمەڵگەی پیاوسالاری بەسەریاندا هەیە و زاڵە، دەتوانین بڵێین هەر بە ئامادەکردنی زەینییەت و تێکۆشان بۆ هاتنە مەیدانی ژنان لە بەشە جۆراجۆرەکاندا کار بە سڕینەوەی ئەم نەریت و بەربەستانە کراوە، بەڵام ناتوانین بڵێین کە تەواون ئەگەرچی دڵخۆشکەرن. کەوایە پێناسەکردنی مافی و ڕێگادان بۆ ناسینی مافەکانیان ژنان دەگەیەنێتە ئەو ئاستە کە مافی خۆیان وەرگرن. ئێمە نابێ لە بیریشمان بچێ کە ئێستا زۆر ژن و کچمان هەن، ماف بە دانەکەی پێناسە دەکەن نەک ئەوەی کە بۆخۆیانن کە دەبێ مافی خۆیان وەربگرن. کەوایە گۆڕینی شتێک کە بە بڕوای من تەنیا زەینییەتە نەک کردەوە، زۆر ساکارانەتر لەو شتەی ئێمە بیری لێ دەکەینەوە دێتە دی. ئێمە دەبینین لە وڵاتانی پێشکەوتوودا کە مافی ژن بە گشتی لە زۆر بواردا دابین کراوە، زۆرینەی کێشەکانی ژن هەن و شایەد ناخۆشتریش. بۆیە دەڵێم ناخۆشتر چون ئەوان لە وڵاتی ئازاددا دەژین بەڵام دیسانیش بەربەستەکان خۆیان نیشان دەدەن. کەوایە ناسینی ژن و مافەکانی و دەسپێکی لەنێو بنەماڵەکان بە تایبەت لە نێوچوونی ڕەگەز، ئەوە کوڕە ئەوە کچ کە بەداخەوە ئێستاش لەلای ئێمە ماوە.

**بەدەر لەو بابەتە هەموو دەڵێن کۆسپ و بەربەستە زۆر و سەرەکییەکانی بەردەم ئەم ڕەوتانە، قانوونەکانن لە ئێراندا. چی کراوە بۆ گۆڕینی قانوونەکان؟**

**هەڵاڵە ب** لەو بارەوە ڕای وایە واقعێکی تاڵ لە کوردستان و ئێران هەیە، کە یاساکان لە هەموو پانتاییەکان دژی ژنن و ژنانیش بەشی زۆریان بە داخەوە خوویان بەو واقعە گرتووە و، پێیان وایە مافی ئەوان دەبێ لە لایەن پیاوەوە بدرێ و خۆی پێویست ناکا وەجووڵێ. نارەزایەتیدەربڕین لە لایەن ژنانەوە بە گشتی ڕەنگ و بۆنی دروشمی گرتووە و لە ئێستادا کەمتر ڕێکخراوەیەک لە ڕۆژهەڵات دەبینین کە تایبەت لەسەر پرسی ژنان کار بکا. بەڵام ئەم پرسیارەش هەمیشە بەرەوڕووی ژن دەکرێ کە ئایا دایکێک، کە خۆی لە قاڵبی ئایین و نەریتەکاندا ژیاوە و بەرهەمی هێناوەتەوە، دەتوانێ منداڵانی ئازا و ئازادیخواز پەروەردە بکا؟ ژنێک کە خۆی چەوساوەی دەستی مێردسالارییە و لە خێزان و کۆمەڵدا ژنانەیی لە ژیانی ژن سڕدراوەتەوە و ژن تەنیا لە چێشتخانەیە و لە نێو پێخەفدا جێی کراوەتەوە، ئایا ئەم ژنە دەتوانێ بەهێز و متمانە بەخۆ بێت؟ هەر ئەم لاوازییە لە کەسێتیی زۆر ژناندا نیهادینە بووە و نەکراوە و نەتوانراوە جووڵە و فشار و بزووتنەوەیەکی بەهێز بۆ گۆڕینی قانوونەکان درووست بکا.

**تەوار ئەبووبەکری** دەڵێ: کۆماری ئیسلامیی ئێران نەک هەر لە باسی ژناندا، بەڵکوو زۆرینەی یاساکانی دژ بە مافەکانی مرۆڤ بووە. بەڵام ئەگەر بێین و باسی ژن و مافەکانی بکەین، دەبینین کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پێناو ئامانجە ئیدۆلۆژیکییەکانیدا و بۆ سەپاندنی ئەو یاساگەلەی کە بەرژەوەندییەکانی دابین و مسۆگەر دەکا؛ زۆر لە مافە ڕەواکانی ژن پێشێل دەکا. ژنان لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی و بەپێی یاساکان نیوەی پیاویش نین. بۆ نموونە ژنان بۆ کارکردن دەبێ مز و حەقدەستی کەمتر لە پیاویان هەبێ و جاری وایە ئەو مزە بۆ یەک لە سێی مزی پیاوێک دادەبەزێ.

**هەنار مەیسەمی** لەو پێوەندییەدا ڕای وایە: بەداخەوە یاسا لە ئێراندا بەشی زۆری لایەنگری لە پیاو دەکا و بە تەواوی دەبێتە هۆی دژایەتیی لەگەڵ ژن. لێرە کەسانێک هەبوون و هەن کە زۆریان هەوڵ داوە هێندێک یاسا بگۆڕن کەچی وڵامیان نەدراوەتەوە. شتێکی کە ئەمن بەم زووانە دیتم کاری بۆ کرا، بردنەسەرێی تەمەنی زەماوەند لە ئێران بوو کە بوو بە سێزدە ساڵ، کەچی بە ڕای من ئەوەش تەمەنێکی زۆر کەمە و خۆزگە بکرابا هەتا هەژدە ساڵ بیبەنە سەر. بەڵام هەر وەک ئەوەی ئێستاش لە هەندێک ناوچە و شوێن لە ئێران، هەندێک نەریت ماون کە کچ لە تەمەنی مێرمنداڵیدا بە شوو دەدرێ، ڕەنگبێ هەر ئەمە کاریگەرییەکی باش بێ بۆ بنەبڕکردنی ئەو دابە کۆنانە. بەڵام ئەگەر بە گشتی سەیری بکەین هیچ هەنگاوێک بۆ مافی بەرامبەریی ژن هەڵنەهێندراوەتەوە، کاتێ ژن ئیزنی سەیری یاریی تۆپی پێی لە نیزیکەوە نییە، کاتێ مافی تەڵاق ئێستاش لە ئێران هەر بە پیاوە، کاتێ ئیزنی چوونەدەرەوە لە وڵات بەبێ ئیزنی مێرد یا باب نابێ و هەزاران مافی دیکە کە خوراوە، یانی چەندین ساڵە سەرەڕای بەرەوپێشچوونی فەرهەنگ لە وڵاتانی تر، هیچ شتێک لە یاسای ئێراندا نەگۆڕاوە و تەنانەت ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو دواوە چووە. ئەگەر گۆڕانکارییەکیش کراوە، وەک ئەو گۆڕانەی لە پرسیاری یەکەمدا باسم کرد، تەنیا لەلایەن بنەماڵەکانەوە بووە و لە یاسادا هیچ نەگۆڕاوە.

**لێرەدا ئەو پرسیارە دەوروووژێ کە باشە ژنان بۆچی تا ڕادەیەکی زۆر خوویان بەو "قەدەرە"! گرتووە و بۆچی ژنان نەیانتوانیوە ئەو هێزەی خۆیان بۆ گۆڕینی وەزعییەتی مافەکانیان بنوێنن؟**

**خاتوو هەنار** لەو بارەوە دەڵێ: ئەمنیش لام وایە کە مانەوە و نەگۆڕانی زۆربەی بابەتەکان بەشێکی بۆ خودی ژنان دەگەڕێتەوە. ڕەنگبێ لە زۆر بواردا ژنان بەربەست بکرێن و ڕێگایان پێ بگیرێ و دەنگیان نزم بکەنەوە، بەڵام ڕوونە کە یەکدەنگی و کاری بەکۆمەڵ و ڕێکخراوەیی ئەو بەربەستانە ناهێڵێ و لە ئامانجەکانمان نیزیک دەکاتەوە. ئەوە خەسارێکە کە بەشێکی زۆر لە ژنان بەداخەوە خۆیان بەو بابەتانەوە ماندوو نەکردووە و هەوڵیان نەداوە کە مافەکانیان بناسن و، تا ڕۆژێک ئێمەی ژن مافی خۆمان نەناسین، هیچ شتێک ناگۆڕدرێ.

**خاتوو تەوار**یش لەو بارەیەوە لەگەڵ باسەکە هاوڕایە، ئەو دەڵێ: زۆرجار ئەوە دەبیسین کە فڵانە شت یان قسە یان کولتوور لە زۆر کۆنەوە هەیە و کە ئەو باسانە دەکەین، بە گژماندا دەچنەوە و دەڵێن ئێوە لە هەڵە دان. بۆ نموونە ئازار و ئەشکەنجەی ڕۆحی کە نموونەیەکی دیاری توندوتیژییە بەشی زۆری ڕێک لەلایەن ژنانەوە پەرەی پێدراوە، زۆر جار دەبینین کە کاتێ باسی چالاکان لە بەشە جۆراوجۆرەکاندا دەکردرێ بە تایبەت کە باسی چالاکیی سیاسی دەکرێ، دەسبەجێ باسی ناموس دێتە گۆڕێ و پێیان وایە کەسێک لەو بەشەدا هەڵسووڕانی هەبێ لەڕووی ناموسییەوە دەکەوێتە مەترسییەوە. زۆر جاران کچان و ژنان قوربانیی بیروباوەڕی دایک و ژنانی ترن، کە بەداخەوە گەلێ جار خۆکوژی و کێشەی خێزانی و هتدی، لێ دەکەوێتەوە. هەر ئەو کۆنەپارێزییە، خووگرتن بە نەریتە سواوەکان یان ترس لە ترازان لە بیروباوەڕە ڕێگرەکان بە لادان لە ئیمان و ئەخلاقە پێناسە کراوەکان، وادەکا لەلایەک ژنان خۆیان ئەم کلتوورە بەرهەم بێننەوە و ژنانی هەڵسووڕیش تووشی خۆسانسۆڕی ببن.

**هەڵاڵە ب**، ڕایەکی تا ڕادەیەک جیاوازی لەسەر ئەم بابەتە هەیە، ئەو دەڵێ: ڕاستە بەداخەوە وشەی قەدەر و چارەنووس وەها ڕەگی کوتاوەتە نێو دنیای بیرکردنەوەی ژن کە دەرباز بوون لەم چەشنە ڕوانینە ئەستەمە. ژنانی چینی هەژار ئێستاش بە ناوی عەیبە و گوناهەوە لە زۆربەی مافەکانیان دەڕوانن و نایانەوێ هەنگاوێک هەڵگرن دژ بە کۆیلەبوونی خۆیان. بۆ ژنانی چالاکیش کۆسپ زۆرن. ترس لە بێپەنایی و تەنیایی، ترس لە دوورکەوتنەوە لە منداڵ، ترس لە تەڵاق و ڕوانگەی چەوتی کۆمەڵ، ترس لە بێدەرەتانی و هەژاریی ئابووری، ژنی وەها بار هێناوە کە هەر چەشنە توندوتیژییەک لە لایەن پیاوەوە بە قەدەر وەربگرێ و ملی بۆ ڕاکێشێ. ئەوەی ژنی لاواز کردووە نەبوونی ئابوورییە، نەبوونی هەل و دەرفەتەکان بۆ چالاکیی ئابووری بۆ سەربەخۆیی ماڵیی ژن وایکردووە؛ ژن هەر چاولەدەست بێ و دەرەتانی زۆر شتی دیکەی نەدرێتێ.

**لە ڕوانگەی ژنانەوە توندوتیژی دژ بە ژن یانی چی؟ ژنان لە دەرەوەی پێناسە باوەکان، خۆیان لەو بابەتە چۆن دەدوێن؟**

**تەوار ئەبووبەکری** دەڵێ: توندوتیژیی دژ بە ژن یانی نەناسین و پێناسەنەکردنی ژن و کچ وەک خۆی. ئەمن وەک کچ ئەم هەلەم بۆ نەڕەخسێ کە خۆم و مافەکانی خۆم بناسم و بەرامبەریش وەک پیاو، جا بەرامبەرەکەم برا، باوک یان هاوژینم بێ؛ ئەدی چۆن دەتوانم دەگەڵ خۆم ڕابێم و بتوانم بەرامبەرم بناسم و دەگەڵی بدوێم و بژیم و شان بە شانی کار بکەم. تا کاتێک ئەمن کەرەسەیەکی جەستەیی بم، تەنانەت خۆم بۆ خۆم مەترسیم، چ بگا بۆ ڕەگەزی پیاو و کۆمەڵگەش. ژنان هاواریان چۆن دەردەبڕن؟ بە هات و هاوار؟ چەندە لە شێوەی دەربڕینیان شارەزان؟ بەلای ژنانەوە توندوتیژی تەنیا لێدان نییە، زۆر بەربەستەکانی ژیانی بنەماڵە و کۆمەڵگە مەترسییەکانی ژیانی ژنانە، کە دەبنە هۆی ڕاوەستانیان و لەپێیان دەخەن.

**هەڵاڵە ب** دەڵێ: ئەمن وەک شاعیرێک لەسەر ئەمە دەدوێم. پیاو هەمیشە لە غەزەلدا باسی جەستەی ژن دەکا بۆ جوانی و عەشق و دڵداری، بەڵام هەر ئەو باسانە و هەر ئەو وەسفانە ئەگەر ژن بیکا، هێڵی سوورە. جا توندوتیژی هەر لێرەوە دەست پێدەکا. پیاو تا وەختێ ژنی لا خۆشەویستە کە ژێردەستەی بێ و کاتێ ژن لێی هەڵگەڕاوە پیاوەکە، خۆشەویستییەکەی وەلا دەنێ. ژن هەتا کاتێک بە قسەی پیاو هەڵسووکەوت بکا ئاقڵە بەڵام کاتێ بیروڕای تایبەت بە خۆی هەبوو، ئەوە بە گژیدا دێنەوە و پێی دەڵێن چووزانی تۆ، ژن ئاقڵی لە کۆشی دایە... ئەوانە هەموو توندوتیژین لە ڕوانگەی منەوە. توندوتیژی خۆ هەر لێدان و کوتان نییە، هەر چەشنە ئاخاوتنی ناشیرین و ناحەز بە مەبەستی جنێو و گاڵتە، بەرگری لە ئازادییە سەرەکییەکانی ژنان، ئازاری فیکری و تانە و تەشەر و تۆمەت، ئازاری جینسی تەنانەت لە لایەن هاوسەر، وەک کەرەستەی چاولێکردن لە ژنان و زۆرەها ئازاری لەو چەشنە نموونەکانی دیکەی توندوتیژین. کۆمەڵگەی کوردی ژن وەک ڕۆباتێک بۆ ڕاپەڕاندنی هەندێ کار چاو لێدەکا. بەداخەوە نائاگایی لە مافەکانیش، ژنی کردووەتە ئەو ڕۆباتە و ئەوە ژن خۆیەتی کە بەردەوام بیری ئایین تەوەر و پیاوسالار بەرهەم دێنێتەوە.

**هەنار مەیسەمی**ـش ڕای وایە، توندوتیژی تەنیا لێدان و ئازاری جەستەیی نییە، ئەوە تەنیا بەشێکە، توندوتیژی جاری وایە لە ژووری نووستنی ژن و مێردیش لەکۆڵ ژن نابێتەوە. حیجابی زۆرەملی، ڕێگری لە چالاکیی ئابووری و کارکردنی ژنان، بەشە میرات، بەزۆر دووگیانبوون، دڵپیسی کردن، نزمکردنی کەسایەتیی ژنان لە قسەکردندا هەمووی جۆرێک لە توندوتیژین. دەبێ ئەوەش بڵێم کە بەداخەوە زۆر لە توندوتیژییەکانیش لەلایەن خودی ژنانەوە بە خۆیان دەکرێ، وەکوو: شووکردنی سەربەهەوێ و بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی لە دژی ژنان لە چوارچێوەی پەروەردەی خێزانیدا و زۆر ڕەهەند و لایەنی دی...

**دواجار و لە ئێستادا ژنان و بزووتنەوەی ژنان دەبێ چۆن بەرەوڕووی ئەم دۆخە ببنەوە؟**

**خاتوو هەنار** دەڵێ: ئەمن بەر لە هەموو شتێک پێشنیار دەکەم ژنان زیاتر بخوێنەوە و زیاتر خۆیان و مافەکانیان و کۆمەڵگەکەیان بناسن. ژنان بۆ دەستەبەری مافەکانیان پێویستییان بەوەیە ئاستی زانیاریی خۆیان بەرنە سەرێ و دەست بدەنە دەستی یەکتر و یەکتری هەڵکێشن. دەبێ ژنان کەشێکی خوێندنەوەی باش درووست بکەن. تا ئێستا بە سەدان وتار و چیرۆک و کتێب لەسەر مافی ژنان نووسراوە، بەڵام تا خوێنەرێکی ژنیان نەبێ، گۆڕانکاری و داهێنانێکیش ڕوو نادا. سووربوون لە سەر داوای مافە ڕەواکان و خۆڕاگری لە بەرامبەر کۆسپەکان کلیلی سەرکەوتنی ژنانە لەو خەباتەدا.

**خاتوو تەوار**ـیش ڕای وایە کە ژنان دەبێ لە خۆیانەوە دەست پێبکەن و زیاتر لە کۆمەڵگەدا دیار بن. ئاستی خوێندنەوەیان بەرنە سەرێ بۆ ئەوەی بتوانن منداڵان و نەوەی نوێ جوانتر پەروەردە ببن. دایکان و بابان پێویستە هیچ کۆسپ و ڕێگرییەک لە بەردەم خوێندنی منداڵەکانیان درووست نەکەن. ژنان نابێ خۆیان لە چالاکیی ئابووری بدزنەوە و دەبێ ئەوە وەک ئەرکێک چاو لێبکەن. ژنان نابێ خۆیان بە کەم بگرن. ئەدی نووسەرانی گەورەی ئێمە، ژنە پزیشکەکان و ژنە سەرکەوتووەکان کە ئێستا لە بەرزاییەکان وەستاون مەگەر هیچ بەربەستییان نەبووە؟ ژیانیان ناخۆش نەبووە؟ هاواری مافخوازیی ژنان بە هێز و بە زانست دەکرێ و ژنان دەبێ هەر دوو ئەو شتەیان هەبێ.

**خاتوو هەڵاڵە ب**، ئاوا ئاکامگیری لە باسەکە دەکا؛ ژن هەتا بڵێی بوونەوەرێکی ورد بینە. ناسینی دنیای ژنان هەم دژوارە هەم کاتبەر، بەڵام دنیا لە ڕوانگەی ژنەوە پڕە لە جوانیی قەدەغە کراو، پڕە لە ئاواتی بابردوو. قسە ئەوەیە کە ژن دەبێ لە ڕوانگەی خۆیەوە بڕوانێتە دنیا و بڕیار بۆ مان و ژیانی بدا. ژن دەبێ خۆی شوناسی خۆی پێناسە بکا و بتوانێ بیهێنێتە دی. خوێندنەوە و ئاگایی و کاری بەکردەوەش تەنیا کلیلی بەدیکردن و وەدیهێنانی ئەم شوناسەیە.

ژن دەبێ ئەوەندە بەهێز بێ کە هیچ پیاوێک نەتوانێ ئازاری بدا و بە قۆناغێک لە متمانە بەخۆبوون بگا کە بە هێزەوە پێناسەی خۆی بکا؛ بەڵام خۆ لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێ لە برێ هەڵسوکەوتی پیاوان چاوپۆشی بکا. قسە ئەوەیە کە ئەوەی ئەمن یان تۆ سەبارەت بەو بارودۆخە نارەزایەتی دەردەبڕین دەبێ گشتی بێتەوە و بۆ ئەوەش پێویستە ئەمن و تۆ و ئەوانی دیکەش ژنانی دەوروبەرمان هان بدەین بۆ بێدەنگ نەبوون لە بەرامبەر زۆر لەو پاوانخوازییانە.

## "یەکگرتوویی" لە هەموو بەستێنەکاندا

کار لە سەر ئەم زەروورەتە بکا. بۆ بەرجەستەکردنەوەی ئەم زەروورەتە، تێکۆشەران و چالاکانی نێوخۆی وڵات لە هەموو بوار و بەستێنەکاندا بێ ئەوەی بتوانن لە نێوان خۆیاندا واز لە هێندێک وردە ناکۆکی و دڕدۆنگی بهێنن، ناتوانن ببنە ئولگوویەکی گونجاو کە سەرنجی کۆمەڵگە بۆ ڕەعایەتکردنی زەروورەتی یەکگرتوویی و، لە قۆناغی دواتردا باوەڕمەندبوون بەم زەروورەتە ڕابکێشن.

**قسەی کۆتایی:**

"یەکگرتوویی"، پێش ئەوەی کردەیەکی سیاسی بێ، بابەتێکی کۆمەڵایەتییە کە ڕیشەی لە ڕەفتار، باوەڕ و بەها کلتوورییەکانی میللەتێکدا هەیە. ئێمەی کورد کە زیاتر لە هەموو کەس خۆمان هەست بە دەردی نالێکبوون و نایەکگرتوویی و نەحەوانەوە لەگەڵ یەکتر دەکەین، هەر ئەوەیکە ناتوانین ئەم کەمایەسییە بەم زووانە چارەسەر بکەین، نیشانەی ئەوەیە کە کارێکی ئاسان نییە. گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان و کارکردن لە سەر بۆڵدکردنەوەی بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوەییەکانمان کە ئەرکی هەموو لایەکمانە، دەتوانێ لە گەیشتن بەم زەروورەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییە نیزیکمان بکاتەوە. ئەوەی لەم پێوەندییەدا گرینگە ئەوەیە کە وەک ئەرزشێکی ئەمڕۆیی ژیانی هەموو تاکێکمان سەیری ئەم زەروورەتە بکەین و لە هەموو بەستێنێکدا؛ بنەماڵە، قوتابخانە، ناوەند و ئەنجوومەن، ڕێکخراو و حیزب و بەگشتی کۆمەڵگە، کاری بۆ بکەین.

کوردستان
ژمارە ٧٣٩
١٥ی سەرماوەزی ١٣٩٧ _ ٦ی دیسامبری ٢٠١٨

# دیرۆکی خۆڕاگری

(لە دیکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

## سەنگەری زیندان



مستەفا فەقێ

«مستەفا فەقێ»م و ساڵی ١٣٤٠ لە گوندی موشیرئابادی ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە دایک بووم.

ئەمن لە کاتی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ لە بۆکان دەمخوێند. لەگەڵ سەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستان گوندەکەی ئێمە و ئاواییەکانی دەوروبەر وەک گوێگجەلی، قەڵا، برایم ئاباد، گامێشگۆلی و عەسکەرئاباد کە سەر بە شاری میاندواو بوون، ڕۆژ نەبوو هەڵنەکوتنە سەریان و خەڵکە بێتاوانەکەی ئەزیەت نەدەن. ئەمن کە پێشتریش بەهۆی دایکمەوە _خەدیجە کەریمی_ لەگەڵ مێژووی شۆڕشی کورد و جووڵانەکانی ئاشنا ببووم. باوکیشم مەلا عەبدوڵڵا، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەک لەو کەسانە بوو کە لە ڕاپەڕینی جوتیارانی موکریاندا بەشداریی کردبوو. ئەوە بوو کە منیش ساڵی ١٣٦١ پێوەندیم بە کادرەکانی حیزبی دێموکرات شەهیدان برایم شوجاعی ناسراو بە شەماڵ، عەوڵا دووژنە و سمایلی ڕەزاییەوە گرت و وەک ئەندامی حیزب وەرگیرام. ساڵی ١٣٦٤ و دوای ئاشکرابوونی شانەیەکی تەشکیلاتیمان بۆ ئەوەی نەگیرێم ڕووم کردە تاران و ساوە و ساڵی ١٣٧٠ پێوەندییەکانم لەگەڵ حیزب لە ڕێگەی شەهید مەنسوور ئالبلاغی گرێ دایەوە، بەڵام لەلایەن ئیدارەی ئێتلاعاتەوە خرامە ژێر فشارەوە و تەنانەت کار گەیشتە ئەو جێیەی لە شوێنی کارەکەم دەرکرام.

ساڵی ١٣٩١ لە دەفتەرخانەی ژمارە ٧ی مەهاباد کارم دەکرد کە بانگ کرامە ئیدارەی ئێتلاعات و خستیانمە ژێر لێکۆڵینەوە. پاش چەند سەعات جەزرەبەدانی ڕووحی سواری ماشێنیان کردم و بردیانمە ماڵی خۆمان. قەت ئەو ڕۆژە لە بیر ناکەم تاقانە کچەکەم و خێزانم چۆن فرمێسکیان هەڵدەوراند، بەڵام ئەوان بۆ چرکەیەک ئێزنیان نەدا لە لایان دابنیشم و دوای پشکنینی ماڵ و کەلوپەلی تایبەت بە خۆم، لاپتۆپ و کۆمەڵە شتێکیان هەڵگرت و بەرەو ئێتلاعاتیان بردمەوە.

بردمیانەوە. دوای چوار ڕۆژ دایانم بە زیندانی ناوەندیی مەهاباد و سێ مانگ دوای بەندکرانم و دادگاییکردنم، بە تاوانی! ئەندامەتی لە حیزبی دێموکرات سزای ٤ ساڵ زیندانیم بەسەردا سەپا.

ئێمە وەک زیندانیی سیاسی کاتەکانمان زیاتر بە خوێندنەوەی کتێب و وەرزش تێدەپەڕی. بەندییە سیاسییەکان وەک ئۆلگوو وابوون لەنێو بەندیخانەدا و بەند و سللولەکانیشیان کردبووە سەنگەری مافخوازی و خۆڕاگری.

ئەگەرچی لەم ساڵانەی دواییدا شێوازی ئیدارەی زیندانەکان و هەڵسوکەوت لەگەڵ بەندییەکان گۆڕابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر دیاردەی دیکەی وەک بڵاوکردنەوەی مادەی هۆشبەر و جێخستنی نیزامی سیخوڕی لە زیندانەکاندا پەرەی سەندووە. زیندانی مەهابادیش کە زۆر زیاتر لە زەرفییەتی خۆی خەڵکیان تێ خزاندووە، بەدەر لەو بارودۆخە گشتییە نەبوو. خواردن تا بڵێی خراپ بوو، بە ٤٠٠ بەندی ٨ ژووری حەمام دابین کرابوو و زۆر جاران ئاوی گەرمیش نەبوو. گەندەڵی و کردنەبازاڕی زیندانیش لەلایەن بەرپرسانی زیندان لە جێی خۆی کە لەسەر حسێبی زیندانیی بێئەنوا چ قازانج و دەسکەوتێکیان لەسەر یەک دادەنا.

زیندانیانی سیاسی لە نێو زیندان‌دا ئەگەر لەلای بەندییەکان بەقەدر و حورمەت بوون، بەڵام بەرپرسانی زیندان تۆڵەیان لێ دەکردنەوە. بۆ نموونە قازی چاوەدێری زیندان، بەرپرسی شووڕای زیندان بە ناوی قودرەت کاتی گرتنی کۆبوونەوەی شووڕا بۆ مەرەخەسیدان، داوای زیندانییانی سیاسیی وەلا دەنا، بۆ نموونە ئەمن بۆ خۆم ماوەی ٢٦ مانگ کە لە زیندان بووم تاق ڕۆژێک مەرەخەسیم نەدرایە.

لە زیندان لەگەڵ زۆر بەندیی سیاسیی خۆشناوی وەک کوردپوورەکان و کەڵەپیاوی خۆڕاگری وەک مەنسوور ئاروەند ئاشنا و هاوبەندی بووم. بۆ نموونە ئەگەرچی ماوەیەکی کورت لەگەڵ شەهید مەنسوور ئاروەند لە ژوورێکدا بووین، بەڵام هەر لەو ماوە کورتەدا گەلێ وانەی خۆڕاگری و ئیمان بە ڕێبازی کوردایەتیی لێ فێر بووین. قسەیەکی لەخۆڕا نییە کە بڵێم لە نێو زیندانەکان دایە کە گەورەیی و شانازییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەگشتی بزووتنەوەی سیاسیی کوردت بۆ دەردەکەوێ. لە زیندان دایە کە هەست بە غرووری نەتەوەیی خۆت دەکەی و بڕیار دەدەی تا دواهەناسە لەسەر ئامانجی پیرۆزت بمێنیتەوە و نە کەندوکۆسپ و نە فشار و ئەشکەنجە نەتوانن چۆکت پێدابدەن.

دوای کێشانی نیوەی ماوە زیندانییەکەم و پاش چەند جار داواکردن لە بەڕێوەبەرایەتیی حوکمەکانی مەهاباد کە بێ وەڵام مابوونەوە، دواجار لە مانگی ڕێبەندانی ١٣٩٣ لە زیندان ئازاد بووم. گیران و ٢٦ مانگ مانەوە لە زیندان زۆر شتی لە من ئەستاندبوو، وەک ئەوەی بێکار ببووم و ١١ ساڵ ڕابردووی کار لە دەفتەرخانە و ٢١ ساڵ بیمەم فەوتا، بەڵام شانازیی سووربوون لەسەر باوەڕەکانم پێ بڕابوو.

دوای ئازادبوون لە زیندان بەهۆی بێکاری و بێدەرەتانی کەوتمە زۆر تەنگانەوە. لە چەند شوێن ماوە ماوە کارم دەکرد و خۆم لەسەر پێ ڕاگرتبوو. بەڵام لەلایەک بەهۆی ئەم نەخۆشییانەی هەمبوو و لە زینداندا تەشەنەیان سەندبوو،و لەلایەکی دیکە فشاری زۆری ناوەندە ئەمنیەتییەکان کە ژیانیان لێ تاڵ کردبووم و وەئامانیان هێنابووم؛ بڕیارمدا ڕۆژهەڵات و زێدەکەم جێ بهێڵم و بێمە نێو سەنگەری ئاشکرای خەباتەوە. ئەوە بوو کە لە گەلاوێژی ١٣٩٤دا هاتمە نێو ڕیزەکانی حیزبەکەم، حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە پۆشینی بەرگی پێشمەرگایەتی ئاواتی ٣٠ ساڵەی ژیانم وەدیهێنا.

زیندان ئەگەرچی زۆر شتی لە من ستاند، بەڵام دەرگای دنیایەکی دیکەی بەڕووی مندا کردەوە، قانع گوتەنی:

«بیری ئازادیم لە زیندانا فراوانتر دەبێ
قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە...»

# بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد لە نێوان داخوازییە سینفی و نەتەوەییەکاندا



ڕەحمان سەلیمی







بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەک بەرهەمهێنەری نۆڕم و بایەخەکانی کۆمەڵگەن و لە لایەکی دیکەوە خۆیان بەرهەمی ئەو نۆڕم و بایەخانەن کە لە پێناویدا خەبات دەکەن. واتە پەیوەندیی نێوان ئەو بزووتنەوانە و گەشەی کۆمەڵگە بە هەموو ڕەهەندە ئابووری، کولتووری و سیاسییەکانەوە پەیوەندییەکی دوولایەنە و تەواوکارانەیە. هەرچی توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە ڕێکخراوتر، ئامانجدارتر و شێلگیرتر لە بیاقی گشتیدا دەرکەون، دێموکراتیزەکردنی دەسەڵات و وڵامدەربوونی، بەرچاوتر و ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگە خێراتر دەبێ. بە جۆرێک کە کۆمەڵگەی مەدەنی ڕایەڵەیەکی گەورەی هاوپەیوەندیی نێوان توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە دروست دەکا و لە ئەنجامدا ویژدانی جەمعی کاریگەریی لە سەر یاسا و دامەزراوە گشتییەکان دەکا.

بزووتنەوەی خوێندکاری بە یەکێک لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێ کە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی و فراوانترین بەستێنی لە نێو هەموو بزووتنەوەکان لەخۆ گرتووە. بەو واتایە کە ئامانج، ئاکسیۆن و ڕەهەندی خەباتی خوێندکاران دیارینەکراو، فرەچەشن و بە زۆری پێشبینی نەکراوە و خوێندکاران هەوڵ دەدەن زیاد لەوەی ڕوویان لە دەسەڵاتی سیاسی بێ، بەرەو کۆمەڵگە بڕوانن و کار بکەنە سەر سیستمی بەها و نۆڕمەکانی کۆمەڵگە. خوێندکاران هەستیارترین توێژی کۆمەڵگەن لە ئاست داهێنانە ڕووناکبیرییەکان و هەر بۆیە دەکەونە نێوان ڕووناکبیران و کۆمەڵگە و هزری نوێ دەکەنە هەوێنی تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە، کە لە ئەنجامدا عەقڵانییەتی ڕەخنەگرانەی لێ بەرهەم دێت کە دیارترین تایبەتمەندیی بزووتنەوەی خوێندکارییە.

دەنگهەڵبڕینی خوێندکاران لە ئاست نابەرامبەری و هەڵاواردن و ناکارامەیی دامەزراوە گشتییەکان، وای کردووە کۆمەڵناسانی سیاسی، بزووتنەوەی خوێندکاری بە بزووتنەوەی بەرگری بناسن. هانا ئارێنت دوو تایبەتمەندی بۆ بزووتنەوەی خوێندکاری دەستنیشان دەکا: یەکەم، ڕوحی پرسیارخوڵقێنی لە ئاست هەر پرسێک کە بەرژەوەندیی کورتخایەن یان درێژخایەنی بۆ کۆمەڵگە هەبێ. دووهەم، خاوەنی بیری ئارمانگەرایانەیە و لە هەمان کاتدا دژی هەموو ئەو پەیوەندییانە دەوەستێتەوە کە هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە.

نارەزایەتیدەربڕینی خوێندکارانی زانکۆی تاران دژی سەفەری نیکسۆن بۆ ئێران و سەرکوتی بێڕەحمانەیان لەلایەن هێزە چەکدارەکانی دەسەڵاتی پاشایەتی سەرەتای دەرکەوتنی جیدیی بزووتنەوەی خوێندکارییە لە ئێران. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە خوێندکاران بەر لەو ڕێکەوتە پاسیڤ و بێ هەڵوێست بووبن، بەڵکوو ١٦ی سەرماوەزی ١٣٣٢ وێستگەیەکی گرینگ و مێژووییە لە خەباتی خوێندکاران لە ئێراندا. خوێندکاران لە ژێر کاریگەریی ڕەوتە سیاسییەکانی ئەوکاتی ئێران کە زیاتر چەپ و مەزهەبی بوون، خەبات دژی داگیرکاری و سەرەڕۆییان ڕاگەیاند. ڕەوتە سیاسییەکانی ئەوکاتی ئێران زۆرترین کارتێکەرییان لە زانکۆ وەردەگرت و زۆرترین ئەندام و لایەنگریشیان لە نێو خوێندکاران هەبوو، تەنانەت ساڵانی دواتر خوێندکاران بوون بە پێشەنگی خەباتە چەکدارییەکان. لەو نێوەدا بێگومان خوێندکارانی کوردیش ڕۆڵێکی دیاریان هەبووە و تەنانەت پێشەنگ بوون. بزووتنەوەی چەکداریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی دەرەنجامی کاریگەریی ئەو ڕەوتە فکرییەیە لە سەر خوێندکارانی کورد.

هەرچەند لە کۆتاییەکانی دەیەی ٣٠ و سەرەتای دەیەی ٤٠دا ژمارەیەک خوێندکاری کورد لە زانکۆکانی تاران و شارە گەورەکان بوونیان هەبوو، بەڵام بزووتنەوەیەکی خوێندکاریی کوردی شکڵی نەگرت. هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵنەدانی ئەو بزووتنەوەیە بریتی بوون لە:

ــ کەمیی ژمارەی خوێندکارانی کورد

- ڕوانینی ئەمنییەتی بە نیسبەت خوێندکارانی کورد، کە خۆی بەرهەمی ترسی حاکمیەت بوو لە گەشەی ڕوحی نیشتمان پەروەریی کوردی

ـ لاوازیی چینی نێوەڕاست لەو ژینگەیەی خوێندکاری کورد تێیدا دەژیا. لە کوردستان بەهۆی گەشەنەکردنی ئابووری و فەرهەنگی و هەروەها نەبوونی شاری گەورە، چینی نێوەڕاست نەیتوانیبوو ببێتە هێزێکی شوێندانەر.

### ڕەگەزی نەتەوەیی بوون لە بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردیدا

ئەگەر ڕۆژئاوا بە سەرچاوە و ئاخێزگەی بزووتنەوەی خوێندکاری دابنێین، بۆمان دەردەکەوێ بزووتنەوەی خوێندکاری دیاردەیەکی مۆدێرن و جیهانییە و ناتوانرێ ماهییەتی ئەو بزووتنەوەیە لە وڵاتانی جۆراوجۆر دابەش بکرێ؛ واتە بزووتنەوەی خوێندکاری لە فەڕانسە، بزووتنەوەی خوێندکاریی فەڕانسەوی نییە یان بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئەمریکا خاوەن تایبەتمەندیی نەتەوەیی نییە، بەڵکوو ئاراستەی هزر و کارکرد لە هەموویاندا هاوچەشنە. بە دەربڕینێکی دیکە بەها گشتگیرەکانی وەک ئازادی، دێموکراسی و دادپەروەری لە توخمە هاوبەشەکانی ئەو بزووتنەوەیەن لە سەراسەری جیهان.

پرسیار ئەوەیە؛ بۆچی بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی؟ ئەو هۆکارانە چین کە خوێندکاری کورد لە خوێندکارانی نەتەوەکانی دیکە جیا دەکاتەوە؟ تێکەڵ کردنی ناسیۆنالیزم بە بزووتنەوەی خوێندکاری لادان نییە لە بنەمای ئینسانی و یەکسانی خوازی کە بەشێکن لە فەلسەفەی بوونی بزووتنەوەکە؟

هەروەک ئاماژەی پێکرا خەبات دژی کۆلۆنیالیزم لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی خوێندکارییە. کاریگەریی ڕەوتە فکری و سیاسییە چەپەکان لە سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و یەک لەوان بزووتنەوەی خوێندکاری بە تایبەت لە دەیەی ٦٠ی زاییندا حاشاهەڵنەگرە. هێندێک لە بیرمەندانی کۆمەڵناسی قۆناغی گواستنەوەی چەپی کلاسیک بۆ چەپی نوێ بە دەرەنجامی ڕاستەوخۆی شۆڕشی خوێندکاران لە ئوروپا بە تایبەت لە دەیەی ٦٠ی زایینی دەزانن. خوێندکارانی کوردیش کەوتوونە ژێر ئەو کاریگەرییە گشتگیرە کە بەرهەمی گەشەی فکری چەپ بوو. کوردستان کۆلۆنییەکی داگیرکراوە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە ئەو کەلێنە نەتەوەییەی لە نێوان کورد و نەتەوەی باڵادەست لە ئێراندا هەیە، بۆتە بەشێکی سەرەکی لە کەڵکەڵەی فکری و پراکتیکی خوێندکاران و هانیان دا بۆشایی لاوازبوون یان نەبوونی جووڵەی مەیدانیی ڕەوتە سیاسییە نەتەوەییەکان پڕ بکەنەوە. بەو شێوەیە دەبینین حەوزەی خەباتی خوێندکاری کورد بەرفراوان و لە هەمان کاتدا فرەچەشنە. خوێندکاری کورد لە پەنا هەوڵدان بۆ دەستەبەر کردنی داخوازییە سینفییەکانی خوێندکاران، نوێنەرایەتیی هەموو پرسەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەکا کە پرسی نەتەوەیی تیایدا گرینگترینیانە. تەنانەت دەتوانین بڵێین نیشتمانپەروەری شابەیتی بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردییە، بە چەشنێک کە هەموو ئامانج و جووڵەکانی تری خوێندکاران دەکەونە پەراوێزی ئەو ناسنامەخوازییە. بە دیوێکی دیکەدا گەورەترین هاندەر و بزوێنەری خوێندکارانی کورد، داگیرکاری و هەڵاواردنی نەتەوەییە لە لایەن نەتەوەی باڵادەستەوە. خوێندکاری کورد خاوەن دوو ڕەگەزی «خوێندکار» بوون و «کورد» بوونە کە هەر کامیان بە نۆرەی خۆیان بەشێک لە ئاراستەی فکری و کارکردیی بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی پێک دێنن.

بە ئاوڕدانەوەیەک لە نێوەرۆکی ئەو چالاکییانەی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکان کە لە چەندین وێستگەی دیاری ئەو بزووتنەوەیە لە ئێراندا ئەنجامیان داوە، بە ئاشکرایی دەرکەوتەکانی هەر دوو ڕەگەزەکە دەبینین. لە لایەک خوێندکارانی کورد هاوتەریب لەگەڵ خوێندکارانی سەر بە نەتەوەکانی تری ئێران لە پێناو ئازادی و دەستەبەر کردنی بەها ئینسانییەکان خەبات دەکەن و لە لایەکی دیکەوە پەرە بە وێژمانی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی دەدەن. تێکهەڵکێشکردنی ئەو شێوانە لە خەباتی خوێندکارانی کورد دەتوانێ کاریگەریی بەرچاوی لە سەر داهاتووی پاش ڕزگاریی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ و فەرهەنگێکی سیاسی_کۆمەڵایەتی بەرهەم بێنێ کە تیایدا ئازادی و مافی مرۆڤ و دێموکراسی لە ئەولەوییەتەکانی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی سیاسی بن.

# ئەمنێستی ئینترناشناڵ: ئێران لە درێژەپێدانی جینایەتی دژی مرۆڤایەتی بەردەوامە




ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی ڕایگەیاندوە کۆماری ئیسلامیی ئێران چارەنووسی هەزاران کەس لە دژبەرانی سیاسیی خۆی لە ساڵی ١٣٦٧دا ئێعدامی کردوون شاردووەتەوە و، ئەوەش درێژەی جینایەتە لە دژی مرۆڤایەتی. ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی دوای ٣٠ ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی ئەو ئێعدامانە، لە ڕاپۆرتێکی ٢٠٠ لاپەڕەییدا ئاماژەی بە هەوڵەکانی ئێران بۆ شاردنەوەهێشتنەوە و دیزەبەدەخۆنەکردنی ئەم ڕووداوە کردووە و بە جینایەت دژی مرۆڤایەتیی ناو بردووە. فیلیپ لۆتێر، بەرپرسی ئەم ڕێکخراوەیە دەڵێ بێ هەڵوێستی کۆمیسیۆن و شوورایی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕادەست نەکردنی ئەو پەروەندەیە بە شورای ئەمنییەت، وایکردووە کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران خۆ لە ڕاستییانە بدزنەوە و لە ئازار و ئەشکەنجەدانی ئەو بنەماڵانە بەردەوام بن. ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ دەڵێن ئێستاش ئاماری بەندییە سیاسییەکانی ئێعدامکراو لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی لە بەندیخانەکانی " ئێڤین، گەوهەردەشت، مەشهەد، شیراز و ئەهواز" بەتەواویی ڕوون نەبووەتەوە، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتەکان ژمارەی قوربانییەکان لانیکەم خۆی لە سێ هەزار کەس دەدا و هێندێک لە ڕاپۆرتەکان باس لە زیاتر لە پێنج هەزار زیندانیی ئێعدامکراو دەکەن. ئایەتوڵڵا حوسەینعەلی مونتەزیری، قایممقامی لەسەرکار لابراوی ئایەتوڵڵا خومەینی پێشتر لە دیدار لەگەڵ چەند بەرپرسێکی دادوەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئێعدامەکانی ساڵی ١٣٦٧ی بە گەورەترین جینایەتی ڕێژیمی ئێران ناو بردبوو.

کوردستان
ژمارە: ٧٣٩
١٥ی سەرماوەزی ١٣٩٧ _ ٦ی دیسامبری ٢٠١٨

# پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران لە ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤدا



ڕەزا محەممەدئەمینی

ڕۆژی دەی دێسامبر، ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤە. لە وەها ڕۆژێکدا لە ساڵی ١٩٤٨ کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پێکهاتوو لە ٥٦ وڵاتی ئەندام گەڵاڵەی مافی مرۆڤیان بە زۆرینەی دەنگ لە پاریس پێتەختی فەڕانسە پەسند کرد. دۆخی مافی مرۆڤ پاش ٧٠ ساڵ لە پەسندکرانی ئەو گەڵاڵەیە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان نالەبارە و سەرەڕای هەوڵ و تێکۆشانی ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ، بەتایبەت شووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، لەژێرپێنانی بەشێوەی ڕێژەیی مافی مرۆڤ بەتایبەت لە وڵاتانی ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەر بەردەوامە.

ڕێژیمی پێشووی ئێران، لەو دەوڵەتانە بوو کە دەنگی بە پەسندکردنی ئەو گەڵاڵەیە دا و پێبەندیی خۆی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ ڕاگەیاند. بەڵام لەڕاستیدا مافی مرۆڤ لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی پەهلەوییەکاندا زۆر بەزەقی پێشێل دەکرا و گەلانی ئێران، یەک لەوان گەلی کورد بە توندترین شێوە سەرکوت دەکران و ڕۆڵەکانی لە گرتووخانەکاندا ئەشکەنجە دەکران و لە سێدارە دەدران. لە سەردەمی ڕێژیمی دیکتاتۆری و سەرەڕۆی پەهلەوییەکاندا بناغەی دەوڵەتێکی ناوەندگەرا لە سەر بنەمای نەتەوەی فارس دامەزرا و نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش لە هەموو ماف و ئازادییەکانی خۆیان، بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ مافە نەتەوایەتییەکانیان بێبەش کران. ڕێژیمی پاشایەتی لە حاڵێکدا ئەو بەڵگەنامە و جاڕنامەیەی ئیمزا کردبوو کە بەپێی زۆربەی خاڵەکانی جاڕنامەکە، مرۆڤەکان دەبێ هەموو مافەکانیان بە مافی نەتەوایەتی و ئایینی و کلتوورییەوە و... پارێزراو بێ و دەوڵەتەکان دەبێ ڕێز لە هەموو کەمایەتییەکان بگرن. بەڵام ڕێژیمی پاشایەتی نەک هەر ڕێزی لە ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکانی ئێران نەدەگرت، بەڵکوو هەروەک لە مێژووی ڕەشی خۆیدا تۆماری کردووە، نەتەوەکانی غەیرە فارسی سەرکوت دەکرد و سیاسەتی توانەوە و ئاسیمیلاسیۆن بە شێوەی زیرەکانە و بەرنامە بۆ داڕێژراو بەڕێوە دەچوو. زۆر نموونەی وەک شەهیدکرانی سمکۆی شکاک، ڕووخانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان و لەسێدارەدرانی سەدان کەس لە شۆڕشگێڕانی کورد و ئازەری، بەتایبەت پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی هەن و هەروەها گیران و لە سێدارەدرانی دەیان کەس لە ئەندامان و خەباتکارانی حیزبی دێموکرات لە بەندیخانەکان و بەتایبەت لە پادگانی پیرانشار بە دەستی تیمسار «ئۆوەیسی» تەنیا چەند نموونەیەکن لە جینایاتی ڕێژیمی پێشوو کە لە چوارچێوەی لەژێر پێنانی زۆر زەق و خوێناویی مافی مرۆڤدا پۆلێن دەکرێن.

لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەک هەر باشتر نەبوو، بەڵکوو بەدەیان قات خراپتری بەسەرهات. ئەو ڕێژیمە دژی گەلی و دواکەوتوویە هەر لەسەرەتاوە زۆربەی هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکانی سەرکوت کرد و ئازادیخوازانی لە بەندیخانەکاندا کۆمەڵکوژ کرد و لەهەمان کاتدا بە هێرشکردنە سەر کوردستان، وەک مەکۆ و سەنگەری ئازادیخوازان، شەڕێکی خوێناوی و نابەرامبەری بەسەر گەلی کورددا سەپاند کە ئاسەوارەکەی ئێستاش بە جەستەی کوردستان و گەلی کوردەوە دیارە. لەو ماوەیەدا هەزاران لاوی کورد و نەتەوەکانی دیکە لە بەندیخانەکاندا لە پاش ئەشکەنجە و ئازاری نامرۆڤانە لە سێدارە دراون کە لەسێدارەدرانی سەدان لاوی کورد لە دوای گرتنەوەی شارەکانی کوردستان و هەروەها لەسێدارەدرانی بەکۆمەڵی هەزاران زیندانیی سیاسی لە ساڵی ٦٧ لووتکەی جینایاتی ئەو ڕێژیمە کۆنەپەرستەیە. هەرچەند ڕێژیمی پاشایەتی جینایەتی زۆری دەرحەق بە گەلی کورد خوڵقاند و مافی مرۆڤی بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ مافی نەتەوەکان و ئازادییە سیاسییەکان بە توندی پێشێل دەکرد، بەڵام ئازادییە تاکەکەسییەکان و زۆربەی ئەو ماف و ئازادییانەی کە پێوەندییان بە سیاسەتەوە نەبوون پارێزراو بوون. بۆ وێنە دەتوانین باسی جودایی دین لە دەوڵەت و مافەکانی ژنان لە ڕووی یاساییەوە بکەین کە لە دەستووری بنەڕەتیی وڵاتدا پارێزراو بوون. بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەک هەر ئازادییە سیاسییەکان و چالاکانی سیاسی و ئازادیخوازانی نەتەوەکانی ئێرانی بەتوندترین شێوە سەرکوت دەکرد و ئێستاش هەر لەسەر ئەو سیاسەتانەی بەردەوامە، بەڵکوو زۆربەی یاسا مۆدێڕن و بەها مرۆییەکانی لە یاسای بنەڕەتیدا سڕینەوە و لەجیاتی ئەوان یاسا و ڕێسا دواکەوتووەکانی خۆی چەسپاند کە لە زۆربەی بوارەکاندا ناتەبایە لەگەڵ ڕاگەیەندراوی مافی مرۆڤ و لە ڕاستیدا پێشێلکردنی مافی مرۆڤی بە یاسایی کرد. بۆ نموونەش دەتوانین باس لە پێشێلکردنی مافی ژنان بە شێوەی یاسایی، حیجابیی زۆرە ملی و مافی نەتەوە غەیرە فارسەکان بکەین کە بە شێوەی سیستماتیک بەڕێوە دەچێ.

لەماوەی چوار دەیەی ڕابردووەوە تا ئێستا، هەموو ساڵێ کۆماری ئیسلامی بەهۆی لەژێر پێنانی بێبەزەیانەی مافی مرۆڤ لە هەموو بوارەکاندا لە لایەن ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ مەحکووم دەکرێ و وەک یەکێک لە ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لێ دەکرێ مافی مرۆڤ بپارێزێ. بەڵام لەژێرپێنانی مافی مرۆڤ بەتوندی و شێوەی جۆراوجۆر هەروا بەردەوامە و لە زۆر بواردا نەک هەر کەمی نەکردووە بەڵکوو لە زیادی داوە. گرتن و ئەشکەنجەدانی چالاکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کرێکاری، ژینگەپارێز، پارێزەرانی مافی مرۆڤ و خوێندکاران، دادگاییکردنی ڕواڵەتی و ناعادیلانە و سەپاندنی حوکمی بەندکرانی درێژماوە؛ ڕێژەی بەرزی لەسێدارەدان، تەنانەت لەسێدارەدانی تاوانبارانی کەمتر لە ١٨ ساڵ، بەشێوەیەک کە ئێران هەموو ساڵێ لە سەرووی ئەو وڵاتانەیە کە سزای لەسێدارەدان بەڕێوەدەبەن، سەرکوتی خوێناوی ناڕەزایەتییەکانی کۆمەڵانی وەزاڵەهاتووی خەڵکی ئێران و ... چەند نموونەیەکی دیکەن لە حاڵەتەکانی لەژێرپێنانی مافی مرۆڤ لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش سەرکوت، زەبروزەنگ و لەژێرپێنانی مافی مرۆڤ نەک بەشێوەی ئاشکرا، بەڵکوو سیستماتیک بەردەوامە و نەک هەر لەکورتیی نەداوە، بگرە لەو چەند ساڵەدا زۆر توندوتیژتر و خوێناویتر لە پێشوو بەڕێوە دەچێ. ڕێژیم لە کوردستان دەستی لە ئازار و ئەشکەنجەی خەڵکی بێتاوان و چالاکانی مەدەنی و فەرهەنگی نەپاراستووە و زۆر جار لە داخی نافەرمانیی مەدەنی و بەربەرەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر کردەوە و سیاسەتە دژەکوردییەکانی و پێداگری لە ویست و داخوازەکانیان ڕقەستوورتر و بێبەزەیانەتر ڕۆڵەکانی گەلەکەمانی داوەتە بەر ڕاوەدوونان و ئازار و ئەشکەنجە. کۆماری ئیسلامی ئەگەر لە ساڵەکانی سەرەتای هاتنەسەرکاری بە ناوی شەڕ لەگەڵ بەناو «دژە شۆڕش» سەدان لاوی بێتاوانی کوردی لە گرتووخانەکاندا لە سێدارە دا و پاساوی بۆ جینایەتەکانی خۆی دەهێناوە، ئێستاش بەتاوانی هاوکاری لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان چالاکانی کورد لە گرتووخانەکان دەپەستێوێ. دەزگای بەناو «داد»ی ڕێژیم و ئۆرگانە سەرکوتکەرەکانی سپای پاسداران و ئیدارەی ئیتلاعات پاش پرۆسەی لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەی بەندکراوان وەرگرتنی دانپێدانانی زۆرەملی و پەروەندە سازی، زیندانیی درێژماوەیان بۆ دەبڕنەوە، یان لە سێدارە دەدرێن. نموونەی ئەو کار و کردەوە نامرۆڤانەیە هەر چەند مانگ پێش، لەسێدارەدانی شەش کەس لە لاوانی کورد بوو کە سێ کەسیان لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانان هاوکات لەگەڵ مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە سێدارە دران و سێ کەسەکەی دیکەش لە دوو ڕۆژی دوای پەلامارە خوێناوییەکەی سپای پاسداران بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شارەکانی شنۆ و میاندواو لە سێدارە دران.

لە ماوەی دەسەڵاتداری خۆیدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کارنامەیەکی زۆر ڕەش و پڕ لە جینایەتی بۆ خۆی لە کوردستاندا تۆمارکردووە، کە ناکرێ تەنیا ناوی لەژێرپێنانی مافی مرۆڤی لەسەر دابندرێ بەڵکوو دەبێ وەک جینایەت و ڕەشەکوژی سەیر بکرێ و وڵاتان و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان زیاتر لە پێشوو لەسەری وەدەنگ بێن. کۆماری ئیسلامی بەئاشکرا خەڵکی بێتاوانی کوردستان کە بۆ بژیوی ژیان ناچارن ڕوو لەکۆڵبەری بکەن دەداتە بەر دەسڕێژی هێزە چەکدارەکانی و ڕۆژ نییە هەواڵی کوژران و برینداربوونی یەک یان چەند کۆڵبەرێک نەبێتە سەردێڕی ڕۆژنامە و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان. کەسانێک کە بە هۆی نەبوونی دەرەتانی کارکردن لە شار و گوندەکان و سیاسەتی پەراوێزخستنی بەئانقەستی کوردستان، ناچارن سنوورە دەسکردەکان ببڕن و سەرەڕای تەقەی هێزەچەکدارەکانی ڕێژیم و مەترسیی کەوتنە نێو مەیدانی مین و هەڵدێران لە شوێنە ئاستەمەکان کاری تاقەت پڕووکێنی کۆڵبەری بکەن. کۆماری ئیسلامی هەر بەوەشەوە نەوەستاوە و تەنیا ئەوە کورد نییە کە لە ڕوانگەی ئەو ڕێژیمەوە، دەبێ سەرکوت بکرێ و ئەگەر بۆ دابینکردنی ویست و داخوازەکانی، یان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ سیاسەتەکانی، دەنگی هەڵبڕی دەبێ بە زەبروزەنگ و کوشتوبڕ وڵام بدرێتەوە، بەڵکوو کوردستانیش وەک نیشتمانی کورد لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە دەبێ خاپوور و تاڵان و وێران بکرێ. سووتاندنی بەئانقەست یان بەهۆی مانۆڕەسەربازییەکانی سروشتی کوردستان و بەتاڵانبردنی سامانەکان و ئاسەوارە کەوناراکانی و زەخت و گوشار بۆ ژینگەپارێزان و پێشگرتن لە چالاکییەکانیان بەشێکن لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و لە ڕاستیدا ئەو ڕێژیمە کوردکوژە لەگەڵ ئەوەی پێداگری لەسەر بەناو تەواوییەتی ئەرزی ئێران دەکا، کوردستان بە بەشێک لە خاکی ئێران دانانێ و هەمیشە بەچاوی ناوچەیەکی داگیرکراو و هەستیار و ئەمنیەتی سەیری دەکا، هەربۆیەش بۆی گرینگ نییە چ بەسەر خەڵک و خاکەکەیدا دێ و تەنیا دەیهەوێ بە قیمەتی کاولکرانیشی بێ سوودی لێوەرگرێ و گەلی کوردیش لەئاست ئەو سیاسەتە بێدەنگ بن و متەقیان لێنەیە.

بێگومان لەژێرپێنانی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستان بەشێوەی ئێستا هەتا ئەو ڕێژیمە لەسەر کار بێ درێژەی دەبێ و چاوەڕوان ناکرێ بە ئیدانە کردنی سەرزارەکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان یان ڕێکخراوەکانی دیکەی پارێزەری مافی مرۆڤ واز لە جینایەت و پێشێلکارییانە بێنێ، هەر بۆیەش کۆمەڵگەی جیهانی و وڵاتە دەسڕۆیشتووەکان جگە لە مەحکوومکردنی کۆماری ئیسلامی، دەبێ بۆ هەوسارکردنی لەلایەک بەشێوەی یەکگرتووانە گوشاری بخەنە سەر و لە لایەکی دیکەش هەر چەشنە سات و سەودایەکی سیاسی و بازرگانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ببەستنەوە بە باشتربوونی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێراندا.



## کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی کاریی پێک هێنا



کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی کاریی یەک ڕۆژەدا کۆمەڵە بابەتێکی تەشکیلاتی و مودیرییەتیی نێوخۆیی حیزبی تاوتوێ کرد و بڕیاری لەسەر دان. کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژی چوارشەممە، ٧ی سەرماوەز (٢٨ی نۆڤامبری ٢٠١٨) بۆ باس لەسەر چەند بابەتێکی ئیداری و تەشکیلاتیی نێوخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆ بۆوە و؛ دوای گەنگەشەی ئەو باسانە بڕیاری بۆ دان. ئەم کۆبوونەوەیە بە دەقەیەک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ڕێی ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد و، دواتر دەستووری کاری کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لەلایەن بەشدارانی کۆبوونەوەکە پەسند کرا. لە بڕگەی یەکەمی کاری کۆبوونەوەکەدا جێی بەتاڵی چوار ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە پەلامارە مووشەکییەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر قەڵای دێموکرات شەهید ببوون، پڕ کرایەوە. لە بڕگەکانی دیکەی ئەم کۆبوونەوەیەدا چەند بابەتێکی تەشکیلاتی و مودیرییەتیی نێوخۆیی حیزب خرانە بەرباس و کۆمیتەی ناوەندی دوای تەتەڵە و لێکدانەوەی باسەکان بڕیاری لەسەر دان. کۆبوونەوەی کاریی یەک ڕۆژەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پەسندکردنی چەند ڕاسپاردەیەک بۆ باشتر ڕاییکردنی کاروباری نێوخۆیی حیزبی، کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

## سەردانی هەیئەتێکی نۆرویژی لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان



پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ٦ی سەرماوەز هەیئەتێکی نۆروێژی پێکهاتوو لە کۆمەڵێک کەسایەتیی ئەکادیمی و ئینساندۆستی نۆروێژی کە لەگەڵ ڕێکخراوی نۆروێژیی «هاوپێوەندیی لەگەڵ کوردستان» کار دەکەن، سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد. وەفدە نۆروێژییەکە لەلایەن بەڕێز «یان بۆیەر ڤیندهایم»، یەکێک لە بەرپرسانی ڕێکخراوی هاوپێوەندی لەگەڵ کوردستانەوە سەرپەرستی دەکرا و لەلایەن بەڕێز مستەفا مەولوودی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پێشوازیی لێ کرا. لە سەرەتای دیدارەکەدا وەفدی نۆروێژی وێڕای دەربڕینی هاودەردی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەی شەهیدان سەبارەت بە جینایەتی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و بێزاری لەو جینایەتەی کۆماری ئیسلامی، ئاماژەیان بەوە کرد کە لە کاتی مووشەکبارانەکەدا بەشداریی ئەو چالاکییانەیان کردووە کە لەلایەن کۆمیتەی حیزب لە نۆروێژ و بنەماڵەی شەهیدەکانەوە بۆ شەرمەزارکردنی ئەو جینایەتە وەڕێ خراون. پاش ئەوە، جیا لە هۆگریی پێشوویان بە کوردستان، ویستوویانە زیاتر ئاگاداری پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بن. ئینجا سکرتێری گشتیی حیزب وێڕای سوپاس لە سەردانی وەفدە نۆروێژییەکە و دەربڕینی ئەمەگناسی لە هەموو ئەو کەسایەتی و لایەنە کوردستانی و بیانییانەی پاش ئەم کارەساتە سەرنجیان داوەتە خەباتی حیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێندێک لایەنی زەمینە و دەرەنجامەکانی مووشەکبارانی قەڵای دێموکراتی بۆ وەفدی نۆروێژی ڕوون کردەوە. لە درێژەی دانیشتنەکەدا هەردوو وەفدی نۆروێژی و حیزبی دێموکرات سەبارەت بە بارودۆخی ناوچە، سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی، ئایندەی ئێران، دۆخی ئێستای بزوتنەوەی کورد و خەباتی حیزبی دێموکرات ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

## بەشداریی یەکیەتیی لاوان لە کۆنگرەی دووهەمی لاوانی HDP لە باکووری کوردستان



ڕۆژی یەکشەمە، ٤ی سەرماوەز شاندێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرپەرەستیی پێشەوا عەلیپوور سکرتێری گشتی یەکیەتیی لاوان لەسەر بانگهێشتی فەرمی لاوانی HDP لە باکووری کوردستان بەشدارییان لە کۆنگرەی دووهەمی ئەو ڕێکخراوەیە کرد لە شاری ئامێد. لە ڕەوتی کاری کۆنگرەکەدا پێشەوا عەلیپوور، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوان پەیامێکی پێشکەش کرد. لەو پەیامەدا باس لە دۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پێگەی کورد لە هاوکێشەکانی ئێستادا و، هەروەها پلاتفۆرمی لاوانی کورد باسکرا. پێشەوا عەلیپوور هەروەها باسی ئیرادەی لاوانی کوردی کرد لە دوای مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و ئیرادەی خۆڕاگرانەی سەلاحەدین دەمیرتاشی لە زیندانی تورکیەدا بەرز نرخاند.

## د.کامڕان ئەمین‌ئاوە:

# کێشەی سەرەکیی کورد نەبوونی ناسیۆنالیزمێکە کە بتوانێ زۆرینەی خەڵکی کوردستان لە دەوری ئاڵای سەربەخۆیی کۆ بکاتەوە

دیمانە: عەلی بداغی

**"سەت ساڵ لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی تێپەڕی. ڕووداوێک کە بووە هۆی دروستبوونی چەندین وڵات لەسەر نەخشەی سیاسیی جیهان. ڕەوتێک کە دواتریش لەدایکبوونی کۆمەڵێک وڵاتی دیکەی لەسەر بنەمای نەتەوەخوازی لێکەوتەوە. بەڵام کورد سەرەڕای خەباتی بەردەوامی بە درێژایی سەدەی بیستەم و تا ئێستاش، ئەم ئاواتەی نەهاتووەتە دی، بۆ؟ هۆکارەکان چین؟ ئەم بابەتەمان لەگەڵ د.کامڕان ئەمین‌ئاوە، نووسەر و توێژەری مێژووی کورد و ئێران تاوتوێ کردووە"**



**یەکێک لە دەرەنجامەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی، هەڵوەشانی ئیمپڕاتوورییەکان و بەهێزبوونی نەتەوەخوازی بوو، ئەوەش بوو کە بە دەیان وڵاتی نوێ هاتنە سەر نەخشەی سیاسیی جیهان، بۆ عەرەب لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقا توانییان چەند وڵاتی نوێ درووست بکەن، لە باڵکان و ئورووپاش چەند وڵاتی نوێ درووست بوون، بەڵام بۆ کورد نەیتوانی لەو دەرفەتە کەلک وەرگرێ؟**

تەواو بوونی شەڕی یەکەمی جیهانی و دانوستانی وڵاتە زلهێزەکان هەر ئەو جۆرەی بۆخۆشتان لە پرسیارەکەدا ئاماژەتان پێ کرد، هەر چەند هۆی پێکهاتنی چەندین وڵاتی سەربەخۆی نوێ لە سەر نەخشەی جیهاندا بوو، بەڵام لە بۆ کورد، نەک ئاکامێکی باشی نەبوو، بەڵکوو کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی کرایە سێ کوت و چارەنووس و کێشەی کورد، هەروەها ڕەوتی خەباتی ئەوانی گەلێک ئاڵۆزتر کرد.

لەوە بەولا خەڵکی کورد تووشی شەڕ و خەباتێکی بێ پسانەوە لەگەڵ چوار دەوڵەت هات کە هەر کامیان سەر بە وڵاتێکی زلهێزی جیهانی بوون و وێڕای تەواوی ناکۆکییەکانیان لەگەڵ یەکتری، زۆر بە هاسانی بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە بەشە داگیرکراوەکانی کوردستان یەکیان دەگرتەوە. پێم وایە لەبەر ئەوەی بتوانین هۆیەکانی بەدەوڵەت نەبوونی کورد لەو سەردەمەدا تا ڕادەیەک دەستنیشان بکەین، پێویستە بە کورتی، ئاوڕێک لەم شەڕە و ئاکامەکانی وەکوو گەورەترین کارەساتی سەدەی بیستەم؛ هەروەها جێگە و پێگەی کورد لە ڕووداوەکاندا بدەینەوە.

دەستپێکی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ئاگۆستی ساڵی ١٩١٤ لە نێوان بەرەی ئوتریش (نەمسا)_ ئاڵمان و پەیوەستبوونی دەوڵەتی عوسمانی بەوان، لەگەڵ بەرەی ئینگلیس، فەڕانسە و ڕووسیە کە زۆرتر بەرهەمی گەورە قەیرانێکی مێژوویی و لە پێناوی دابەشکردنی کۆلۆنییەکان بۆ وەدەستهێنانی سوود و ئیمتیازێکی زۆرتر لە بازاڕە جیهانییەکان بوو، کوردستانیشی کردە گۆڕەپانی شەڕ و ململانێی ئەم دوو بەرەیە، بە تایبەتی پاش داگیرکرانی بەشێکی بەرچاو لە خاکی ئێران لە لایەن بەشدارانی شەڕەوە لە سەرەتای نوامبری ساڵی ١٩١٤، کوردیش خوازیار و ناخوازیار تێکەڵاوی ئەم شەڕە بوو و وڵاتەکەشی تووشی خەسارێکی گەورەی مادی و ئینسانی هات.

دەوڵەتی عوسمانی بەپێی ئەوەی کە سیاسەتەکانی تەبابییەکی زۆری لەگەڵ بەرژەوەندیی ئاڵمان لە ناوچەی ڕۆژهەڵات هەبوو، لەلایەکی دیکەشەوە گرووپە دەست ڕاستییەکانی پان تورکیست و پان ئیسلامیست خوازیاری پێکهێنانی حکوومەتێکی گەورەی تورک بوون و، پێشیان وابوو ئاڵمانییەکان لەم ڕەوتەدا پشتیوانییان لێ دەکەن، لە نوامبری ساڵی ١٩١٤ بە فەرمی تێکەڵاوی بەرەی ئوتریش و ئاڵمان بوو لەم شەڕەدا. سوڵتانی تورک لەبەر ئەوەی ڕەنگ و ڕووی ئایینی بە شەڕەکە بدا و پشتیوانیی موسڵمانەکانی کورد و عەرەبیش بەرەو خۆ ڕابکێشی، وێڕای فتوای جیهاد، ڕایگەیاند دەوڵەتەکانی ڕووسیە، بریتانیا و فەڕانسە هەوڵی کوژاندنەوەی ڕووناکیی ئاسمانی ئیسلام دەدەن، بەڵام ئاڵمان، ئوتریش و مەجارستان پشتیوانی ئیسلامن. ئەم «جیهادە پیرۆزە» و هەوڵەکانی تۆڕی سیخوڕی تورک و ئاڵمانی، بوون بە هۆی ورووژاندنی بەشێک لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژ بە ڕووسەکان و، بەشداریی هاوبەشی تورک و کورد بۆ وێنە لە هێرشکردنە سەر یەکەکانی سپای ڕووس لە ورمێ، گرتنی ساباڵغ، مەراغە، تەورێز و خۆی و شارەکانی دیکە. بەڵام پاش سەرکەوتنی ڕووسەکان لە سەرەتای ساڵی ١٩١٥ لە بەرەی شەڕەکانی دژ بە تورکەکاندا، تەواوی ئەو بەشانە دەکەونەوە دەستی ڕووسەکان و شەڕەکە تەنانەت ناوچەی وان، هەمەدان، کرماشان و زۆربەی شارەکانی کوردستانی ئێران دەتەنێتەوە. پاش ئەم سەرکەوتنانەی کە ڕووسەکان بە تایبەتی لە کوردستاندا وەدەستی دەهێنن، لە مارسی ١٩١٥ ئینگلیس و ڕووسیەی تزاری گرێبەستێک بۆ دابەشکردنی خاکی ئێران لە نێو خۆیان واژۆ دەکەن.

**بەدەر لە هەڵوێستی ڕەسمیی ئێران، هەڵوێستی کوردەکانی ئەم وڵاتە و عەشیرەتەکانی دیکەی کوردستان لە لایەنگریی بەرەکانی شەڕدا چ بوو؟**

لەم کاتەدا هەرچەند ئێران بە فەرمی خۆی بێلایەن ڕاگەیاندبوو، بەڵام لە کردەوەدا ڕووس و ئینگلیسییەکان لەلایەک و تورک و ئاڵمانییەکانیش لەلایەکی دیکەوە دژ بە یەک شەڕیان دەکرد و ئێران تووشی تاڵان و وێرانی و کوشتاری هەر دوو لایەنی شەڕ ببوو. ئێران تەنیا بە ڕواڵەت وڵاتێکی سەربەخۆ بوو، دەنا لێنین گوتەنی لەو سەردەمەدا نۆ لە دەی ئەم وڵاتە بە کۆلۆنی دەژمێردرا.

عەشیرەکانی کورد، بە تایبەتیی ئەوانەی لەسەر یان نیزیکەی سنووری ڕووسیە و عوسمانی بوون بە هۆی گۆڕانکاریی هێزەکانی ڕووسیە و عوسمانی، هاوپەیمانەکانی خۆیان دەگۆڕی. بۆ وێنە هەر وەکوو ئاماژەم پێکرد لە سەرەتای شەڕەکەدا عەشیرە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرتر پشتیوانییان لە عوسمانی دەکرد، بەڵام پاشەکشەی عوسمانی و پێشڕەوی ڕووسیە لە بەرەکانی شەڕدا، بوو بە هۆی گۆڕانی بارودۆخی ئەم ناوچەیە و نیزیکبوونەوە و دەستپێکی پێوەندیی سەرۆک عەشیرە، بەگ، دەرەبەگ و شێخ و ئاغاکانی کوردستان لەگەڵ ڕووسەکان.

بەگشتی ڕووس و ئینگلیس لە ڕەوتی ئەو شەڕەدا وێڕای کەلک وەرگرتن لە کوردەکانی ئێران و عوسمانی، لەکردەوەدا هیچ پلان و بەرنامەیەکی ڕاستەقینەیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی نەبوو، کوردیش لە باشترین حاڵەتدا بۆ ئەوان ڕۆڵی شەڕڤانێکی باش و بە جەرگی هەبوو.

**ئەدی ئەو هاوکێشە و هاوسەنگییە دوای کۆتاییهاتنی شەڕ چی لێ بەسەر هات؟**

لە سەردەمی شەڕ و پاش تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی وڵاتانی ڕووسیە، ئینگلیس و فەڕانسە بەپێی بەرژوەندیی و هاوسەنگیی هێزەکانیان لە ئاستی جیهان و ڕۆژهەڵاتی نیزیک، هەڵسوکەوت و مامەڵەیان لەگەڵ یەکتر و خەڵکی ئەو ناوچەیە و یەک لەوان کوردەکان دەکرد.

بۆ وێنە لە نێوان کۆبوونەوەی ئاشتیی پاریس لە ساڵی ١٩١٩ هەتا واژۆکردنی گرێبەستی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣، بە پێی بەرژوەندی و هاوسەنگیی هێزەکان، ئاڵوگۆڕی جۆراوجۆر لە هەڵوێستی ئەم وڵاتانە سەبارەت بە گەلانی ناوچەی ڕۆژهەڵات و یەک لەوان کورد پێک دێ و پێم وایە خراپ نییە بە کورتی ئاماژەیان پێ بکەین.

کۆنفڕانسی ئاشتیی پاریس لە ژانویەی ١٩١٩ هەتا ١٩٢٠ درێژەی هەبوو و دەوڵەتە سەرکەوتووەکانی شەڕ بڕیاریان لە سەر داهاتووی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی دەدا. لەم هەڵوێستانەدا بە چەشنێک چواردە خاڵی «وودرۆ ویلسۆن» سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە بەرچاو گیرابوو. لە خاڵی ١٢ی ویلسۆندا سەرەڕای ئاماژەکردن بە سەربەخۆیی و دەستەڵاتداریی بەشە تورک نشینەکانی عوسمانی، باس لە پێدانی دەرفەتی پێویست بۆ ژیانێکی هێمنانە و بارودۆخی پێویست بۆ گەیشتنی نەتەوەکانی دیکە بە سەربەخۆیی دراوە. لەم کۆنفڕانسەدا ژێنڕاڵ شەریف پاشا کە لە ساڵی ١٩٠٩وە لە پاریس دەژیا، وەکوو نوێنەری کورد و، بۆغوس نۆبار پاشا، نوێنەری ئەرمەنییە تاراوگەنشینەکانی عوسمانی و ئاوتیس ئاهارۆنیان، نۆێنەری یەکەم کۆماری ئەرمەنستان بەشدار بوون. لەم کۆنفڕانسەدا لە بڕیارنامەی لیژنەی بریتانیا باس لە جیابوونەوەی ئەرمەنستان، سووریە، بێن چۆمان، کوردستان. فەلەستین و عەرەبستان لە ئیمپڕاتووریی عوسمانی کرابوو. پاش گرێبەستی ئاشتی لەگەڵ ئاڵمان لە ژوئەنی ١٩١٩، ئەمریکا خۆی لەم ڕەوتە دەکێشێتە دواوە و لە کۆنفڕانسی سان ڕێمۆ [ئاوریل_ مای ١٩٢٠] وڵاتە سەرکەوتووەکانی شەڕ، شەرت و مەرجەکانی خۆیان بۆ ئاشتی لەگەڵ عوسمانییەکان دەدەنە ئەستەنبوڵ. دەوڵەتی تورک لە درێژایی ئەم ڕەوتەدا هەوڵی خۆی دەدا هەتا پانتایی ئەو ناوچانەی کە قەرار بوو لێی جیا کرێتەوە، کەم کاتەوە و هاوکات کوردەکان تووشی چەند بەرەکی بکا. لە نێو کوردەکانی عوسمانیدا «جەمعییەتی تەعالی کوردستان» خوازیاری چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ڕێگای وەرگرتنی خودموختاری لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها هاوپەیمانی حیزبی حوڕییەت و ئیئتلاف بوو. هەڵبەت لە نێو ئەم ڕێکخراوەیەشدا دوو بەرەکی هەبوو و جەوانەکانی خوازیاری سەربەخۆیی کوردستان بوون. لە کۆنگرەی ئەرزڕۆمیش لە ژوئەنی ١٩١٩ کەسایەتییەکانی بزووتنەوەی کورد، بڕیارنامەیەکیان سەبارەت بە هۆگریی خۆیان بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی تورک پەسەند کرد، هەڵبەت هاوکات ڕایانگەیاند ئەگەر کاربەدەستانی تورک بەڕێوەبردنی وڵاتی کوردانیان پێ نەسپێرن، دەست بە ڕاپەرین دەکەن. لە لایەکی دیکەشەوە کەماڵ ئاتاتورک هەوڵی دەدا لە ڕێگای پان ئیسلامیستییەوە دەرەبەگە کورد و شێخەکان و هتد بە دژی ئەرمەنییەکان هان بدا و لە شەڕی دژ بە ئەرمەن کەلکیان لێ وەربگرێ.

لەهەر حاڵدا لە پەیمانی سێور لە ئاگوستی ١٩٢٠ مافی بەشێک لە کوردان [تورکیە] وەکوو نەتەوەیەکی سەربەخۆ بە فەرمی ناسێندرا و لە مادەی ٦٤ی ئەم پەیماننامەیە ئاماژە بە مافی جیابوونەوەی دانیشتووانی کورد لە تورکیە بەپێی سەلماندنی ئەم ویستە لەلایەن خەڵکی کوردەوە کرا.

بەڵام لە ساڵی ١٩٢١ بەپێی سووربوونی تورکەکان لەسەر نەدانی ئەم مافە، وڵاتە سەرکەوتووەکان لە سەرەتا هەتا ئاستی مافی خودموختاری بۆ کورد پاشەکشە دەکەن، و بە پێی گرێبەستی لۆزان لە ٢٤ ژووییەی ساڵی ١٩٢٣ مافی دەستەڵاتداریی تورکەکان لەسەرتاسەری ئاناتۆلی مسۆگەر دەکرێ و مەسەلەی خودموختاری کوردەکانیش لەبیر دەچێتەوە. ئەمە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دروشمی پان تورکیستەکانی کەماڵیست بۆ درووستکردنی یەک وڵات، یەک دەوڵەت، یەک ئایین، یەک نەتەوە و یەک زمان و سەرەتایەکی دیکە بۆ هەڵگیرسانەوەی کێشەی کورد لە باکووری کوردستان، کە هەتا ئێستاش چارەسەر نەکراوە و هەر بەردەوامە.

خاڵێکیش کە پێم وایە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێ، ڕۆڵی ڕووسیە پاش سەرکەوتنی باڵشویکەکان لە ساڵی ١٩١٧ و نیزیکبوونەوەی مسکۆ بە تورکیە و بەستنی پەیماننامەی دۆستی لە ساڵی ١٩٢١، هەروەها پاشەکشەکردنی فەڕانسە و ئینگلیس لە بەشێک لە داواخوازییەکانیان بۆ دیتنەوەی زمانی هاوبەش و سات و سەودا لەگەڵ تورکەکان بوو. بەم پێیە، سەرەڕای جیابوونەوەی بەشێکی زۆر لە وڵاتە ناتورکەکان لە ئیمپڕاتووریی عوسمانی، تورکەکان توانییان دەستەڵاتی خۆیان بەسەر کوردستان و خۆرئاوای ئەرمەنستاندا مسۆگەر بکەن.

**ئەدی کوردەکان بۆخۆیان لەو هاوکێشەیەدا چییان کرد، چۆن بەو قەدەرە ڕازی بوون؟**

نەبوونی بەرنامە و هاوئاهەنگی لە نێوان جەمعییەت و کۆمیتە کوردستانییەکان، هەروەها لە نێوان عەشیرەکان و پێوەندییە لاوازەکانی ئەم ڕێکخراوانە لەگەڵ جەماوەری خەڵک و نەناسینی ئامانجی ڕاستەقینەی دەوڵەتەکانی ئینگلیس و فەڕانسە، هەروەها پەیمانشکێنی ئەم دەوڵەتانە، تەواوی هیواکانی کوردی بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی کرد بە هیچ و شۆڕشەکانی کورد یەک بە دوای یەک لەلایەن سپای تورکەوە سەرکوت کران. خەباتی دژ بە ئیمپریالیستی تورکەکان کە بە ناوی شۆڕشی کەماڵییەکان کەوتبووە سەر زمانی بەشێک لە کەسایەتییەکانی کورد، تا ڕادەیەک هیوای چارەسەرکردنی کێشەی کوردی لە چوارچێوەی خودموختاری لە تورکیە و پشتیوانی لە ئاتاتورک و سیاسەتەکانی پێک هێنابوو. سەرنجڕاکێش ئەوەیە، تورکەکان سەرەڕای سەرکوتی کوردەکانی خۆیان، پشتیوانییان لە بزووتنەوەی کوردی باشوور دەکرد. بەگشتی کۆنفڕانسی لۆزان و ئاکامەکانی وێڕای زەبرێکی حقووقی و مێژوویی لە بزووتنەوەی کورد، پیشاندەری ئەم ڕاستییەش بوو کە زلهێزەکانی جیهان و تورکیە هەر کامیان بە چەشنێک کەلکیان لە کورد بەپێی بەرژوەندیی خۆیان وەردەگرت. پێویستە لێرە جارێکی دیکە ئاماژە بەوەش بکەین، لە هیچ یەک لەم دانوستانانەدا کێشەی کوردی ڕۆژهەڵات باس نەکرا، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستییە کە وڵاتانی سەرکەوتوو لە شەڕدا دەیانویست وڵاتی ناتورکەکانی عوسمانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەتا ئەفریقا دابەش بکەن و هیچ بەرنامە و پلانێکیان بۆ کوردی ئێران نەبوو.

سەرنەکەوتنی بزووتنەوەکانی گەلی کورد وێڕای کاریگەریی نەرێنیی وڵاتە زلهێزەکان و لەبار نەبوونی بارودۆخی جیهانی و ناوچەیی، هەر وەکوو لە ڕابردوشدا ئاماژەم پێ کردووە، تا ڕادەیەکی زۆر پێوەندی بە هۆکارە نێوخۆییەکانەوە هەیە. کوردستان لە قۆناغی ناوبراودا سەرەڕای ئەوەی گۆڕەپانی ڕاپەڕینی گەلی کورد بە ڕێبەریی سەرۆک عەشیرە و شێخ و هتد دژ بە حکوومەتەکانی ئێران و عوسمانی بووە، بە هۆی نەبوونی یەکیەتی و تەبایی نەتەوەیی، شکڵ نەگرتنی ناسیۆنالیزمێکی بەهێزی فیۆدالی، پێک نەهاتنی فدراسیۆنێکی بەهێز لە میرنشینە سەربەخۆ و نیوە سەربەخۆکان لەژێر ڕێبەرییەکی بەتوانا و کارزاندا بۆ هاوئاهەنگی و بەڕێوەبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە تەواوی کوردستان، قەتیس مانەوە لە بەرژوەندیی تەسکی تاکەکەسی_ عەشیرەییدا، شەڕی نێوخۆیی، کوشتن و تاڵانکردنی یەکتری، هەروەها فاکتەری جوغرافیایی وەکوو پانتایی بەرچاوی خاکی کوردستان کە بەربەستێک بۆ پێوەندی لە نێوان ناوچەکانی کوردستان بووە، نەیتوانی بە ئاکامی دڵخوازی خۆی واتە پێکهێنانی کیان و دەوڵەتی کوردی بگا.

**کەم نین کەسانی خاوەنڕا کە پێیان وایە نەبوونی ڕێبەرێکی کاریزما لەو سەردەمدا کوردی لەوە وەپاش دا؟**

ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، بوونی ڕێبەرێکی کاریزما و توانا دەیتوانی فاکتەرێکی گرینگ و پێویست بۆ پێکهێنانی یەکیەتیی نەتەوەیی، کۆکردنەوەی ڕێکخراوە، عەشیرە و هۆزەکانی کورد و بەتایبەتی ناسینی دەرفەتەکان و کەلک وەرگرتن لەوان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بزووتنەوەی کورد بێ. لێرەدا توانایی ڕاکێشانی خەڵک، تێگەیشتن لە دەرفەتەکان و سنوور و بەرتەسکییەکانی بزووتنەوە یەکێک لە ئەرکەکانی ڕێبەرییەکی کاریزما بۆ بەڕێوەبردنی جووڵانەوەکە و پێشڕەوی و پاشەکشەکردنی درووست و هەڵبژاردنی شێوەی خەباتە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، ئەمە هەمیشە ناتوانێ فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە بێ و لەم نێوەدا زۆر فاکتەری نێوخۆیی وەکوو هاوسەنگی هێزەکانی دژبەر، ئاگایی نەتەوەیی و پشتیوانیی جەماوەر، لێکدانەوەی درووستی سیاسەتی زلهێزەکانی جیهانی، هەروەها بارودۆخی ناوچە و جیهان و ئەوەی گۆڕانکاری لە جوغرافیای سیاسی ناوچەی ڕۆژهەڵات تا چ ڕادەیەک لەگەڵ بەرژوەندی و بەرنامەی زلهێزەکان دێتەوە، دەتوانێ کاریگەریی ئەرێنی یان نەرێنی لەم ڕەوتەدا هەبێ. بە داخەوە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی واتە لە ساڵی ١٩١٧ هەتا کۆتایی کۆنفڕانسی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣، کورد نەک یەکدەنگ نەبوو، بەڵکوو بە هۆی ئاستی خوارەوەی پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها فەرهەنگی سیاسی و ئایینی خۆی تووشی ناکۆکی و چەند بەرەکیی بەرچاویش بوو، هاوکات دەوڵەتانی سەرکەوتوو لە شەڕ بەپێی بەرژوەندیی خۆیان لەم ناوچەیە و ململانێی سیاسی لەگەڵ مسکۆ کە هاوپەیمانی ئانکارا بوو، زۆر بە ئاسانی لە قەرارەکانی پەیمانی سێور پاشگەز بوونەوە و لە کۆتاییدا ئەم دوو دیاردەیەی دەرەکی و نێوخۆییە، لە دوو لاوە مۆری نەرێنیی خۆیان لە دادێی ژیانی سیاسی و چارەنووسی کورد دا و، نەک کێشەی کورد چارەسەر نەکرا بەڵکوو بارودۆخی کوردستان بە گشتی بەرەو خراپی و ئاڵۆزیی زۆرتریش چوو.

**لەگەڵ ئەوەشدا سەدەی بیستەم سەدەی شۆڕشە بێ ئاکامەکانی کورد بۆ بەدەستەوەگرتنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بوو. ئێوە پێتان وایە ئەم سەدەیە بۆ کورد پتر دەرفەت بوو یان هەڕەشە و مەترسی؟**

لە ڕەوتی خەباتدا هیچ دەرفەتێک بێ هەڕەشە نییە، واتە ژیانی سیاسی بە چەشنێک یەکیەتی و ململانێی دژبەرانە، ئەوە نەک تەنیا یاسایەکی فەلسەفی، بەڵکوو ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە لە ژیان و خەباتی نەتەوەکانیشدا. واتە گۆڕانکاریی لە بارودۆخی سیاسی کۆمەڵگە کاتێک دەرفەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان...

کوردستان
ژمارە: ٧٣٩
١٥ی سەرماوەزی ١٣٩٧ _ ٦ی دیسامبری ٢٠١٨

لە هەلومەرجێکی نوێدا دەخوڵقێنێ هاوکات هێزی نوێخوازیش بەرامبەری لەگەڵ هەڕەشەی دیار و نادیاری دوژمنانێک دەکا، کە دەیانەوێ پێشگیری لە پەرەسەندنی ئەم جوڵانەوەیە بکەن، جا کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە و یان لە نێوچوونی ئەم دەرفەتە بە هۆی سەرکەوتنی پیلانەکانی دوژمن، پێوەندیی بە بارودۆخی لەبار یان نالەباری نێوخۆیی و دەرەکی و هاوسەنگیی هێزەکان هەیە.

سەدەی بیستەم بە هۆی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان، سەدەی دەرفەت و هاوکات هەڕەشە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بووە. بۆ وێنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانین ئاماژە بە دوو ڕووداوی گرینگ واتە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٥ هەتاوی و ئازادکرانی کورتخایەنی بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵەکانی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی، هەروەها دەسەڵاتی کورد لە باشووری کوردستان پاش سەرکەوتنی کوودەتای ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٣٧ بە ڕێبەریی عەبدولکەریم قاسم هەتا ڕێکەوتننامەی ئەلجزایر لە ڕەشەمەی ١٣٥٣ی هەتاوی بکەین. لێرەدا تەنیا ئاماژە بە یەکێک لەم ڕووداوانە دەکەم؛ داگیرکرانی ئێران لەلایەن هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت و بریتانیا لە کۆتایی ئاگوستی ١٩٤١، بوو بە دەرفەتێک بۆ گەشەسەندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد و ئازەری لە ئێراندا، هەروەها سەرهەڵدانی هەڕەشە و پیلانەکانی تاران و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی بۆ لە نێوبردنی ئەوان.

گەڕانەوەی هێزەکانی سپای سوور بۆ یەکیەتیی سۆڤییەت لە مای ١٩٤٦، پاشەکشەی پەیتا پەیتای حکوومەتی ئازەربایجان، هێرشی سپاسی ئێران و گرتنەوەی تەورێز و هەڵاتنی ڕێبەرانی فرقەی دێموکرات بۆ باکۆ، ناچالاکی، دەست لەسەردەستدانان و بێدەنگیی هێزە سەرانسەرییەکانی ئێران وەکوو حیزبی توودەی ئێران، و لە کۆتاییدا خۆڕانەگری ڕێبەرانی کۆماری کوردستان، ڕووخانی کۆماری کوردستان و شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی لێ کەوتەوە. بەڵام شکان و شکست لە ڕەوتی مێژوودا کاتییە و دەرفەتی نوێ بۆ هێزی پێشکەوتنخواز بێگومان پێک دێتەوە.

> ”یەکێک لە کێشە سەرکییەکانی کورد بە پێچەوانەی تەواوی ئەو پڕۆپاگەندە و «تاوان!»ی ناسیۆنالیست بوون کە لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکان و بەشێکی بەرچاو لە هێزە سەرتاسەرییەکان بە بیر و ڕای جیاوازەوە وەپاڵی دراوە و دەدرێ، کەمایەسیی ناسیۆنالیزمێکی ڕاستەقینەی مۆدێرن و ئەمرۆیی لە نێو کورد دایە، ناسیۆنالیزمێک کە بتوانێ زۆرینە خەڵکی کوردستان لە دەوری ئاڵای سەربەخۆیی کۆ بکاتەوە، بەڵام ئەوە بەو مانایەش نییە کە ئێمە بیر و هزری ناسیۆنالیستیمان نییە و ناتوانین هەڵگری پرۆژەی دەوڵەتی نەتەوەیی بین.“

**پێت وانییە کورد بۆ خۆی وەک کێشەکانی، وەک تایبەتمەندییەکانی، وەک ئەوەی ئێستا لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان دەیبینین، ئێستاش نەبووەتە خاوەن ناسیۆنالیزم و شوناسخوازییەک کە دەوڵەتی کوردیی لەسەر دابمەزرێ، کە هەڵگری پرۆژەی دەوڵەت_ نەتەوە بێ؟**

دەیوید مەک داوڵ لە کتێبی «مێژووی هاوچەرخی کورد» دوو بنەماڵەی سادات نەهری (یان شەمدینان) و بەدرخانەکان وەکوو دوو بەرەی بەرچاوی ناسیۆنالیزمی کورد لە چەشنی خودموختاری و جیاییخواز پێناسە دەکا و پێی وایە ئەم دوو لاگیرییە ئێستاش پێکهێنەری دەستەبەندییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردن. ئەگەر ئاوڕێک لە خەباتی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان بدەینەوە، بە چەشنێک ئەم دوو ڕەوتە بە درێژایی ژیانی سیاسی لە دوو سەدەی ڕابردوودا وەپاڵ یەک بوون، بەم جیاوازییەوە، کە ڕەوتی خودموختاری یان فێدراڵخوازی پاش ڕووخاندنی کۆماری کوردستان هەتا ئەمڕۆ هێزی زاڵ لە بزووتنەوەی کورد بووە و لەم بەرەیەشدا بەشێک لە هێزە کوردییەکان هەر چەند دروشمی فێدرالیزمیان هەڵگرتووە، بەڵام لە پرۆگرامی خۆیاندا باس لە مافی چارەنووسی گەلان هەتا سەربەخۆیی دەکەن و بڕیاری کۆتایی بۆ گەلی کورد دادەنێن. من پێم وایە ئەگەر هێزێک مافی سەربەخۆیی بۆ کورد بە ڕەوا بزانێ، دەتوانێ هەر یەک لەم حاڵەتانە وەکوو قۆناخێک بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی پێناسە بکا. بەڵام حاشاکردن لە مافی چارەی خۆنووسین بۆ ئەوەی کە تاوانی جیاییخوازیمان لێ نەدەن، بە کارێکی شیاو نازانم. بێگومان هەڵبژاردنی هەر کام لەم ڕێبازانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەگەڕێتەوە سەر جیاوازیی فیکری و شێوەی هەڵسەنگاندنی ئێمە لە هەلومەرجی ئێستا، بەڵام، ئەو خاڵەی پێویستە بۆ هێزێکی کورد جێگای سەرنجدان بێ «بەرژەوەندیی و ستراتێژی نەتەوەییە». واتە ناکرێ لە لایەکەوە حاشا لە «نەتەوە» و «مافی بە دەوڵەت بوونی کورد» بکرێ و لە لایەکی دیکەوە باس لە هەبوونی کلیلی چارەسەرکردنی کێشەی کورد و نەتەوەکانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی گەورەی نێوەڕاست بکردرێ، یان ئەو هیوایە لە دڵ و مێشکی جەماوەر پێک بهێندرێ کە فێدرالیزم یان خودموختاری و هەبوونی مافی شارومەندی هێڵی ئاخرە. بە باوەڕی من، یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی کورد بە پێچەوانەی تەواوی ئەو پڕۆپاگەندە و «تاوان!»ی ناسیۆنالیست بوون کە لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکان و بەشێکی بەرچاو لە هێزە سەرانسەرییەکان بە بیر و ڕای جیاوازەوە وەپاڵی دراوە و دەدرێ، کەمایەسیی ناسیۆنالیزمێکی ڕاستەقینەی مۆدێرن و ئەمرۆیی لە نێو کورد دایە، ناسیۆنالیزمێک کە بتوانێ زۆرینەی خەڵکی کوردستان لە دەوری ئاڵای سەربەخۆیی کۆ بکاتەوە، بەڵام ئەوە بەو مانایەش نییە کە ئێمە بیر و هزری ناسیۆنالیستیمان نییە و ناتوانین هەڵگری پرۆژەی دەوڵەتی نەتەوەیی بین. بێگومان یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی وڵاتێکی فرە حیزبی هەبوونی بیر و ڕای جیاوازە و، هەتا کاتێک زۆرینەی ئاڵاهەڵگرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەسەر «ستراتێژییەکی نەتەوەیی» کۆک نەبن و بە یەک پلانی هاوبەش بەرەو چارەسەرکردنی کێشەی کورد نەڕۆن چەتوونە باس لە دەرفەتێک بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی، تەنانەت لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان بکردرێ؛ بەڵام پێویستە لەم پێناوەدا کاری فیکری و تەبلیغاتی بکردرێ و بیرەکە بۆ نێو کۆمەڵگەی کوردی ڕاگوێزرێتەوە و بکرێتە بەشێک لە ڕەوانی خەڵک. لەبیرمان نەچێ پێکهاتنی بەشێک لە دەوڵەتە سەربەخۆکان نەک تەنیا بە هۆی شکڵگرتنی ناسیۆنالیزمێکی بەهێز، بەڵکوو بە پێی ئاڵوگۆڕەکانی جیهانی پاش شەڕ، یان شۆڕش و گۆڕانی حکوومەتی ناوەندی و هتد بووە.

**ئەم ناسیۆنالیزمەی جەنابت دەیفەرمووی لای کورد کاڵ و کەمڕەنگ بووە و وەک کەمایسییەک باست کرد چییە؟**

ئێمە دەبێ خوێندنەوەی خۆمان لە ناسیۆنالیزم بێ و نەکەوینە داوی شانتاژی ئەو ڕەگەزپەرستانەی کە بە بەدناوکردنی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیەکی چەوساوە، پاکانە بۆ شوێنیزمی خۆیان و نەتەوەی باڵادەست دەکەن. ناسیۆنالیزم بۆ کورد بە مانای خەبات بۆ گەیشتن بە مافێکە کە لەلایەن داگیرکەرانی وڵاتەکەی بە زۆر لێی زەوت کراوە. پێویستە سنووری نێوان ناسیۆنالیزمی بەرچاو تەنگی نەتەوەی حاکم و ناسیۆنالیزمی نەتەوەی ژێردەست ڕوون کرێتەوە. بە قەولی لازاریف «ناسیۆنالیزم بەشێکی گرینگ لە ژیانی مرۆڤایەتیی، لە قۆناخی گەشەسەندنی مێژوویی و ئەتنیکی ئەو لە سەردەمی نوێ و ئەمڕۆی دایە». ئاڵوگۆڕەکانی پێشکەوتنخوازانە لە کۆمەڵگەی کورد دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و بەهێزبوونی سیاسەت و بیر و هزری ناسیۆنالیزمی کورد و پەرسەندن و گەشەکردنی بیری ناسیۆنالیستی لە پێناوی گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین. بزووتنەوی نەتەوەیی کورد لە درێژایی خەباتی خۆی لە سەدەی ڕابردوودا لە سەر بناغەی دێموکراتیزم، ناسیۆنالیزم، هەروەها بیری چەپی سۆسیالیستی و بە دوور لە هەر چەشنە هەڕەشە و بێڕێزییەک بە نەتەوە دروا‌سێیەکان یان ئەوانەی کە لە کوردستان ژیاون و دەژین، بووە. بزووتنەوەی کورد جووڵانەوەیەکی پێشکەوتنخوازانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی کورد، و بێ دەستدرێژی بە خاکی نەتەوەیەکی دیکەیە. ئەوەیە نەتەوەی کورد شایانی پێکهێنانی کیان و دەوڵەتی خۆیەتی.

**هەندێ بۆچوون هەیە دەڵێ کورد تا نەبێتە دەوڵەت نابێتە نەتەوە، لە بەرامبەریشدا ئەو ڕایە هەیە کە دەوڵەتە مۆدێرن و ئەمڕۆییەکان لەسەر بنەمای نەتەوەخوازی دروست دەبن. ئێوە ڕاتان چییە؟**

وڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونانەی کە لەسەر چەمکی نەتەوە_ دەوڵەت یان دەوڵەت_ نەتەوە هەیە. هەر کام لەمانە دەتوانێ سووژەی لێکدانەوە و باسێکی دوور و درێژ بێ. بۆ ئێمەی کورد ئەوەی گرینگە، هەنگاو هەڵێنان بۆ گەیشتن بە سەروەریی نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییە. کورد یەکێک لە گەورەترین نەتەوەکانی جیهانە کە هەتا ئێستا مافی بەدەوڵەتبوونی لێ زەوت کراوە. دوا نموونەش پیلانەکانی پاش گشتپرسی سەربەخۆیی باشووری کوردستان لە سپتامبری ٢٠١٧ و هێرشی سپای عێراق، حەشدی شەعبی بە ڕێبەریی و یارمەتی ماڵی و سپایی کۆماری ئیسلامیی ئێران، و بە هاوکاری و سازانی بەشێک لە هێزەکانی کوردستانی، هەروەها دژایەتیی زۆرینەی وڵاتانی جیهان لەگەڵ ئەم ڕاپرسییە بوو. بەڵام سەرەڕای ئەم دژایەتییەش، کورد سەلماندی ئەگەر بۆی هەڵکەوێ بێگومان واز لە مافی نەتەوەیی خۆی ناهێنێ و پشتیوانی و شادی و خۆشی کوردەکان لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش پێشاندەری هەستی بەهێزی نەتەوەیی میللەتێکە کە بە درێژایی مێژوو بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی، خەباتێکی بێوچانی کردووە و هیچ کاتێک ملی بۆ سەرکوتکەران و داگیرکەرانی وڵاتەکەی شۆڕ نەکردۆتەوە. ئەوەی کە ئێمە بە کام پێناسە نەتەوەین، پێم وانییە گۆڕانکارییەک لە ئامانج و هەڵوێستەکانی مێژوویی ئێمە پێک بێنێ. هەر وەکوو بۆخۆشتان ئاگادارن، نەتەوە لە ڕوانگەی جۆراوجۆرە پێناسە کراوە و وێڕای پێناسەی فەڕانسەوی و ئەڵمانی یان پێناسەی بەرەی چەپ و ڕاست و هتد، دەتوانێ تەنیا «هەبوونی هەستی نەتەوەیی» پێناسەیەک بۆ نەتەوە بوون بێ. هەر وەکوو ئاگادارن پێناسەی فەڕانسەوی و ئاڵمانییەکان لە نەتەوە جیاوازە، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە سەر تایبەتمەندییەکانی شێوەی شکڵگرتنی دەوڵەت و نەتەوە لە هەر یەک لەم وڵاتانە.

**ئێستا کامیان لەگەڵ دۆخی کورد دەگونجێ؟ کێشەکانی بەردەم یەکبوونی کورد کامانەن؟**

بێ لەبەرچاو گرتنی تەواوی ئەم پێناسانە و ئەوەی کە کامیان باش یان خراپە، یان کامیان لەگەڵ وەزعییەتی ئێمەی کورد دێتەوە، ئێمە لە ڕەوتی یەکیەتیی نەتەوەیی گەلێک کێشەمان چ لە ئاستی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان دابەش کردووە و چ لە ئاستی کوردستان بە گشتی هەیە. ئەگەر ئاوڕێک لە وەزعییەتی هەر بەشێکی کوردستان بدەینەوە شایەدی ناکۆکی، ناتەبایی و پاوانخوازی و پاشقولدانی یەکتری لە نێو هێزەکانی کوردستانین. نەبوونی بەرە یان کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کە بتوانێ زۆرینەی هێزەکانی کورد لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان بە چەشنێکی ڕاستەقینە لە دەوری یەک کۆکاتەوە یەکێک لە کەمایەسی و کێشەکانی نێو بزووتنەوەی کوردە. لە ئاستی تەواوی کوردستانیش بێگومان ناکرێ کاتێک ئەم ئاڵۆزییانە لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان بەم زەقییە هەیە، بتوانین چاوەڕوانی ئەو بکەین، بەرە یان ڕێکخراوەیەک وەکوو چەترێک بۆ کۆکردنەوە و هێنانە ئارای دروشمی یەکگرتنەوەی کوردستان پێک بێ و ڕۆڵێکی بە هێز لەم پێناوەدا بگێڕێ، لە لایەکی دیکەشەوە پاوانخوازیی بەشێک لە هێزەکانی کوردستان و دەستێوەردان لەکار و باری بەشەکانی دیکەی کوردستان، پێوەندییەکان ئاڵۆزتر دەکا و ئەم هێزانە لە یەک دوورتر دەکاتەوە. مەسەلەیەکی دیکەش کە پێویستە لە ئاستی کوردستان و بە تایبەتی لە باشوور و ڕۆژهەڵات وەکوو خاڵێکی نەرێنی یان وەکوو کۆسپێک لەسەر یەکیەتیی نەتەوەیی سەرنجی بدرێتێ، مەترسی «ئیسلامی سیاسی» لەسەر چارەنووسی کورد و مەسەلەی نەتەوەیی، سێکۆلاریزم، دێموکراسی، مافی ژنان و هتد لە کۆمەڵگەی کوردی دایە. چارەنووسی مێژووی کورد بە چەشنێک شکڵی گرتووە کە ئەستەمە ئایین و ئیسلامی سیاسی نەک بتوانێ ڕۆڵ بۆ یەکخستنی هێزەکان و جەماوەری کورد بگێڕێ، بەڵکوو بە پێچەوانە هەتا ڕادەیەکی زۆر نەخشێکی نەرێنی و جیاکەرەوەی نەتەوەیی هەیە و دوژمنە بیانی و نێوخۆییەکان بۆ زەبرلێدان لە بزووتنەوەی کورد و یەکیەتیی نەتەوەیی کەڵکی لێ وەردەگرن. بۆ وێنە ئێمە لە سەرەتای ساڵەکانی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ شایەدی ڕۆڵی نەرێنی و دوژمنانەی مەکتەبی قورئان و لایەنگرانی ئاغای موفتیزادە لەگەڵ بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووین.

کێشەیەکی دیکەش لە ڕەوتی «یەکگرتوویی نەتەوەیی» مانەوەی ئاسەواری بیر، داب و نەریتی عەشیرەیی لە نێو کۆمەڵگەی کوردی و تەنانەت لە شێوەی حیزبایەتی دایە. هەر چەند لە پێوەندییە ئابوورییەکاندا تەنیا کاریکاتۆرێک لە سیستمی عەشیرەیی ماوە، بەڵام ئاسەواری فەرهەنگی و سیاسی ئەم سیستمە وەکوو باوکسالاری، زاڵبوونی بەرژوەندیی تاکەکەسی، بنەماڵەیی و حیزبی، پێشێلکردنی مافی ژنان و مەسەلەی فرەژنی، بێ پرەنسیپی لە چالاکی سیاسی و هتد، ڕۆڵێکی نەرێنی و مەترسیدار لە کوردستاندا دەگێڕێ. بەم پێیە ئێمە بۆ گەیشتن بە یەکیەتیی نەتەوەیی ڕووبەڕووی گەلێک کێشە و کۆسپین و ئەرکی ڕووناکبیری کورد و ئەو ڕێکخراوانەی خۆیان لە بەرەی ناسیۆنالیزم، سێکۆلاریزم، سۆسیال دێموکراسی، چەپی مارکسی و هتد دەبیننەوە هەنگاو هەڵێنان بۆ چارەسەرکردنی مەدەنی ئەم کێشانە و بردنە سەرەوەی ئاگایی نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازانەی کۆمەڵگەی کوردستانە. ئێمە بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانمان پێویستیمان بە یەکیەتی نەتەوەیی، پلۆرالیزمی سیاسی، ڕێزگرتن لە بیر و هزری یەکتری، خۆپارێزی لە پاوانخوازیی و دەستێوەردان لە کار و باری بەشەکانی دیکەی کوردستان و، ڕێز گرتن لە بڕیاری خەڵک هەیە هەتا هەنگاوی بە هێز بۆ چوون بەرەو داهاتوو و پێکهێنانی بەستێنێکی شیاو بۆ پێکهێنانی بەرەی نەتەوەیی و خەبات بۆ گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین هەڵێنین.

**بۆچوونێکیش هەیە کە دەڵێ سەردەمی ناسیۆنالیزم کۆتایی هاتووە و جێی خۆی بە هەندێ پرەنسیپی وەک «مافی مرۆڤ» و «پێکەوە ژیان» و «هاوبەشیی وەک یەک» لە چوارچێوەی سنووری جوغرافیایە سیاسییەکانی ئێستادا داوە، ئێوە لەگەڵ ئەوە کۆکن؟**

ئەگەر قەرار بێ بە وشەیەک وەڵامی ئەم پرسیارەتان بدەمەوە، نا لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم. بەڵام هۆی ئەم ناکۆکیە چییە؟ هەر وەکوو پێشتریش ئاماژەم کرد، پێم وایە پێناسەی هێزەکانی دژ بە ناسیۆنالیزمی کورد واتە ناسیۆنالیزمی نەتەوەیەکی چەوساوە کە بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوەیی و ڕەوای خۆی خەبات دەکا، لە جێی خۆیدا نییە. بێگومان دەبێ ئەم مەسەلەیە شی کرێتەوە، بۆچی سەردەمی ناسیۆنالیزم بە تایبەتی بۆ کورد کۆتایی هاتووە و پێوەری ئەم چەشنە هەڵسەنگاندن و بڕیارانە چییە؟ کام یەک لە ویستە نەتەوەییەکانی کورد لە نێو وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بێجگە لە ستاتوویەکی سەقامنەگرتوو لە باشووری کوردستان جێبەجێ کراوە، کە بڵێن تەنیا کێشەی «مافی مرۆڤمان» ماوە کە دەبێ چارەسەر بکرێ؟ چۆنە بۆ سکاتلەندی، یان کاتالۆنیایی و باسکە جیاییخوازەکانی ئیسپانیا، هەروەها فەرانسەوی و هۆلەندییەکانی بلژیک و خەڵکی کوبێک لە کانادا و تەنانەت بایەری ئەڵمان، ئەویش ڕاست لەنێو جەرگەی ئوروپا و کانادای پێشکەوتوودا کە پرەنسیپەکانی مافی شارومەندی، مافی مرۆڤ و پێکەوەژیان و هتد تا ڕادەیەکی زۆر بە پێی دەستوور لەبەر چاو گیراوە و ستاتووی ئەوان بۆ بەراوەردکردن لەگەڵ حاڵ و وەزعی ئێمەی کورد نابێ، کێشەی نەتەوەیی بە یەکجاری چارەسەر نەکراوە و خەباتی ئەوان بۆ جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی هەر بەردەوامە، بەڵام بۆ ئێمەی کورد کە تەواوی مافەکانی نەتەوەیی و شارومەندیی و هتدیکمان لێ زەوت کراوە کاتی تەواو بووە؟ پێم وایە پێویستە ئاوڕێک لە بارودۆخ و وەزعییەتی باشووری کوردستان و پێوەندیی ئەوان لەگەڵ بەغدا و هەڕەشە و هێرشەکانی سپای عێراق لە کاتی مالیکی و عیبادی بۆ کوردستان و مانەوەی گەلێک کێشەی دەستووری و هتد، ئەویش لە وڵاتێکدا بدەینەوە کە بە پێی یاسای بنەڕەتیی عێراق، وەکوو وڵاتی عەرەب و کورد پێناسە کراوە، هەتا بۆمان دەرکەوێ کە کێشەی نەتەوەیی نەک لای ئێمە و نەک بەشێک وڵاتانی ئوروپایی هەتا گەیشتنی گەلانی ناوبراو بە کیان و دەوڵەتی خۆیان چارەسەر ناکرێ. هەر چۆن پێشتریش ئاماژەم کرد، ناسیۆنالیزمی کورد، ناسیۆنالیزمێکی پێشکەوتنخواز، ئینسانی، بەرحەق و بە دوور لە هەر چەشنە هەڕەشە بۆ دراوسێیەکانی کوردستان و ئەو گەلانەیە کە لە خاکی کوردستان بە هێمنی لەگەڵ کورد دەژین. کێشەی گەلی کورد هەتا کاتێک بە مافی خۆی واتە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی نەگا، بە یەکجاری چارەسەر ناکرێ.

> ”چۆنە بۆ سکاتلەندی، یان کاتالۆنیایی و باسکە جیاییخوازەکانی ئیسپانیا، هەروەها فەرانسەوی و هۆلەندییەکانی بلژیک، و خەڵکی کوبێک لە کانادا و تەنانەت بایەری ئەڵمان، ئەویش ڕاست لەنێو جەرگەی ئوروپا و کانادای پێشکەوتوودا کە پرەنسیپەکانی مافی شارومەندی، مافی مرۆڤ و پێکەوەژیان و هتد تا ڕادەیەکی زۆر بە پێی دەستوور لەبەر چاو گیراوە خەباتی ئەوان بۆ جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی هەر بەردەوامە، بەڵام بۆ ئێمەی کورد کە تەواوی مافەکانی نەتەوەیی و شارومەندیی، و هتدیمان لە زەوت کراوە کاتی تەواو بووە؟“

**ئەگەرەکانی بەردەم بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد بۆ بەدەوڵەتبوون چین و کامانەن، لە حاڵێکدا هیچ حیزبێکی بەدەسەڵات و دەستڕۆیشتووی کورد لە هیچ کام لە بەشەکانی کوردستان ئێستاش بە ڕەسمی داوای سەربەخۆیی و بە دەوڵەتبوونی نەکردووە و بە کردەوەش کاری بۆ نەکردووە!؟**

ئەگەر سەرنجێک بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد لە سێ دەیەی ڕابردوو بدەین، دەبینین هیچ کاتێک مەسەلەی کورد سەرەڕای تەواوی کەم و کورتییەکانی هەتا ئەم ڕادەیە نەبۆتە کێشەیەکی نێونەتەوەیی و ئاوا گەشەی نەکردووە. سەرەڕای تەواوی ئەو کێشانەی کە لە نێو هێزەکانی کوردستانی هەیە، سەرەڕای تەواوی ئەم هەوراز و نشێوانە، شکست و پاشەکشە و ناکۆکی و هتدی نێوخۆمان، بەم باوەڕەم ئەمرۆکە بزووتنەوەی کورد لە ئاستێکی بەرز دایە. کێشەی نەتەوەیی کورد وەکوو چوارەمین گەورە نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و گەورە نەتەوەی بێ دەوڵەت لە ئاستی جیهاندا، گەیشتۆتە قۆناخێک، کە ئیتر ناکرێ لە بیر و ڕای گشتیی جیهانی و مامەڵە نێونەتەوەییەکان و ململانێی هێزەکانی جیهانی و ناوچەییدا لەبەر چاو نەگیرێ. بێگومان ناسیۆنالیزمی کورد کەم کێشە نەبووە و نیە، بەڵام خەباتی هیچ نەتەوەیەکیش بێ لەمپەر و بێ کێشە نەبووە. ئەمرۆکە ئاستی ئاگایی نەتەوەیی، ئاستی خوێندەواریی خەڵک و، توانایی کەڵک وەرگرتن لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەباتی مەدەنی بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەراورد لەگەڵ ساڵەکانی پێش کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم نابێ. مانگرتنی ٢١ی خەرمانان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لوتکەی خەباتی مەدەنی نەک لە تەواوی کوردستان بەڵکوو لە ئاستی ئێرانیش بوو. ئێمە لەم ساڵانەدا ئەویش لە کۆمەڵگەیەکی میلیتاریزەکراوی وەک کوردستان کە هەر چەشنە داکۆکییەک لە مافی ڕەوای کورد بە گوللە و گرتن و ئەشکەنجە وڵام دەدرێتەوە، شایەدی چەشنە جووڵانەوەیەکی بەهێزی خەڵکی بووین، کە دەتوانێ وانەیەک بۆ گەلانی دیکەی ئێران و ناوچەش بێ. پێشتریش خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاستی بەرزی هەستی نەتەوەیی خۆیان لە کاتی شەهیدکردنی نەمر شوانەی قادری لە پووشپەڕی ١٣٨٤ی هەتاوی، شەهیدکردنی نەمر فەرزادی کەمانگەر و هاوڕێیانی لە بانەمەڕی ١٣٨٩، بەستراتی دووکان و بازاڕەکانی کوردستان لە تەواوی ساڵەکانی پاش تیرۆری نەمر دوکتور قاسملوو، پشتیوانیی جەماوەری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گشتپرسیی سەربەخۆیی باشووری کوردستان لە پاییزی پارەکەدا، پشتیوانیی بەرفراوانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خۆڕاگریی کۆبانی، بەهاناچوونی خەڵکی پارێزگای کرماشان لە کاتی بوومەلەرزەکەدا، کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ ئاوارەکانی شەنگال و هتد بووین. ئەمانە ئەستێرەگەلێکی گەش لە ئاسمانی ڕەنگینی کوردستان و هیوادەری خەباتی کورد بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانیان لە دادێ دایە.

**ئەدی ڕاتان لەسەر دۆزی سیاسیی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان چییە؟ لەوێندەرێش ئایا چاخی نسکۆیە یان هەرەتی هیوا؟**

لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ئەم ڕەوتە بە چەشنێکی دیکە بەردەوامە و بەرەو پێشەوە دەچێ، کوردەکانی باشووری کوردستان سەرەڕای تەواوی کەمایەسی و کێشەکانیان ئەمڕۆ ستاتوویەکی حقووقیان هەیە، و ئەم حکوومەت و پەرلەمانە پڕ کێشە و ناکۆکە سەرەڕای تەواوی ئەو ڕەخنانەی کە بە حەقیش لێی دەگیرێ، بناغەیەک بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد لە داهاتوو دایە.

لە ڕۆژئاوای کوردستانیش، کورد بۆتە فاکتەرێکی کاریگەر لە سیاسەتی ئەم وڵاتە و حەماسەی کۆبانی یەکێک لە گەورەترین ڕووداوەکانی مێژووی جیهان لە بەربەرەکانی لەگەڵ ڕەشترین و تاوانبارترین هێزی ڕەش و پاشکەوتوو و جینایەتکاری سەدەی ٢١ واتە داعش بوو. بەشداری بوێنەی ژنە شەڕڤانەکانی کورد خوڵقێنەری جوانترین شێعر و چیرۆکە حەماسییەکان و بابەتێکی سەرنجڕاکێش بۆ تەواوی گەلانی جیهان بوو. کام گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگ و پرخوێنەری ڕۆژئاوایی و ئەمریکایی دەیتوانی خۆ لەم خەبات و خۆڕاگرییە بە شکۆیە بدزێتەوە و باسی ئەم حەماسەیە نەکا؟

لە باکووری کوردستانیش سەرەڕای سیاسەت و بیروبڕوای کۆنەپەرستانەی ئەردۆغان، گرتنی ئازادیخوازانی کورد وەکوو بەڕێز سەلاحەدین دەمیرتاش و هاوڕێیانی، حیزبی دێموکراتیکی گەلانی تورکیە ڕۆڵێکی بەرچاو لە جووڵانەوەی مەدەنیی ئەم وڵاتە دەگێڕێ و پارتی کرێکارانی کوردستان بە تەواوی ئەو ڕەخنانەی کە دەکرێ لێی بگیرێ، جەمسەرێکی سیاسی لە خەباتی کوردی باکوورە. ئەمن لەسەر ئەم باوەڕەم حوکمی مێژوو بەرەو پێشەوە دەچێ و بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستانیش پێ بە پێی گۆڕانکارییەکانی جیهان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تووشی گۆڕانکاریی جیدی دەبن و هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی ژیئۆپۆلیتیکی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و نیزیکدا گرێدراوی مەسەلەی کوردە. ئەوەی کە ئێمە تا چ ڕادەیەک بتوانین کەڵک لەم دەرفەتانە بگرین، بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە تا چ ڕادەیەک تێگەیشتنێکی دروست و ڕاستبینانەمان لە سیاسەتی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی هەیە و چۆن دەتوانین بە پێی بەرژوەندیی نەتەوەیی خۆمان، هەنگاوی بەهێز بۆ گەیشتن بە ئاواتە مێژینەکەمان، واتە مافی چارەی خۆنووسین هەتا سەربەخۆیی کوردستان هەڵێنینەوە. لەم ڕەوتەدا بە گشتی، بە داهاتووی کورد گەلێک گەشبینم و هیوادار.

**سپاس بۆ ئەوەی بەشداری ئەم وتووێژە بوون**

ئێوەش ماندوو نەبن

هەگبەی شاخ و شۆڕش



برایم چووکەڵی

# هێزی زمزیران و زمهەریرێ بۆ دوژمن

بست بە بستی کوردستان و هەموو ڕۆژ و حەوتوو و مانگەکانی دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی هەتاوی مەیدانی حەماسە و فیداکاریی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بە دژی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بوو. سەرەڕای ئەوە کە کوردستان بەتەواوی میلیتاریزە کرابوو و ڕێژیم بۆ بەرگرتن بە چالاکیی هێزی پێشمەرگە هەموو ڕۆژێ هێزی زیاتری لە کوردستان دەکرد و، لە چوار وەرزی ساڵدا لەهەموو گوندەکان پایەگا و بنکە نیزامییەکان ئاوەدان دەکران و ڕێی هاتوچۆی پێشمەرگە و ناوچە سنوورییەکان مینڕێژ دەکران، بەڵام هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات هەروا لەسەر پێ و لە جووڵە و زەبروەشاندنی بەردەوامدا بوو. ڕێژیم هەروەها دەیان گرووپی زەربەتی بە ئیمکاناتی لۆجستیکیی تەواو بۆ شوێنکەوتنی هێزی پێشمەرگە و فریاکەوتنی هێزە جێگیرەکانی خستبووە جووڵە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژانە پۆل پۆل لە خەڵکی کوردستان بە تاوانی پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات دەگیران و دەخرانە بەندیخانەوە، کەچی نە دەروەستی خەڵک دەهات و نە پێی دەکرا هێزی پێشمەرگە بوەستێنێ.

لە ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویدا هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بە کۆکردنەوەی ئەزموونی زۆر و لە سۆنگەی پشتیوانی و هاوکاریی بەرین و هەمەلایەنەی خەڵکی کوردستانەوە دەیان عەمەلیاتی سەرکەوتووانەی بە دژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کرد و زەبری زۆر قورس لە گرووپە بەناو زەربەتەکانی ڕێژیمیش کەوت، هاوکات لە چەند شاریش هێزی پێشمەرگە چوونەوە نێو شارەکان و هاوکات توانییان جادە گرینگ و ترانزیتەکانی کوردستان کۆنترۆڵ بکەن. لەو ساڵەشدا بە سەدان کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران و بریندار بوون و بە دیل گیران. لەباسی «هەگبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەمجارەماندا ئاوڕ لە نموونەیەکی بچووکی ئەم خۆڕاگری و حەماسەیە دەدەینەوە.

ڕۆژی ٢٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٦ پێشمەرگە قارەمانەکانی زمزیران لە ناوچەی ڕەبەت بۆ کار و چالاکی و تێکۆشانیان ڕوو لە هەوارەکانی بەرزاییەکانی «مەیدان چۆغە» و «جنیبان» و پشتی «کانییەڕەش» دەکەن. ئەو ناوچەیە بۆ هێزی پێشمەرگە لەباری نیزامییەوە جێگایەگی تایبەتی بوو، هەم چیاکان بەرد بە بەرد و هەم خەڵکەکە دەستیان لەنێو یەک نابوو کە پشتیوانی بە ئەمەگی ڕۆڵەکانی نیشتمان بن. کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرەڕای ئەوەی چەندین پایەگای لەو ناوچەیە و دەوروبەری ئەو گوندە جێگیر کردبوو، سەر لەبەیانی ئەو ڕۆژە گورهانی زەربەتی گوردانی ژاندارمەریی «نجف اشرف»ی بۆ پشت ئاوایی و هەوارەکانی ئەو ناوچەیە بەڕێ کرد کە قارەمانانی مەڵبەندی زمزیرانی لە شکاننەهاتوو لێی مابوونەوە.

هەواڵی هاتنی هێزی داگیرکەر بە پێشمەرگەکان گەیشت و ئەوانیش وەک هەمیشە و هەڵۆئاسا بڕیاریان دا بەرەنگاری هێزەکانی دوژمن ببنەوە و دەرسێکی لەبیرنەکراویان دادەن. پێشمەرگەکان دەمودەست خۆیان ڕێک خست و هەر کام لە پەل و دەستەکان بۆ کاری دیاریکراو لە شوێنی مەبەست جێگیر بوون.

هێزەکانی دوژمن کە قەت بیریان لەوە نەکردبۆوە لەنێو چەند پایەگای خۆیاندا هێزی پێشمەرگەی دێموکرات بێنە سەر ڕێگەیان، ئارخەیان و دڵنیا دەهاتنە پێش و بە تەمابوون داگژێنە سەر هەوارچییەکان، بەڵام هێشتا چەند میتر لە ئاوایی «کانییەڕەش» دوور نەکەوتبوونەوە کە ئاگری چەکی پێشمەرگە تاساندنی. هێزی تاساو و شپرزەی دوژمن کونە مشکیان لێ ببووە قەیسەری و ڕوویان لە هەر کوێ دەکرد ئاگریان بەسەردا دەباری.

لە گەرمەی شەڕدا چەند کەس لە هێزەکانی ڕێژیم ڕوویان کردە پۆلە دارێک کە منداڵێکی خەڵکی ئاوایی لێ بوو. هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم بۆ پاراستنی گیانی خۆیان ئەو منداڵە دەکەنە قەڵغان و بە بارمتەی دەگرن، بەڵام پێشمەرگەکان توانییان هەموویان بکوژن و منداڵەکەش بە سلامەتی دەرباز بکەن.

لەو هەڵمەتە شێرانەیەدا کە بوو بە هۆی تەفروتوونا بوونی گورهانی بەناو زەربەتی ڕێژیم، زیاتر لە ٦٠ کەس لە هێزەکانی دوژمن کوژران و دەیان کەسیش بریندار بوون، هەروەها دەیان قەبزە چەکوچۆڵ و کەرەستەی نیزامی وەک دەسکەوت کەوتنە بەردەستی پێشمەرگەکانی دێموکرات. ڕۆڵەکانی گەل لە هێزی زمزیران لەو ڕۆژەدا، واتە ٢٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٦ لاپەڕەیەکی زێڕینیان بە لاپەڕە پڕ لە فیداکارییەکانی خۆیان زیاد کرد و دەفتەری بیرەوەریی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتیان زیاتر ڕازاندەوە.

ئەوەی لەو عەمەلیاتەدا زیاتر جێگەی تێڕامانە و دوژمنی زیاتر تاساند، ساغی و سلامەتیی هەموو پێشمەرگەکان بوو کە پاش ٣ سەعات شەڕی سەنگەر بە سەنگەر و دەستەویەخە حەماسەیەکی کەموێنەیان خولقاند و سەرەڕای ئاوربارانی تۆپخانەی دوژمن تەنیا سەرشۆڕی بۆ داگیرکەرانی کوردستان مایەوە و سەربەرزییەکی دی بۆ ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە تۆمار کرا.

خەبات کە ڕەوا بوو، پێشمەرگە کە بەجەرگ و بەئیمان بوو، کە خەڵک و گەل پشتیوانی ڕۆڵەکانیان بوون، کە ئەزموونەکانی سەرکەوتن و شکست لەسەر یەک کەڵەکە دەکرێن، ئەوانە لە مەیداندا دەبنە هەوێنی سەرکەوتن، جا با هێزی دوژمن هەزار بە هەزار بێ و ئیمکانات و چەکوچۆڵی هەرە پێشکەوتووشیان بە دەستەوە بێ.





سۆفیا زاکریان

# تارمایی منداڵانی کار لە دۆزەخی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا

ئایا تێچووی دابینکردنی ژیانی ئەم منداڵانە و بنەماڵە هەژارەکانیان لە خەرجکردن بۆ شەڕی سووریە و، پشتیوانیماڵی لە هێزە تێرۆریستە توندئاژۆکانی ناوچە زۆرترە؟ ئاخۆ دروستکردنی قوتابخانە بۆ ئەم منداڵانە پڕتێچووترە لە دروستکردنی نەخۆشخانە لە عێراق و فەلەستین و لوبنان؟ بڵێی پشتیوانیکردن لە بێوەژنانی ئێرانی کە سەرپەرستی بنەماڵەن، خەرج هەڵگرترە لە دروستکردنی دامەزراوەکانی بەرهەمهێنەری چەکە کۆمەڵکوژەکان؟ ئایا ئەو باوکە کەمئەندامانەی کە بە هۆی لاوازیی جەستەیی و تایبەتمەندیی کەمئەندامێتی لە سەر کار دەرکراون و، توانایی دابینکردنی بژیوی ژیانی بنەماڵەکانیان نییە، مەگەر بەشێک لە «زێدی ئێرانی ئیسلامی» نین؟!

منداڵانی کار ئەو بەشە لە منداڵان دەگرێتەوە کە بەدوور لە ستانداردەکانی ماف و ژیان بەرکار نرابن یان ناچار بە کارکردن بووبن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی کاتەکانی ژیانیان بە کارکردنەوە خەریک بن و نەتوانن بچنە خوێندنگە و لە ئەزموونی دنیای منداڵی بێبەش بن و، ئەو کارکردنە بۆخۆی هەڕەشەیەکە لەسەر ساخی و سلامەتیی دەروون و جەستەی ئەو منداڵانە.

منداڵانی کار لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا بە شێوەی ڕەسمی بەپێی دوو فاکتۆر پێناسە دەکرێن؛ جۆری کار و ئاستی تەمەنی گونجاو بۆ ئەو کارە.

تەمەنی گونجاو بۆ هەر کار و پیشەیەک بە پێی خەسار و لێکەوتە کاریگەرییەکانی ئەو کارە لەسەر گەشە و سلامەتیی منداڵ هەڵ دەسەنگێندرێ. بە پێی بڕیارنامەی ١٣٨ی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی کار، ئەم ڕێکخراوە بۆ هەرکام لە پیشە جۆراوجۆرەکان سنوورێکی تەمەنیی پێناسە کردووە و، بێتوو منداڵێک تەمەنی لەو بازنە و چوارچێوە دیاریکراوە کەمتر بێ و لەو پیشەیەدا وەبەرکار نرابێ، بە منداڵی کار بژار دەکرێ.

ئەم تەمەنانە بریتین لە؛ ١٨ ساڵ بۆ کارە پڕمەترسییەکان کە لەوێدا سلامەتیی بیر و هزریی منداڵ دەکەوێتە بەر مەترسی و هەڕەشە. تەمەنەکانی ١٣ بۆ ١٥ ساڵ بۆ پیشە سووکەکان کە لەوێدا هەڕەشەیەک لەسەر سلامەتیی دەروونیی منداڵ نییە. دیارە تەمەنەکانی ١٢ بۆ ١٣ ساڵ لە وڵاتە هەژارەکان لە دۆخی تایبەتدا وەردەگیرێ.

ئەمە پێناسەی گشتی و جیهانییە بۆ منداڵانی کار. بەڵام لە دەلاقەی یاساکانی مافی مرۆڤ و پاراستنی منداڵانەوە، منداڵانی کار کێن؟ چ هۆکارگەلێک دەبنە هۆی ئەوەی منداڵێک لەو هەڕەتە لە تەمەندا لە کایە و خۆشییەکانی ژیانی دەست بکێشێتەوە و تێکەڵ بە دنیای کار و لە تاقەتبەدەری ناخۆشییەکانی بێ؟ ڕەنگە لە وڵاتانی هەژار و گەشە نەکردوودا بینینی منداڵێک کە کار دەکا زۆر شتێکی ئاسایی بێ، بەڵام بە پێچەوانەوە هەر ئەم کارە لە وڵاتانی پێشکەوتوو و گەشەکردوودا، بە چەشنی کارەسات و لێقەومانێک چاوی لێدەکرێ.

بە پێی ئەو پێناسانەی ئاماژەمان پێدا ئێستا بە میلیۆن منداڵی کرێکار لە سەرانسەری جیهاندا لە خوێندن بێبەشن و لە مووچە و مەزراکان و کارگە بەرهەمهێنەرەکان و...دا خەریک بە کارن. لە ئێرانیش ئاماری منداڵانی کار بە تێژتێپەری ڕوو لە زیاد بوونە، ئەگەرچی لەم بارەیەوە بە ڕەسمی ئامارێکی ڕێک و ڕاست لە بەر دەستدا نییە. ڕەنگە ئێران یەک لە نموونە هەرە بەرچاوەکان بێ بۆ باس لە دیاردەی منداڵانی کار. بەڵام ئەو هۆکارانەی وا لە منداڵان دەکا وەبەرکار بنرێن و لە ژینگە و تایبەتمەندیی هەڕەتی منداڵییان داببڕێن چین؟

لێکدانەوەی ئەم هۆکارانە وەک هەڵدانەوەی برینێکی کۆنە کەوا هەرگیز دەرمان نەکرابێ. بنەماڵەی وا لە ئێران هەن کە لە کەمترین داهاتی مانگانە بێبەشن و زۆر لەم بنەماڵانە بەخێوکەر و سەرپەرستەکانیان ژنن و، دایکانیش بە تەنیایی ناتوانن باری قورسی ژیان لە کۆڵ نێن. لە بۆیە بە ناچاری و لە ڕووی داماوی و بێ دەرەتانییەوە منداڵ یان منداڵانی بنەماڵە بۆ پەیداکردنی بژیوی ژیان وەبەرکار دەنرێن. بەژانترین بەشی ئەم چیرۆکە لێرەدایە کە ئەم منداڵانە لە کەمترین ئەمنیەتی کار بێبەشن. بەڵام هەر لە بنەڕەت ڕا شتێک هەیە بە ناوی ئەمنیەتی کار بۆ منداڵان؟ لە وڵاتێ کە بە سەدان و هەزاران جار هەواڵی دەستدرێژی کردنەسەر منداڵان لە شەقامەکان و خوێندنگەکان بڵاو دەبێتەوە، چۆن ئەگەری ئەوە هەیە ئەمنییەت ئاسوودەیی بۆ منداڵێک هەبێ کە لە کوورەخانەکان و کارگە بەرهەمهێنە دوورکەوتووەکاندا، خەریک بە کارە؟

ئەم خاوەنکارانە لە پێناو پاراستنی سلامەتی دەروونی و جەستەیی و تەنانەت جنسیی ئەو منداڵانە چ گەرەنتییەک دەدەن؟ لە بنەڕەتدا کێ لەوە دەپرسێتەوە؟ داهاتووی ئەوان لە سایەی ئەم بارودۆخە ئەویش لە هەلومەرجی ئابووریی ئێستادا، چیی لێ دێتەوە؟ بەتایبەت کە زۆربەیان لە خوێندن بێبەشن و، زۆرینەیان نەخوێندەوار یان کەمخوێندەوار دەمێننەوە؛ ئەم سامان و سەرمایانەی داهاتوو کە بە هیچ و خۆڕایی تەمەنیان لە کیس دەچێ. ئەمە تەنیا بەو هۆیە نییە کە ڕەنگە داهاتووی وڵاتێکیان لە دەستدا بێ، بەڵکوو داهاتووی تاکایەتیی ئەوانیش لە ژێر کاریگەریی ئەم سەختییانەدا بە فیڕۆ دەچێ. لە وڵاتێکدا کە بە سیستەمێکی سیاسیی نادادپەروەرانە و چەوسێنەرانەوە، لە هەر تەمەن و پیشەیەکدا وەکوو کۆیلەیەک کەلک لە خەڵکەکەی خۆی وەردەگرێ، ئیدی داهاتووی تاک و کۆی خەڵکی ئەو وڵاتە دەتوانێ هەڵگری چ واتایەک بێ.



مەترسییەکانی سەر ئەم منداڵانە تەنیا دابڕان لە خوێندن و دوورکەوتنەوەیان لە ژینگەی منداڵییان نییە. لە نەگونجاوترین دۆخدا زۆربەی ئەم منداڵانە دەستدرێژیی سێکسییان دەکرێتە سەر و ڕەنگە هیچکات لەم بابەتەوە هیچ شتێک لە لای کەس نەدرکێنن و، لە زۆربەی بابەتەکاندا ئەگەری ئەوە هەیە لە لایەن خاوەنکارەکانیانەوە دەستدرێژییان بکرێتە سەر بەڵام، لە ئەگەری ڕوودانی وەها کارەساتگەلێکی تاڵدا، دەبێ هەرگیز دەم هەڵنەپچڕن و هیچ باسێکی لێ نەهێننە گۆڕێ.

چۆن دەبێ لە وڵاتێکدا کە یاسا ئیسلامییەکان لە سەرووی هەموو یاساکانەوەیە، منداڵانێک هەبن کە لە تاو هەژاری و برسییەتی ناچار بن دەست دەنە هەرجۆرە کارێک، تەنانەت سواڵکردن و فرۆشتنی مادده سڕکەرەکان و ئەم منداڵە بێ تاوانانە بکەونە بەر کەلکی خراپی دەستە و تاقمی قاچاخچییەکانی مادەی سڕکەر، لە کاتێکدا کە ئەم یاسایانە هیچکات بە هانایانەوە نەهاتووە؟ ئایا تێچووی دابینکردنی ژیانی ئەم منداڵانە و بنەماڵە هەژارەکانیان لە خەرجکردن بۆ شەڕی سووریە و، پشتیوانی ماڵی لە هێزە تێرۆریستە توندئاژۆکانی ناوچە زۆرترە؟ ئاخۆ دروستکردنی قوتابخانە بۆ ئەم منداڵانە پڕتێچووترە لە دروستکردنی نەخۆشخانە لە عێراق و فەلەستین و لوبنان؟ بڵێی پشتیوانیکردن لە بێوەژنانی ئێرانی کە سەرپەرستی بنەماڵەن، خەرج هەڵگرترە لە دروستکردنی دامەزراوەکانی بەرهەمهێنەری چەکە کۆمەڵکوژەکان؟ ئایا ئەو باوکە کەمئەندامانەی کە بە هۆی لاوازیی جەستەیی و تایبەتمەندیی کەمئەندامێتی لە سەر کار دەرکراون و، توانایی دابینکردنی بژیوی ژیانی بنەماڵەکانیان نییە، مەگەر بەشێک لە «زێدی ئێرانی ئیسلامی» نین؟! ڕەنگە ئەمەش یەک لە دەستکەوتە دروشماوییەکانی خومەینی بێ، کە تاکە ئامانجی ئەو شۆڕشی چینە لاوازەکانی دنیا بوو! و، ئێستا هەموو خەڵکی ئێرانیان کردووە هەر بەو چینە لاوازانە، کە منداڵانی بەلووچ و کورد و عەرەب و... بەبێ خوێندنگە و لە بن خێوەت و کانێکسەکاندا، بێتوو «خودا» بیهەوێ ئەلفوبێیەک فێر بن بۆ دواڕۆژی ڕەش و لێڵ و ناڕوونی خۆیان، منداڵانی کورد لە سنوورەکان دەست و لاقیان بە تەقینەوەی مینە بە ڕق چێندراوەکان لە دەست بدەن و، منداڵانی شەقامە ساردەکانی تاران، دەستدرێژی بکرێتە سەریان و لە نێوان دەستە چکۆلەکانیان، فرمێسکەکانیان بشارنەوە و هەتا ئەو ڕۆژەی کە زیندوون، ئەم ژانی بەسەرهاتانە لە دڵی منداڵانەی خۆیاندا حەشار دەن.

دیاردەی منداڵانی کار بەرهەمی بێعەدالەتی و نادادپەروەرییە، لێکەوتەی ئابووریی تێکتەپیوی کۆمەڵگە بەهۆی سیاسەتی چەوت و ناسەردەمیانەی گونجان لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانییە، دەرەنجانی نیزامێکی سیاسیی تا سەر ئێسقان گەندەڵ و دژەمرۆییە. منداڵانی کار قوربانیی سیاسەتە دژەخەڵکییەکانی کەسانێکن، کە مرۆڤایەتی لە لای ئەوان واتای نییە. ئەو منداڵانە بێدەرەتان و بێتاوانن و تەنیا سووچیان ئەوەیە، لە وڵاتێکدا لە دایک بوون، کە بووەتە گۆڕەپانێک بۆ نیشاندانی هێزی مرۆڤگەلێک کە جگە لە خۆیان و ئامانجە ڕەشەکانی خۆیان بیر لە هیچ شتێکی دی ناکەنەوە. وە لە وڵاتێکدا کە داوای مافی سروشتی و ئاسایی مرۆڤ، بە تاوان دادەنرێ، چۆن چاوەڕوانی دەکرێ کە مافی منداڵان لە ئەولەوییەتدا بێ؟

دیاردەی منداڵانی کار بەرهەمی هەژارییە، هەژاری و بێ دەرەتانییەک کە بووەتە هۆی شەرمەزاریی دایک و باوکان بەرامبەر بە ڕوانینی بێگەردی منداڵەکانیان، ئەو دایک و باوکانەی کە توانای وەدیهێنانی بچووکترین و منداڵانەترین داوای منداڵەکانیان نەبووە. هەژارییەک کە دەرەنجامی سیاسەتی پاوانخوازیی ڕێژیمێکە خەونی ئاغایەتیی دنیای لەسەر دایە و بە فەلسەفەی دوگماتیکی «هەناردەی شۆڕش» بۆ وڵاتانی دی، خەڵکی کۆمەڵگە و منداڵان دەکاتە دەستەچیلەی ئەم شەڕەی بە پیرۆز و بە مایەی مانەوەی خۆی دەزانێ.

وێدەچێ ئیدی وشەیەک بۆ شرۆڤەی حاڵی منداڵانی سەرشەقام و بێ داهاتوو نەمابێ وشرۆڤە و وێنە و وتار چیدی ناتوانێ دەربڕی حاڵی ئەوان بێ و لەو مەترسییانە بدوێ کە بۆسەی بۆ ئەو منداڵانە ناوەتەوە، وەک: ئیعتیاد، دەستدرێژی، کوشتن و هەموو جۆرە نەخۆشیگەلێکی دەروونی و جەستەیی و دەیان زیانی دی. زیانگەلێک کە هەر تاق لەوانە بەسە بۆ لەنێوبردنی خەون و خولیای منداڵانێک کە ڕەنگە تاقە ئاواتیان، تەنیا یەک ژەم نان و چێشتێکی گەرم بێ!

کوردستان
ژمارە: ٧٣٩
١٥ی سەرماوەزی ١٣٩٧ _ ٦ی دیسامبری ٢٠١٨

### حوسێن ئەحمەدی‌نیاز:

# بێهەڵوێستیی پارێزەران و نوێنەرانی مەجلیس و نەبوونی یەکیەتی لە بەرگری لە کۆڵبەران هۆی سەرەکیی بەردەوامیی کۆڵبەرکوژییە

دیمانە: عەلی لەیلاخ

پێشێلکرانی مافی مرۆڤ و کارەساتی کۆڵبەرکوشتن چەندین ساڵە بووەتە یەکێک لەو دیاردانەی لە کوردستان خەریکن دەبنە شتێکی ئاسایی. بەداخەوە ڕۆژ نییە هەواڵێک لە تەقەی کەوکوژیی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە کاسبکارانی کورد بڵاو نەبێتەوە و برینێکی دی لە جەستە و هەناوی ئەم کۆمەڵگەیە نەخا. بۆ باسکردن لەسەر پرسی کۆڵبەرکوژی بە گشتی و لایەنی حقووقی و یاسایی ئەو پرسە، «کوردستان» وتوێژێکی لەگەڵ حوسێن ئەحمەدی‌نیاز، پارێزەری چەندین کۆڵبەری قوربانیی تەقەی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم پێک هێناوە.




**به لە بەرچاوگرتنی پرسی کۆڵبەری و کوشتنی کۆڵبەران، تەنانەت ئەگەر کۆڵبەری تاوان و یاساییشی هەبێت، ئایا ئەو شێوە هەڵسوکەت و سزادانە، واتە کوشتن و بریندارکردن و تاڵانکردنیان بە دەستی هێزە چەکدارەکان لە ڕادەی تاوانەکە زیاتر و لە هەمان کات نایاسایی نییە؟**

ئەمن باسەکەم ئاوا دەست پێدەکەم کە کۆڵبەری لاپەڕەیەکی ڕەشە لە مێژووی هەژاری و داماوی و هەتیوی گەلی کورد لە ئێران. ئێمە گەلێکی هەژارین و حکوومەتێکی سەربەخۆمان نییە و بەهۆی نەبوونی دەسەڵات، هەرکەسە و بەجۆرێک دەمانکوژێ و ئەمەش واقعییەتێکی تاڵە لە ڕابردوو، لە ئێستا و بگرە لە داهاتووش. ئەمن لە دیدار و چاوپێکەوتنەکانمدا لە دەرەوەی وڵات کە باس لە دیاردەی کۆڵبەری دەکەم بەڕاستی پێیان سەیرە کە چون نیزیک بە ٥٠٠ هەزار کۆڵبەری کورد لە سنوورەکانی کوردستان کۆڵبەری دەکەن.

دەتوانین بڵێین کۆڵبەری ڕەشترین و نائینسانیترین کارێکە کە لە مێژوودا نموونەیمان بینیوە و بە داخەوە ئێستاش بەردەوامە و دەبینین کەسانێک هەن کە ناچارن بۆ پارووە نانێک خۆیان بکەنە سیبلی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و بەکوشت بچن. قسەکە ئەمەیە کە لایەنی بەرامبەری ئێمەی کورد حکوومەتێکی دڕندەیە کە ڕشتنی خوێنی کورد بە حەڵاڵ دەزانێ! کوشتنی کۆڵبەرانیش سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئیدئۆلۆژیی ئەوان کە وەکوو ئاوخواردنەوە کۆڵبەر دەکوژن و گیان لەو خەڵکە دەستێنن.

ئێمە هەمیشە ئەو پرسیارەمان کردووە کە ئەرێ کۆڵبەر چ مەترسییەکی دروست کردووە بۆ ئەمنیەتی میللی؟ ئەرێ کۆڵبەر بۆ ترس دەبێ یان زۆر شتی دیکە کە لە کۆمەڵگەدا دەیبینین؟ داستانی کۆڵبەر لە هیچ کتێب و نامیلکەیەکی حقووقیدا نییە، کۆڵبەری هەژار تەنانەت کرێکاریش نییە، چون ناتوانێ سەندیکای هەبێ، چونکە کارفەرمای نییە، چونکە بیمەی "خدماتی"ی نییە، کۆڵبەری هەژار ئەگەر تەنانەت نەشیکوژن، ئەگەر نەشکەوێتە سەر مین و نەکەوێتە دا و بۆسەی پاسدارەکان، دوای ماوەیەک جەستەی لە نێودەچێ و، تووشی نەخۆشی و ئێشی جۆراوجۆر دەبێ و کەنفت دەبێ. ئەمن کە چاو لە ژیانی خەڵکانی دیکە دەکەم و ژیانی کۆڵبەری کوردیش دەبینم، ئینجا دەزانم چ کارەساتێکە ژیانی کۆڵبەری کورد.

**کاک حوسێن کوردبوون ئەگەر لە سەردەمی ئێستا کارەسات بێ، دۆخی کۆڵبەری کورد کارەساتبارترە، مادام وایە و هەر بەپێی فەرمایشەکانی خۆت و باس لە پێشێلکرانی مافەکانیان کە کردت، بەڕێزت وەکوو پارێزەری دادگا و مافناس چۆن دەڕوانیتە ئەو باسە؟ ئایا لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا ڕێگە و شوێنێک بەدی ناکرێ بۆ پێشگرتن لە کۆڵبەر کوشتن؟**

دەیان یاسا و قانوون لە ئێراندا هەیە کە لە ڕواڵەتدا دژی ئەم دۆخەن. بۆنموونە بەپێی ئەسڵی سێی قانوونی بنەڕەتیی ئێران، یەکێک لە ئامانجەکانی ئینقلابی ئیسلامی سڕینەوەی هەڵاواردن و دووچاوەکییە، ئەسڵی نۆزدە دەڵێن هەموو پێکهاتەکانی خەڵکی ئێران هەموویان یەکسان و بەرابەرن و نابێ هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا هەبێ. لە ئەسڵی ٢٤دا هەرچەشنە دەستدرێژییەک بۆ سەر گیان و ماڵ و حاڵی هاونیشتمانیان قەدەغە کراوە. لە ئەسڵی ٣٤دا سکاڵا بەرزکردنەوە مافی هەموو تاکێکی ئێرانییە. ئەمانە نموونەگەل لە یاسای بنەڕەتیی ئێرانە و لە یاساکانی دیکەش بە هەمان شێوە. ئەمن وەکوو خۆم پارێزەری چەند کۆڵبەر بووم و دەبێ بڵێم لە پێوەندیی لەگەڵ داکۆکیکردن لە کۆڵبەر لە ئێران چەند بەربەست و کێشەی گەورە هەیە: یەکەم؛ لە یاسای بنەڕەتی و قەزایی ئێراندا هیچ پێناسەیەک بۆ کۆڵبەری نەکراوە هەتا یاسای بۆ دانرابێ.

دوویەم؛ ئەوە کە هەنگی مەرزی سەرەڕۆییانە تەقە لە کۆڵبەر دەکا لە هیچ کام لە سەرچاوە و کتێبەکانی یاسای ئێراندا ڕێگە بەو کارەی نەدراوە.

سێیەم؛ بێخاوەنییەک بە ئێرانەوە دیارە لە دامودەزگا حکوومییەکان، وەک چۆن جارێک خودی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی گوتی کە کۆڵبەر قاچاخچیەتی نییە، بەڵام دەبینی کاربەدەستێکی دیکە واناڵێ. ساڵی ڕابردوو کە بەهۆی هەرەسهێنانی بەفر لە ناوچەی سەردەشت چەند کۆڵبەر گیانیان لە دەست دا، دوای بەدواداچوونی پارێزەران و نوێنەرانی کورد لە مەجلیس هەیئەتێک لە تارانەوە سەردانی سنوورەکانی کوردستانیان کرد و بەڵێنیان دا کە " کۆڵبەران بیمە" بکەن و گەرنتیان پێ بدرێ کە تەقەیان لێ نەکرێ، بەڵام هەموو ئەو قسانە هەر لە ئاست وادە و بەڵێنیدا ماونەتەوە.

بێسەروبەرەییەک بە ئێرانەوە دیارە و کەس ناتوانێ لێپرسینەوە لە هێزە ئینتیزامییەکان بکا، کە هیچ کات یاسای تەقەکردنیان (کە لەو بارەوە یاسا هەیە)، ڕەچاو نەکردووە. ئەمن لە چەندین دادگای نیزامی شارەکانی کرماشان و سنە و سەقزدا بۆ بەرگریکردن لە کۆڵبەران ئامادە بووم و هەموویان تەنیا بەرژوەندیی هێزەکانی خۆیان و دەزگا ئەمنییەکانیان لەبەرچاو بوو. بڕوانن ماوەیەک لەمەوپێش حوسێن زوڵفەقاری، جێگری ئەمنیەتیی وەزیری نێوخۆ و فەرماندەیەکی سپای پاسداران ئاشکرا باسیان لەوە کرد کە کۆڵبەران دەبێ بکوژرێن، ئێمە (پارێزەران) نازانین قسەی ئەوان یاسایە، یان ئەسڵ و مادەکانی یاسای بنەرەتیی کۆماری ئیسلامی؟ ڕاستە لە یاسادا ناوێک لە کۆڵبەر نەهاتووە، بەڵام هەر بەپێی ئەو یاسایەش دەتوانین بەرگری لە مافی کۆڵبەران بکەین. بەپێی ئەسڵی ٣ی یاسای دادگاکانی کۆماری ئیسلامی، دادگاکان دەبێ سەربەخۆبن لە بڕیارداندا و ڕەچاوی مافەکانی تۆمەتبار بکەن، بەڵام لە پرسی کۆڵبەراندا هیچ کام لە یاساکان لەبەرچاو نەگیراون و لەبەرچاو ناگیرێن. دەردی ئێمە (پارێزەران) لە ئێران ئەوەیە نازانین ڕوو لە کام دادگا بکەین و بڵێین کوشتنی کۆڵبەران نایاساییە! بەپێی یاسا کوشتنی کۆڵبەران قەدەغەیە، بەڵام گەرنتی جێبەجێ کردنی یاسا لە ئێراندا نییە.

**هەروەک ئاگادارن سەرەڕای هەوڵ و چالاکییەکان بۆ ڕاگرتنی کۆڵبەر کوشتن، کۆمەڵێک کار کراوە، مانگرتنی خەڵکی شاری بانە و شارەکانی دیکە، ئیعتڕازی ڕۆژنامەنووسان و هەوڵی پارێزەرانێک وەکوو بەڕێزت بۆ بەرگریکردن و تەنانەت مەحکوومکردنی لەلایەن هێندێک لە بەرپرسانیشەوە، کەچی ئەم پرسە هەر لەجێی خۆیەتی. دەگوترێ کۆڵبەری بەشێک لە مافیای سپای پاسدارانە چەندە ئەوە ڕاستە؟**

بڕاونن لەم ڕۆژانەدا خەڵکی فەڕانسە بۆ گرانبوونی چەند سێنت نرخی سووتەمەنی، وڵاتیان شڵەژاند. ڕاستە جیاوازی زۆرە لە نێوان وڵاتی ئێمە و فەڕانسەدا، بەڵام ئەگەر ئێمە یەکڕیزیمان هەبا زۆر کار دەکرا. بەڕاستی ئێمە شەرمەزارین کە نەمانتوانی کارێک بۆ کۆڵبەران بکەین.

ئەگەر پارێزەرانی کورد بێدەنگی هەڵنەبژێرن، ئەگەر نوێنەرانی کورد لە مەجلیس ئازایەتیی بەرگری لە مافی کۆڵبەرانیان هەبێ و، پێکەوە هەوڵ بدەن و ئیعتڕاز بکەن؛ بەڕاستی دەتوانن زۆر شت بکەن. لە کوردستاندا زیاتر لە ١٠٠٠ پارێزەرمان هەیە، بەڵام بەداخەوە تەنیا چوار پێنج کەسیان ئامادەن کە داکۆکی لە مافی کۆڵبەران بکەن!

یەکێک لە گرفتەکان ئەوەیە کە ئێمە خەمساردین بەنیسبەت کۆڵبەرکوژی و "قوبح"ی کوشتنی کۆڵبەر لە ئێران ئاسایی بووەتەوە، لە چەند مانگدا ٢٥ تا ٥٠ کۆڵبەر دەکوژرێ و دەیان کەس بریندار و سەدان بنەماڵە تووشی گرفتی جیدی دەبن. دەتوانم بڵێم پرسی کۆڵبەری لە ئێران جینایەت بەدژی مرۆڤایەتییە! پێویستە پارێزەرانی دیکە، ناوەند و دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ و هەروەها خۆپێشاندانی خەڵک پێکەوە هەوڵ بدەن بۆ پێشگرتن و ڕاگرتنی کارەساتی کۆڵبەرکوژی. ئەگەر چوارمانگرتنی سەرانسەریی هاوشێوەی ٢١ی خەرمانان بەڕێوە بچێ، کۆماری ئیسلامی تەسلیمی ئیرادەی خەڵک دەبێ.

**باشە مادام ئاگادار کردنەوەی ڕای گشتی، کاریگەریی هەیە لەسەر پرسەکانی مافی مرۆڤ، بۆ نموونە لە جەریانی خۆپێشاندانی کرێکارانی "هەفت تەپە" ٢٥ پارێزەری ئێرانی یەک لەوان بەڕێزت بەیاننامەی پاڵپشتیتان دەرکرد، ئایا هەوڵی هاوشێوە دراوە کە کۆڵبەری و کارەساتی کۆڵبەرکوژی، لە ئاستی ئێراندا ببێتە پرسێکی ڕۆژەڤ؟**

بەڵێ ئەو بەیاننامەیە بەدەستپێشخەریی ئەمن بوو و چەندین پارێزەری دیکەش ئیمزایان کرد و نموونەی واش هەبووە پێشتر، بەڵام لە داهاتوودا بڕیارە دیسان بەیاننامەیەک دەربکرێ بۆ پشتیوانیکردن لە کۆڵبەران و لە دەرەوەی وڵاتیش لە شاری ئامستێردامی هولەند، ڕۆژی ١٠ی دیسامبر بانگهێشت کراوم بۆ کانوونی پارێزەرانی هولەند و لەسەر دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستان قسە دەکەم و بێگومان تەوەرێک لە قسەکانم باس لە کۆڵبەری کوردە. هەروەها ئەو باسە قەرارە لە پارلمانی ئورووپاش بخرێتە بەرباس و دامنناوە لە شاری لاهەی هولەندیش یەکیەتییەک دابمەزرێنین بۆ پارێزەرانی کورد سەبارەت بە مافی مرۆڤ بۆ کوردستان و پرسی کۆڵبەری. بەو هیوایە لە دەرەوە ئەو کارانە بکەین و لە نێوخۆی وڵاتیش بەرنامەمان هەیە بۆ گرینگیدانی زیاتر بە پرسی کۆڵبەران.

**به لەبەرچاو گرتنی ئەو چالاکییانە کە بڕیارە لە دەرەوە بکرێ، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نێوخۆ، مادام کۆڵبەر کوشتن سەرەتا پرسێکی ئینسانییە، بەڕای بەڕێزت ئەو خەمساردیانە کە باست کرد چ لە نێو نوێنەران و چ ئەوەی کە گوتت نیزیک بە ١٠٠٠ پارێزەری کوردمان هەیە، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا قەدەغەیەکی ئەمنیەتیی لەسەرە؟ یان هەر بۆ خۆیان کەمتەرخەمن؟**

کێشەی ئێمە کەمتەرخەمییە، دەردی ئێمە نەبوونی یەکیەتییە، ئەگەر هەزار پارێزەر داکۆکییان لە کۆڵبەران بکردایە و نوێنەرانی مەجلیسیش ئیعتڕازیان بکردبا، کەی کۆڵبەر کوشتن ئاوا ئاسان دەبوو؟! ئەگەر ئیعتڕاز هەبێ کۆماری ئیسلامی دەوڵەتێکی ترسەنۆکە و کۆڵ ئەدا و تەسلیمی ویستەکانمان دەبێ، بەڕای من سەرەتا کەمتەرخەمیی خۆمان و دوویەم جێبەجێنەکرانی یاسا لە ئێران هۆکاری سەرەکیی بەردەوامیی کوشتنی کۆڵبەرانە.

# ترامپ بۆ گەمارۆ ئابوورییەکان دەبێ هەوڵەکانی چڕتر بکا*


و: کەماڵ حەسەنپوور

ستراتیژیی ئەوپەڕی زەختی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ بۆ سەر ئێران لە ٥ی نۆڤەمبەر بەتەواوی کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەوە سەپاندنەوەی گەمارۆی نەوت و خستنی گەمارۆ بۆ سەر زیاتر لە ٧٠٠ دامەزراوە، تاک، فڕۆکە و پاپۆڕ دەگرێتەوە. بەڵام ئاسەوارەکەی تا ئێستا نەیتوانیوە بگاتە ئاستی ئەوپەڕی زەخت، ئەگەرچی ڕێبازی بەڕێوەبەرایەتییەکە درووستە.

ڕیاڵ، دراوی ئێران، خۆڕاگرییەکی سەیری لەخۆی نیشان داوە. لە ٤ی نۆڤەمبەر نرخی دۆلارێکی ئەمریکایی لە تاران گەیشتە ١٤٩٠٠٠ ڕیاڵ. حەوتوویەک دواتر، لە ١٢ی نۆڤەمبەر، نرخەکەی ٪٧ دابەزی و بوو بە ١٣٨٥٠٠ ڕیاڵ. بێگومان بازاڕی ئاڵوویری بەناو ئازادی دراو لە ئێران لەرزۆکە و، ئامانجی دەستێوەردانی بەهێز لە لایەن بانکی ناوەندییە، بەڵام نرخی ڕیاڵ لەگەڵ نیشانەکانی دیکە گونجاوە.

بازاڕی بوورسی تاران هەمان سەرزیندوویی نیشان داوە. ئیندەکسی گشتیی ٤ی نۆڤەمبەر ١٨٢،٩١٨ بوو. حەوتوویەک دواتر، لە ١٢ی نۆڤەمبەر، گەیشتبووە ١٨٢،٢١١، داکشانێک کە تەنیا ٠،٤ لە سەد بوو. ئەگەر ئیندەکسی بە دۆلار بقەبلێنین لە ڕاستیدا هەڵکشانێکی ٪٧ لە نرخ دەکا.

لە هەمان کاتدا، بازاڕی مامەڵەی نەوت دووهەمین جەژنی فرۆشتنی نەوتی خاوی لەو حەوتووەدا گرت. بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ گەمارۆکانی سەر نەوت، تاران ڕێگا چارەیەکی دیتۆتەوە. ئەو ئێستا نەوت لە بازاڕێکی وزەی نەناسیاودا بە کڕیارەکان دەفرۆشێ کە ناسنامەکانیان نهێنییە. ئەو کڕیارانە، بە نۆبەی خۆیان، نەوتەکە لە بازاڕە نێونەتەوەییەکاندا دەفرۆشن. بەو شێوەیە کڕیاری نەناسراو ٧٠٠٠٠٠ بەرمیل نەوتی خاوی ئێرانیان لە ١١ی نۆڤەمبەر بە ٦٤،٩٧ دۆلار بۆ هەر بەرمیل کڕی. نرخەکە شتێک کەمتر لە ٪٩ لە ژێر ئەو نرخە بوو کە کۆمپانیای دەوڵەتیی نەوتی ئێران دیاریی کردبوو. بەڵام هەرچۆنێک بێ ئەوە سەرکەوتنێک بوو چونکە ئێستا هەموو ئەوانەی کە لە چوار دەورەی دنیا دەیانهەوێ گەمارۆکانی ئەمریکا پێشێل بکەن دەبینن کە ڕێگایەک بۆ دەور لێدانەوەی بەربەستەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان هەیە.

لە وەرسووڕانێکی بەرچاوی دیکەدا، عەرەبستانییەکان ئێستا دەیانهەوێ ڕێژەی هەڵێنجانی نەوت کەم بکەنەوە. ڕیاز پێشدا ئیددیعای کردبوو کە نەوت سەرڕێژی بازاڕ دەکا تا دڵنیا بێ کە ئێران نەتوانێ کەلک لە هەڵکشانی نرخی نەوت بە هۆی کەمبوونی نەوت لە بازاڕ بە هۆی گەمارۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکان وەرگرێ. نرخی گرانتر واتا داهاتی زۆرتر بۆ ئێران لەو نەوتەی کە دەیفرۆشێ.

جگە لەوە، بە دانی ئیزن بە هەشت وڵات، وڵاتە یەکگرتووەکان ڕێژەی هەناردەکردنی نەوتی ئێرانی نەکردۆتە سفر، ئەگەرچی بۆ ماوەی شەش مانگ ڕۆژانە یەک میلیۆن بەرمیل نەوتی لە ڕێژەی نەوتی [ئێران] کەم کردۆتەوە تا پێش بە فڕینی نرخی نەوت بگرێ، کە دەسکەوتێکی سەرنجڕاکێشە. داهاتی ئێران ئێستا لە حیسابەکانی سڕکراودا کۆ دەکرێنەوە کە تەنیا بۆ ئامانجی بازرگانیی مرۆڤدۆستانەی ڕێگەپێدراو کەلکی لێ وەردەگیرێ، کە دەبێتە هۆی زەختی زۆرتر بۆ دەستڕاگەیشتنی ئێران بە پاشەکەوتی دراوی بیانی. بەڵام بۆ بەچۆک داهێنانی هەناردەی نەوتی ئێران و چاودێریی بەسەر پارەی سڕکراو بۆ پێشگرتن بە هەوڵی بەربڵاوی خۆ دەرباز کردن لە گەمارۆکان کە جاری ڕابردوو کرا، زۆر شتی دیکە پێویستن.

سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە پەیوەندی لەگەڵ سویفت، سیستەمی بەربڵاوی گواستنەوەی ئەلەکترۆنیکیی دراو، بە جیا کردنەوەی بانکی ناوەندیی ئێران و چەندی بانکی دیاریکراوی دیکەی ئێرانیی لەو سیستەمە، هەنگاوێکی پێویستی هاویشت کە دەمێک بوو چاوەڕوان دەکرا. بەڕێوەبەرایەتییەکە ئیجازەی بە هەندێک بانکی ئێران دا کە بۆ ئاڵوویری مرۆڤدۆستانە لە نێو سیستەمی سویفت دا بمێننەوە، بەڵام هەر وەک هاوکارەکانم مارک دوبۆویتز و ئانی فیکسلەر باسیان کردووە، بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ هەوڵەکانی دووقات دەکا تا چاودێریی کاناڵە مرۆڤدۆستانەکە بکا. ئێران لە ڕابردوودا کەلکی لە چاوپۆشیی مرۆڤدۆستانەی گەمارۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ دەور لێدانەوەی گەمارۆکان بە شێوەیەکی بەربڵاو وەرگرتووە.

جگە لەوە، وڵاتە یەکگرتووەکان ئیجازەی بە عێراق و ئەفغانستان داوە کە بازرگانی لەگەڵ ئێران بکەن. هەردوو وڵات گیروگرفتی بەرتیلخۆری و نەبوونی شەفافییەتیان هەیە کە ئەوان دەکاتە شوێنی گونجاو بۆ ئۆپەراسیۆنە پێشکەوتووەکانی تاران بۆ دەور لێدانەوەی گەمارۆکان. بە تایبەتی عێراق، بۆتە شوێنی مەزنی گیرسانەوەی کاڵا و خزمەتگوزاریی ئێرانی.

لە کۆتاییدا، ئیجازە بە دەستڕاگەیشتنی هیندوستان بە بەندەری چابەهاری ئێران دراوە. دێهلی بۆ ئەو ئیجازەیە زۆر بە پەرۆش بوو تا ڕێگای زەوی بۆ گەیاندنی کەلوپەل بۆ ئەفغانستان لە جیاتی ئەو ڕێگا جێگرەوە کە دوژمنی لەمێژینەی واتە پاکستان کۆنترۆڵی دەکا، هەبێ. بەڵام واشینگتۆن دەبێ لە مامەڵەکە تێ بگا. ئەو بەندەرە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پەیوەندیی بازرگانیی هیندوستان لەگەڵ ئێران. دێهلی هەر ئێستا یەکێک لە شەریکە بازرگانییە سەرەکییەکانی ئێرانە.

بە گوێرەی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی جان بۆڵتۆن، گەمارۆی زیاتر و چەسپاندنی چڕتر بەڕێوەن. ئەوان زۆر پێویستن. ئاسەواری گەمارۆ تازەکان تا ئێستا لە ئاستێکدا نییە کە بتوانێ ڕەفتاری ڕێژیمی ئێران بگۆڕێ. بۆ دڵنیایی لە ئەوپەڕی زەخت، کەمپەینی گەمارۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستە ڕێژەی هەناردەکردنی نەوتی ئێران لە شەش مانگی داهاتوودا بگەیەنێتە ٥٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژدا. وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ زەخت بخاتە سەر چین، تورکیە و هیندوستان تا ئاستی بازرگانیی خۆیان کەم بکەنەوە، بە تایبەتی کڕینی نەوت. دەستڕاگەیشتنی ئێران بە دارایییە سڕکراوەکان دەبێ تەنیا ئاڵوویرە مرۆڤدۆستانەکان بگرێتەوە، بە چاودێری چڕ تا دڵنیا بین کە کەلکی خراپی لێ وەرناگیرێت.

پاشان، واشینگتۆن دەبێ بەتوندی ڕایەڵەی نایاسایی دارایی و کڕینی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، کانادا، ئورووپا، ئەمریکای لاتین، تورکیە، قەفقاز و کەنداوی فارس بکاتە ئامانج. جگە لەوە، وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستە سامانەکانی ئێران بە گەمارۆ کەم بکاتەوە و بەکرێگیراوەکانی لە ناوچەدا لاواز بکا، بە تایبەتی لە سورییە و لوبنان، چونکە تاران ئەوان وەک پێگەی ستراتیژیک سەیر دەکا.

ئەگەرچی ئابووریی ئێران لە بەرامبەر ئاسەوارە دەستبەجێکانی دوایین گەمارۆکان خۆڕاگریی نیشان داوە، بەڵام تاران وەلەرزە کەوتووە. ئابوورییەکەی هێشتا لە ژێر گوشار دایە و دەستڕاگەیشتوویی بە دراوی وەک دۆلار و یۆرۆ کەمتر دەبێ. لە هەمان کاتدا نارەزایەتیی لەناو خەڵکی ئاسایی ئێران لە پەرەئەستاندن دایە. بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دەرفەتێکی مێژوویی بۆ ناچارکردنی ڕێژیمی مەلایان بۆ گۆڕینی ڕێچکە مەترسیدارەکەیان هەیە، بەڵام ئاکامێکی وەها دەگمەن، هەنگاوی دەگمەن دەخوازێ.

* سەعید قاسم‌نژاد – بیزنس ئینسایدر

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 739  6 december 2018

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org    info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East    MHz 11958
polarization: Vertical -27500  FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647507548621
Tashkilat.kdp92@gmail.com

بەر لە ماڵاوایی


عەلی فەتحی

# مرۆڤ، هزر و بیر و هەست و ئەوین




مرۆڤ چییە کە فەیلسوفەکان بە دەیان هەزار لاپەڕەیان لەبارەیەوە نووسیوە. جەستەیەکی پێکهاتوو لە گۆشت و ئێسقانە و خاوەن ڕووح و هزر و هەناسەیە. خەڵاتی سروشتە کە کاتێک لە بەرامبەر چیایەک دایدەنێین، وردیلەیەکە. چیاش بەو مەزنیە لە بەراورد لەگەڵ گۆی زەویدا، خڕکە بەردێکە. بیچمی زەوی، ئەویش لە هەمبەر کاکێشانی خۆر و ئەستێرەکان نوختەیەکە. ئێستا با بزانین ئەو مرۆڤە کەوا خاوەن هزر و هەست و هەناسەیە، قەیاسی لەبەرامبەر ئاسمانی ئەستێرەکان چەندەیە؟ دەکرێ بڵێم بەقەرا ئەوان گەورەیە. چونکە دەتوانێ بیر بکاتەوە، هەر هەموویان ورد و درشت بخوێنێتەوە و بیاندۆزێتەوە.

هەر ئەو مرۆڤە کە لە بەرامبەر جیهانی کاکێشاندا بچووک و نادیارە، لەبەر ئەوەی خاوەن هزرە، ساحێبی ئەندێشە و بڕیارە. زەینی ئەو نە لەگەڵ دەشت و دەریاکان قەیاس دەکرێ و نە لەگەڵ جیهانی بێسنوور. لە هەمان کاتدا دەتوانێ قورسایی خۆرەکان، ئەژماری ئەستێرەکان، مەودای کاکێشانەکانیش دیاری بکا و بگرێتە بەر ڕێگاکانی سەخت و دوور. مرۆڤ دڵ و هەستی هەیە. لەو دووەش گرینگتر، خۆزگە و خولیای ئەو بوونەوەرەیە. کاتێک برسی دەبێ، نان دەخولقێنێ، وەختێک تینوو دەبێ ئاو هەڵدێنجێ، خاوەنی هەڵسەنگاندنە، لەبەرامبەر ناهەقیدا سەر هەڵدەبڕێ و ساحێبی لێکدانەوەیە. ئەگەر وەکوو زانایەک ڕووناکی دەدۆزێتەوە، ئەگەر وەکوو پزیشکێک ئازارەکان چارەسەر دەکا، هاوتەریبیش دەتوانێ لە پێناو ڕزگارکردنی نەک سەدان، بگرە هەزاران ئینسانی دیکەدا گیانی خۆی بەخت بکا. دە فەرموون بەسەرهاتی قارەمانەکان بخوێننەوە. با بزانین ئەوە کام هێزە کە ئەوان هان دەدا هەستی قارەمانەتییان ببزوێ و تا سنووری گیانبەختکردن پێشڕەو بن؟ پارە، مادییات، بەرژەوەندییە سووک و بچووکەکان، یا نەخێر مرۆڤایەتی؟ لە وەڵامی هەمووی ئەو پرسیارانەدا دەبێ بڵێم: ڕووحی نەمرییە و خۆشەویستی.

کورد وەکوو گەلێکی چەوساوە، هەرچەند لە پێشکەوتن و مافداری بێبەش کراوە، بەڵام خاوەنی هەزاران لەو مرۆڤانەیە کە بۆ دابینکردنی مافی ئینسانی بە شێوازی جۆراوجۆر لە شەڕگەیە. ڕۆژئەژمێری کورد بە ڕۆژە خوێناوییەکانی، بە ژمارەی شەهیدەکانی، بەهێزترین بەڵگەیە.

با بڕوانینە ١٧ی خەرمانان. ئەو ڕۆژەی کە قەڵای دێموکرات لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە مووشەکباران دەکرێ و دەیان شەهید و برینداری لێ دەکەوێتەوە. با بزانین ئەو مرۆڤانەی بە ئاگری ساروخەکان گیانیان لێئەستێندرا کێ بوون؟ بەڵێ ئەوان پۆلێک کۆتری ئاشتی بوون، کە لە پێناو دەستەبەرکردنی ئازادی، ئینسانییەت و حورمەت و کەرامەت بۆ مرۆڤە چەوساوە و هەژارەکاندا تەواوی تەمەنی خۆیان بەخشیبوو. پۆلێک پەڕەسلێرکەی دوورکەوتوو لە زێدی خۆیان، ئەو زێدەی کە چاوەڕوانی بەهارێکی خاوەن سەربەستی بوو. ئەوانە ئیرادەیان لە خزمەتی هزر و باوەڕیاندا ئەوەندە بەهێز بوو کە هیچ بەختەوەرییەکی ڕۆژئاوایی نەیتوانی بە ئاگری تاراوگەیی بیانسووتێنێ. ئەگەر نا تاراوگەی ڕۆژئاوا باخچەیەکی بەربەرین بوو بۆ نەسرینەکان، ئاسمانەکەشی ماڵێکی فەرەح بوو بۆ سوهەیلاکان. بەڵام، یەکیان ئاسمانی کوردستانی بە هیچ ئاسمانێک نەگۆڕییەوە و ویستی میوانی سیوەیلەکان بێ، دووهەمیشیان مێرگوزاری ئەوێی نەویست، چونکە ویستی هاوڕێی نەسرین و وەنەوشەکانی زێدی خۆی بێ. بۆیە دیسان دەگەڕێمەوە سەر هێزی باوەڕ. باوەڕی حەسەنپوور و نەسرین، سۆزی سوهەیلای مەنسوور بۆ نیشتمان، ورەی هاشم و هاوڕێ و برایم و ڕەحمان، لەخۆبووردەیی کەریم و مەنسوور و یاسر و فاروق وێڕای مام شێرکۆ و عوسمان، لەگەڵ ئاواتخوازیی موختار و جەماڵی جوانەمەرگی جوان، هەرهەموویان کۆمەڵێک مرۆڤ بوون کە بۆخاتری خۆزگەکانیان هیچ ئەستێرەیەکیان نەکوشت و لە کاکیشانی بێسنووری سەرووەریدا بەدوای ئازادیی بستێک خاکدا حەوداڵ بوون. ئەوان خاوەن هزر و ئەندێشە و هەست بوون، بۆیە توانییان ڕاپەڕن. ئەو سەرهەڵدانەی ئەوان دەستیان پێکرد، ئەمڕۆ وەکوو دارستانێکە کە ڕیشەی لە ڕەوەزە سەختەکان تێپەڕیوە و بە ئاوی ژێر خاکی کوردستان پاراو دەبێ. ئەوان ئەگەر سەریان هەڵپەرتێوراوە، ڕەگیان لەنێو دڵی خاکی ڕۆژهەڵاتدا داکوتاوە و چاوەڕوانی بەهاری دوای نەهامەتییەکانن. بەڵێ ئەوانە کۆمەڵێک مرۆڤی خاوەن هزر و ڕووحی نەمری و ئەندێشەکانن. ئەوانە قارەمانانی بیرکردنەوە بوون و هیمای هێز و بڕیارەکانن. ئەوانە ئینسانن.

**سێرەتان لە سەرمان گرت**
**ویستتان باوەڕەکان بکوژن**
**سێرەتان لە دڵمان گرت**
**ویستتان هەستەکان بکوژن**
**نەتانزانی ڕۆژهەڵاتم خۆی**
**ئەمڕۆ یەکپارچە قەڵایە**
**سەر و دڵ و هەست و باوەڕیش**
**هەمووی لە باوەشی ئەو دایە...**

# کۆڕێکی دیکەی خاتوونەکانی وشە و کتێبی بۆکان



«خاتوونەکانی وشە و کتێبی بۆکان» لە درێژەی زنجیرە چالاکییەکانی خۆیاندا، کە بۆ خوێندنەوەی بەرهەمە ناسراوەکانی ئەدەبیاتی گەلانی جیهان تەرخان کراوە، ڕۆمانی «هەزار خۆری درەوشاوە»ی خالید حوسێنیی، نوسەری ئامریکایی بە ڕەچەڵەک ئەفغانییان خستە بەر تیشکی سەرنج و تێڕامان و، لایەنە جوداکانی ئەو بەرهەمە ئەدەبییەیان شی کردەوە.

ئەم کۆبوونەوەیە لە سێ پەنێلدا گیرا و سێ باسی تێدا پێشکێش کرا کە بریتی بوون لە «کاریگەریی توندوتیژیی بنەماڵەیی لە سەر ناکاراکردنی ڕۆڵی ژنانە لە ڕۆمانی هەزار خۆری درەوشاوەدا»، «کێشە و کەڵکەڵەی ژنانە لە ڕۆمانی هەزار خۆری درەوشاوەدا» و «شوناس لە هونەری ڕۆماندا، بە پێی ڕەنگدانەوەی لە ڕۆمانی هەزار خۆری درەوشاوەدا».

ئەم باسانە لەلایەن نیشتمان ئەبووبەکری، بەیان ئیسماعیلنژاد، پەروین شیخی، لەیلا نوورانی، خانمی حوسێنی، ژیلا ئیسلامی، فەوزیە سوڵتانبەگی، لەیلا ساڵحی و هاجەر هووشیار پێشکێش کران. بەشی کۆتایی ئەو کۆبوونەوەیە وەک باقی کۆبوونەوەکانی «خاتوونەکانی وشە و کتێبی بۆکان»، تەرخان کرابوو بە بەخشینی سەدان بەرگ کتێب لە لایەن خاتوونە کتێب خوێنەکانەوە بە کتێبخانەی ئاواییەکانی سیمینە و داشبەند.

# کۆتایی پازدەیەمین خولی فستیڤاڵی شانۆی کوردیی سەقز



ڕۆژی یەکشەممە، ١١ی سەرماوەز پازدەیەمین خولی فستیڤاڵی شانۆی کوردیی سەقز پاش سێ ڕۆژ کۆتایی پێهات. لەو خولە لە فستیڤاڵدا دەیان شانۆی کوردی نواندران و چوار لەوان بۆ فستیڤاڵی نێونەتەوەیی فەجری تاران دەستنیشان کران.

تایبەتمەندیی پانزدەیەمین خولی شانۆی کوردیی سەقز، نواندنی شانۆی»کۆڵبەران» لە نووسینی دوکتور قوتبەدین سادقی و وەرگێڕانی مریەم قازی بوو، کە سەرنجێکی هونەرمەندانەیە بۆ سەر پرسی کۆڵبەرانی کورد.

لە پازدەیەمین خولی فستیڤاڵی شانۆی کوردیی سەقزدا و، لە ماوەی سێ ڕۆژدا ٣٨ شانۆی نێوخۆیی و ١٤ شانۆ لە باشووری کوردستان پێشان دران و لە پەروایزی فستیڤاڵەکەشدا کۆمەڵێک کار و چالاکیی هونەری و پانێلی زانستی لەبارەی شانۆ بە گشتی و شانۆی کوردی بەتایبەتی و هونەری دەرهێنەری بەڕێوەچوون.

# کۆڕیادی هونەرمەند سمکۆ پاکزاد لە مەهاباد



لە مەهاباد و لە کۆڕیادێکدا یاد و بیرەوەریی هونەرمەندی وێنەکێش، وێژەر، پسپۆڕ و لێکۆلەری زمان و فەرهەنگ و فۆلکلۆری کوردی، خوالێخۆشبوو «سمکۆ پاکزاد» بەڕێوە چوو.

لە بەشێک لەم کۆڕیادەدا دایکی کاک سمکۆ پاکزاد بە خوێندنی لاییەک سەرنجی ئامادەبووانی ڕاکێشا.



هەروەها دکتور مێهری پاکزاد، عەلی ئازیز، شەرەفخان پاکزاد و دکتور نادر کەریمیان سەردەشتی لەسەر کەسایەتی و کاروباری هونەری و ئەدەبیی هونەرمەندی کۆچکردوو وتاریان پێشکێش کرد و، مستەفا شێرزاد، سەلاح قاسمی، گوڵاڵە ستاوەند و دەستەیەک لە منداڵان کە شاگری سمکۆ پاکزاد بوون، کارە هونەرییەکانی خۆیان پێشکێش بە بنەماڵەکەی کرد.

لە بڕگەکانی دیکەی کۆڕەکەدا ناتق مەجیدی، محەممەد فەهیمی، عەبدوڕەحمان شەکوور، حاتەم مەرزەنگ، سەید سمایل شاهۆیی، لەیلا بەهرامبەیگی، جەلال زەینالی، نەرمین ئیبراهیمئازەر، موحیب مەهابادی، شادی پاکزاد، ئەسعەد قادری، ئازاد مەحموودی، سۆزین ئارمەند، مریەم یەتیمی و کەریم دافعی بە خوێندنەوەی شێعر هەست و سۆزی خۆیان لە هەمبەر لە دەستدانی ئەم هونەرمەندە دەربڕی.

لە دوابڕگەی کۆڕیادەکەدا ئەیووب نەوبەخت وێڕای سیاوەش مورادی، فەریوەر ئەحمەدی و محەممەد ساڵح ئەحمەدی چەند پارچە موسیقییان پێشکەش بە بەشداران کرد.

# چەند چالاکییەکی ژنان لە سنە بەبۆنەی ٢٥ی نوامبر



٢٥ی نوامبر، ڕۆژی جیهانیی بەربەرەکانی لەگەڵ توندوتیژیی دژی ژنان بووە دەرفەتێک بۆ چەند چالاکیی کچان و ژنان لە سنە. لەو پێوەندییەدا ژمارەیەک لە کچانی هونەرمەندی ئەم شارە پێشانگایەکیان بە ناوی «هاوار» کردەوە کە بابەتی توندوتیژی دژی ژنانی تێدا بەرجەستە کرابوو. ئەم چالاکییە لەلایەن گرووپی هونەرمەندانی «کیژان فۆتو» کرا و ئەم کیژە هونەرمەندانە بە کێشانەوەی وێنەی توندوتیژی دژی ژنان نارەزایەتیی خۆیان لەمەڕ بەردەوامیی ئەم دیاردەیە دەربڕی.

هەر لەم پەیوەندییەدا کۆمیتەی ژنانی دامەزراوەی زاگرۆس لە هەڵمەتێکی وشیارکردنەوەدا دەستیان بە بڵاوکردنەوەی برۆشووری تایبەت بە پرسی مافی ژنان و توندوتیژی دژی ژنان لەنێو خەڵکی شاری سنەدا کرد. ئەو چالاکییە لە پارکی منداڵی ئەو شارە هەتا گوێزەکوێر کرا و بەشداران بە بڵاوکردنەوەی برۆشووری تایبەت و قسەکردن لەگەڵ خەڵکدا، دژ بە توندوتیژی وەستانەوە.

# پاییزە شێعری بنکەی «ڕووناک» لە پیرانشار



بنکەی ئەدەبی، فەرهەنگی و ئەدەبیی ڕووناک ڕۆژی هەینی، ٩ی سەرماوەز شەوە شێعرێکی بۆ شاعیران و هۆگرانی شێعر و ئەدەبی کوردی پێک هێنا. لەم کۆڕە شێعرەدا ٣٣ شاعیر لە شارەکانی سەردەشت، بانە، مەهاباد، بۆکان سەقز، نەغەدە و شنۆ بە خوێندنەوەی زیاتر لە ٥٠ شێعر، ئەم شەوەیان بەڕێ کرد و کات و ساتێکی خۆشیان بە ئەویندارانی شێعر و ئەدەبی کوردی بەخشی.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا، وێڕای خوێندەوەی ژیاننامە و کارنامەی هونەریی خالید ئەویندار، مامۆستای شاعیر و دڵسۆزی شاری پیرانشار، لەلایەن بنکەی «ڕووناک»ەوە خەڵاتی سپاس و پێزانینیان پێ بەخشرا. هەروەها تەها ڕەسوڵیانپوور هونەرمەندی دەنگخۆشی پیرانشار بە پێشکەشکردنی چەند حەیران و مەقام و ئاواز، کۆڕەکەی زیاتر ڕازاندەوە.